# هونەر لە ڕواندزی

# هونەر لە ڕواندزێ

کورتە باسێکی مێژووی هونەر و کرۆنۆلۆژیای چالاکییە هونەرییەکانە لە ڕواندزێ، لە کۆنەوە تاکو ڕاپەڕینی بەهاری (1991).

**ئەم بەرهەمەم پێشکێش بێت بە:**

- گیانی پاکی (شێخ سلێمان)ی مامم، کە هەمیشە هاندەرم بووە، بۆ بەردەوامیم لە خزمەتی هونەردا.
- بەو کەسانەی، کەوا لە ڕێی هونەری ڕەسەنەوە خزمەتی کورد و کوردستان دەکەن.

**بەرایی:**

## هونەر تاکە مێژووی ڕاستگۆی مرۆڤە

لەم نووسینەمدا مەبەستم هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی شاراوە و گرنگی مێژووی شاری ڕواندزە، بەتایبەتی لەڕووی بزاڤی هونەری بە هەموو بوارەکانیەوە، چونکە بەداخەوە تاکو ئێستا لایەنە نهێنیەکانی مێژووی ئەم دەڤەرە لەلایەن هیچ کەسێکەوە بەشێوەیەکی زانستیانەی دوور لە سۆز و بێلایەنی دیاری نەکراوە. منیش وەکو ڕۆڵەیەکی ئەم شارە ئەوەی لە توانامدا هەبووە، هەوڵمداوە بە بەڵگەی ڕاست بیسەلمێنم. هەرچەندە من ئەو مافە بە خۆم نادەم، کەوا بڵێم لە بواری مێژوودا شارەزاییەکی ئەوتۆم هەیە، بەڵام بەهەر شێوەیەك بێت لەملاولەولا زانیاریی مێژووییم کۆکردۆتەوە، ئەوەش هەر لە خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ شارەکەم بووە وای لێکردووم پێنووس بگرمە دەست و هەر زانیارییەکم لەبارەی شارەکەمەوە دەستکەوتبێت لێرەدا بینووسمەوە و بیخەمەڕوو، بە تایبەتی لە بواری هونەریدا، چونکە من دەمێکە لەو بوارەدا کاردەکەم و زیاتر شارەزاییم لە بواری هونەردا هەیە. داخەکەم نەوەکانی بەر لە ئێمە کە زۆر لە ڕووداوەکانەوە نێزیك بوون، هیچ شتێکیان لەوبارەوە نەنووسیوەتەوە. ئەم بەرهەمەی بەردەستی ئێوەش توێژینەوە و لێکۆڵینەوە نییە لەبارەی لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی شاری ڕواندز، بەڵکو تەنیا کرنۆلۆژیایە، کە بزاڤە هونەرییەکان و مێژووی ڕوودان و شوێنەکەی و کەسانی ئەنجامدەر دەستنیشان دەکات، تاکو شارەکەی ئێمەش لە کاروانی شارستانیەت دانەبڕێت و مێژووە پڕشنگدارەکەی لەڕووی کولتووری و ڕۆشنبیری بۆ نەوەکانی داهاتوومان ئاشکرا بکرێت.

مێژووی بزاڤی هونەری هەر میللەتێك و هەر شارێك، دەرخستنی لایەنە شاراوە و نادیارەکانی کۆمەڵگان و چەندان بابەتمان لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و ... تد بۆ ڕووندەکاتەوە، چونکە ئاوێنەی ڕاستەقینەیە کە دیوە شاراوەکانی هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیمان پیشاندەدات. هەر لەم ڕووەشەوە دەتوانین بڵێین، لەدوای ئەوەی میرنشینی سۆران ڕووخێنرا، کە ئەو سەردەم لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە پەرەی سەندبوو و لەوپەڕی بەهێزیدا

بوو، لە ڕێگەی بزاڤی هونەرییەوە توانرا ناو و ناوبانگی شاری ڕواندز بگەیەنرێتە سەرتاسەری کوردستان و عێراق و هەندەران، وەکو شارێکی هونەری ناسراو ناوبانگی دەرکرد.

لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، هەر بە مەبەستی نووسینەوەی ئەم کرنۆلۆژیایە، چەندان دیکۆمێنت و وێنە و زانیاری و بەسەرهاتە مێژووییەکانم کۆکردبوونەوە، بەڵام داخەکەم لەگەڵ کارەساتی ساڵی (1974)دا، لە (گەلاڵە) هەموویان لەگەڵ کتێبخانەکەم سووتان و لەناوچوون، کە تاکە سەرمایەم بوو لە ژیاندا! سەرەڕای ئەوەش کۆڵم نەدا و دووبارە دەستم بە کۆکردنەوەی وێنەی بەڵگەنامە و زانیاری کردەوە، لەو کەسانەم دەپرسی کە شارەزاییان لەم بوارەدا هەبووە و ئاگایان لە ڕووداوەکان بووە، ئاکامەکەی ئەم چەند زانیاریە مێژووییانەی بەردەستی ئێوەی بەڕێزی لێکەوتەوە.

بێگومان ئەمەش لە ئەنجامی ماندووبوون و کۆششی بێوچان و شەونخوونی و گەڕان بەدوای ڕاستییەکان و پرسیارکردن بووە. لێرەدا ئەو ڕاستیە مێژووییانەی کەوا ڕەنجی چەندان ساڵەمە دەیخەمە بەردەستی ئێوەی هێژا و خۆشەویست و هیوادارم بەم چەند لاپەڕەیە توانیبێتم خزمەتێکم پێشکێش بە کاروانی هونەری و ڕۆشنبیریی وڵاتەکەم و شارە خۆشەویستەکەم کردبێت و ڕووی گەش و شارستانیەتی کۆمەڵگای دەڤەرەکەم دیارکردبێت لە خزمەتی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بە گشتی و میللەتی کورد بەتایبەتی.

دیارە هیچ هەوڵ و کۆششێك بێ کەموکورتی نابێت، بەتایبەت باسێکی ئاوا بەبێ بەڵگە و زانیاریی پێویست و لەناوچوونی بەشێکی زۆری دیکۆمێنت، بەهۆی سووتان و وێرانبوون و خاپووربوونی چەندان جارەی شاری ڕواندز و ئاوارەبوون و پەرتەوازەبوونی چەندان جارەی دانیشتوانەکەی. لێکۆڵینەوەیەك یان سەروسەربردەیەوکی ئاوا بەبێ سەرچاوە و بەڵگەنامە، وا سوك و ئاسان نییە و بێگومان بێ کەموکورتیش نابێت. ئومێدەوارم خوێنەرانی بەڕێز لە ئاست هەر کەموکورتییەك و بەهەڵەداچوونێکدا بمبوورن و تکا لەو بەڕێزانەش دەکەم، کە زانیارییان لەلایە و پەیوەندی بە باسەکەمەوە هەیە، یارمەتیم بدەن تا بتوانم هەڵەکانم ڕاست بکەمەوە و باسەکەم دەوڵەمەندتر بکەم.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم ئەوپەڕی ڕێز و سوپاسی خۆم پێشکێش بەو بەڕێزانە بکەم، کە لە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەدا بە وێنە و دیکۆمێنت، یان بە نامەنووسین یارمەتییان داوم:

1- بەڕێز (شێخ سلێمان مستەفا)، مامی بەڕێز و خۆشەویستم، کەوا هەردەم هاندەرم بووە بۆ بەردەوام بوونم لە بزاڤی هونەریدا.

2- بەڕێز (سەبری نەجیب نەورۆز)، کە بە نامەیەکی تایبەتی باسەکەی دەوڵەمەند کردم.

3- مامۆستا (سابیر عەبدوڵڵا جەڕڕاح)، کە بە نامە چەند زانیارییەکی لەم بارەیەوە بۆ نووسیم.

4- بەڕێز (محەمەد حەسەن مەنگوڕی) لە دیدارێکدا چەند زانیارییەکی پێدام.

5- بەڕێز (فەرهاد محەمەد مستەفا) لە دیدارێکدا چەند زانیارییەکی پێدام.

6- مامۆستا (کوردۆ غەفور کوردە)، کە بە نامە چەند زانیارییەکی بۆ نووسیم.

7- بەڕێز (حەسەن ڕەمەزان)، کە بە نامەیەکی تایبەتی چەند زانیارییەکی بۆ نووسیم.

8- مامۆستا (عوسمان مستەفا سەعید).

9- مامۆستا (نەرمین سەبری نەجیب)، کە نامەکەی باوکی بەڕێزی بۆ نووسیمەوە.

10- خوالێخۆشبوو مام (ساڵح حاجی نەورۆز).

11- بەڕێز (مەسعود مەلا خالید)، کە دەستنووسەکەی پێدام لەسەر جوولانەوەی شانۆ لە ڕواندز.

12- بەڕێز (عەلی عەبدوڵڵا) ناسراو بە (عەلی مەکتەبە)، کە وەڵامی چەند پرسیارێکی دامەوە و چەندان وێنەی پێشکێش کردم.

13- هونەرمەندی خۆشەویست کاکە (تەیب موعتەسم عەزیز)، کە وێنەکانی ڕێکخستن و دیزاینی بەرگەکەی کرد.

14- بەڕێز (سیروان مەحمود)، کە هێڵکاریی ناوەوەی لە ئەستۆ گرت.

15- (دادیار ئازاد)، کە ئەرکی نووسینەوەی کتێبەکەمی گرتە ئەستۆ.

هەروەها سوپاس و ڕێز بۆ هەموو ئەو خوشك و برا بەڕێزانە و قوتابیە خۆشەویستانەم، کە هاوکارییان کردووم.

**بەندی یەکەم:**

بۆ باشتر ڕوونکردنەوە و پەردە هەڵماڵین لەسەر لایەنە شاراوە و نادیارەکانی ئەم بابەتە، وام بەچاك زانی کەوا قۆناغ بە قۆناغ بابەتەکان باس بکەم، بەڵکو زۆرتر لە قۆناغە مێژووییەکانی شاری ڕواندز و ڕۆڵوبەری شارەزابین.

## 1- قۆناغی سەرەتایی (سەدەکانی پێش زایین):

ناوچەی (ڕواندز) هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ژیانی مرۆڤایەتییەوە مەڵبەندی نیشتەجێی مرۆڤ بووە. لەدوای پشکنینی ئەشکەوتەکانی شاخەکانی ڕواندز لەلایەن زانایانی ئەرکەلۆژی (شوێنەوارناسی) بە تایبەتی پرۆفیسۆر (رالف شۆلکی) لە ساڵی (1953ز)، ئەوەی سەلماند، کەوا (70000) یان (50000) ساڵ بەر لە ئێستا لەم ناوچانە مرۆڤ ژیاوە، بە تایبەتی لە ئەشکەوتەکانی (بێخاڵ) و (هاودیان) و (شانەدەر). پاشماوەی مرۆڤی (نیاندارتال) کە ئێسك و پروسکی لە ئەشکەوتی (شانەدەر) دۆزرایەوە، ڕاستی ئەم بۆچوونەمان دەسەلمێنن.

هونەرمەندی گەورەی کورد پرۆفیسۆر (د.محەمەد عارف) وتوویەتی: "هەوڵدانی مرۆڤی کۆن لە بواری هونەردا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە لە چاخی بەردینی کۆندا مرۆڤی تێدا ژیاوە، کە (10) هەزار ساڵ پێش ئێستا و بگرە زیاتریشە. ئەویش لەناو ئەشکەوتەکاندا کە کاری ڕاو و شکاری دەکرد و ژیانی لەسەر گۆشتی نێچیرەکان بوو. مرۆڤی کۆن هەموو هەڵچوون و هەست و نەستی خۆی لە ئەنجامی ململانێی توندوتیژی لەگەڵ دڕندە و سروشتدا بەهۆی ئەو نیگارانە دەردەبڕی، کە لەسەر دیوار و بنمیچەی ئەشکەوتەکاندا هەڵیدەکەند، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت، کەوا مرۆڤ هەر لە سروشتەوە پێوەندی توندی لەگەڵ هونەردا هەبووە و سەرەڕای ئەو ژیانە سەخت و قورسەی، زۆر بە چاکی هەست و نەستی خۆی دەربڕیوە".

بەڵام تاکو ئێستا لە ئەشکەوتەکانی شاری ڕواندز هیچ شوێنەواری وێنە و نیگاری هەڵکەنراو لەسەر دیوارەکانیدا بەدی ناکرێت! ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەوا مرۆڤەکانی کۆنی ناوچەکەمان کەلوپەلی هونەرییان نەکردبێت، بەڵکو لە کەلوپەلە دۆزراوەکان بەردی داتاشراو و کەلوپەلی لە بەرد دروستکراو بۆ ڕاو و شکار و بەرگری لەخۆکردن بوونە. لە بواری هونەری مۆسیقاشدا هیچ بەڵگە یان وێنە و کۆڵین لەبەردەستدا نییە، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤی ئەو ڕۆژگارانە، وەکو مۆسیقایەکی سەرەتایی لاسایی دەنگی مەل و خوڕەی ئاو و دیاردە

سروشتییەکانیان کردۆتەوە. مرۆڤە کۆنەکانی دەڤەری ئێرەش هەر بەهەمان شێوە ئەو جۆرە مۆسیقا ساکارانەیان بەکارهێناوە. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە مرۆڤانی ئەو ڕۆژگارە هەر خەریکی بژێوی خۆیان و خۆپاراستن بوونە لە دڕندە و بەرگریکردن لەمانەوەی خۆیان، ماوەی ئەوەیان نەبووە بیر لە مۆسیقا و کاتی ڕابواردن بکەنەوە، مەگەر تەنیا لە کاتی تەنیایی و بێکاری و ڕەواندنەوەی ترسدا نەبێت.

## 2- قۆناغی دوای نیشتەجێبوون:

کاتێك مرۆڤ بە ڕێککەوت ئاگری دۆزیەوە و بەرەبەرە سوودی ئاگری بۆ ئاشکرا بوو، بەتایبەتی لە وەرزە ساردەکان و هەروەها ڕەواندنەوەی ئاژەڵە دڕندەکان، مرۆڤی کۆن کەوتەخۆی و شوێنی حەوانەوەی بۆخۆی دروستکرد، لەو هەلومەرجەدا هەلی بۆ ڕەخسا تاکو بیر لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ژیانی ڕۆژانەی بکاتەوە، ئەویش بەخەریکبوون بە هەندێك کاری لاوەکی وەکو چەپڵەلێدان و بەرد بەیەکدادان وماڵینی دار بە شاخ و دارەکاندا، کە جۆرە ڕیتمێکی لێ پەیدادەبوو و لەم بزاڤە خۆشییەکی لێ وەردەگرت و هەر لە ئەنجامی ئەم کارەشدا زۆرجار جۆرە دەنگێکی لێوەدەهات، کە دەتوانین بڵێین سەرەتای گۆرانی گوتن بووە، سەرەڕای ئەمەش لەکاتی مردنی یەکێك لە کەسە نێزیکەکانیان بە لاواندنەوە و کڕووزانەوە هەستی خۆیان بەرامبەر بە کارەساتەکە دەردەبڕی.

هەر لەم ڕۆژگارەدا مرۆڤ بایەخێکی زۆری بە هونەری بیناسازی داوە و لەم ڕووەوە بە چەند شێوازێك خانووبەرەی دەڕازاندەوە و هەموو عەقڵ و هەستی هونەری خۆی لەم بوارەدا بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردبوو.

## 3- قۆناغی مادەکان و ئۆراتۆییەکان:

لەم سەردەمەدا و ڕۆژگاری پەیدابوونی دەوڵەتی مادەکان خاکی کوردستان بەشی هەرە زۆری لەژێر دەسەڵاتی ئۆراتۆیەکان دابوو، بەتایبەتی ناوچەی هەکاری و گۆلی وان، تا دەگاتە ناوچەی ورمێ. ناوچەی ڕواندزیش هەر لەژێر قەلەمڕەوی ئۆراتۆییەکاندا بووە. ئەوجا خاکی کوردستانیش هەمیشە جێگەی ململانێی ئاشورییەکان و مادەکان و ئۆراتۆییەکان بووە. ناوچەی

ڕواندزیش بەهۆی ئەو هێرش و پەلامارانە زۆرجار وێران و خاپوور کراوە، ئەوەی پێوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە، دەسەڵاتی (ئۆراتۆ)یەکانە بەسەر ناوچەی ڕواندز.

لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین، واتە لە ساڵی (793پ.ز)دا، ئۆراتۆیەکان ئیمپراتۆرێکیان دامەزراند لە گۆلی وانەوە تاکو دەگاتە ورمێ و ناوچەی ڕواندز و برادۆستیش بەشێك بووینە لەم ئیمپراتۆریەتە، بەتایبەتی ناوچەی (مجێسەر)، کە پەرستگایەکی گەورەی لێبووە و خوداوەندی ئۆراتۆیەکان بە ناوی (خەلدی) لەم پەرستگایە بووە، بۆیە هەموو ناوچەکە لای ئەم نەتەوەیە زۆر پیرۆز بووە، بۆیە لەسەردەمی پاشا (ئۆرژانا) لەسەر گردێکی بەرزی نێوان ڕواندزی ئێستا و گوندی ئاکۆیان قەلآیەکیان دروستکرد و لە ڕۆژئاوای ئەم قەلآیەش شارێکیان دروستکرد، کە دەتوانین بڵێین ئەمە بەردی بناغەی شاری ڕواندز بووە، ئەم شارەش زۆر فراوان بوو، تاکو گەیشتە بێشۆران و پشتی گەڕەکی کانیەقوڕ، ئەم قەلآیەش ناوی قەلآتێ (شۆشێ)یە، کە تاکو ئێستاش لە ڕۆژئاوای ئەم قەلآیە و گوندی کەڕەك و بێشۆران پاشماوەی خانووبەرەی ڕووخاوی لێیە.



بەردێکی داتاشراو بۆ ژێر کۆڵەکەی کۆشك، دەگەڕێتەوە بۆ (793 پ.ز).

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە لە (بێشۆران) دوو بەردی گەورە دۆزراونەتەوە، کە زۆر جوان تاشراو و لووس کراونەتەوە و یەکێکیان لەوەی دیکەیان گەورەترە و کونێکی چوارگۆشەی لە ناوەندا

هەیە، کە لایەکانی نێزیکەی (15سم) دەبێت و چاڵیەکەی دەگاتە (20سم) بۆ کۆڵەگەی کۆشك و تەلار دروستکراون و زۆر وەستایانە و بە شێوەیەکی هونەری تاشراون و لە هیچ لایەکەوە زبریی تێدانییە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کەوا دانیشتوانی ئەم شارە دەستێکی هونەری زۆر



بەردێکی داتاشراو بۆ ژێر کۆڵەگەی کۆشك، دەگەڕێتەوە بۆ (793 پ.ز).

باشیان لە ڕووی بیناسازییەوە هەبووە، بەتایبەتی لە دروستکردنی قەلاٚ و سەنگەر و ڕاکێشانی جۆگەلەی ئاو، کە لە گەلی (مێگر) جۆگەلەیەکیان لە قەدی شاخەوە دروستکردووە و ئاویان پێهێناوەتە ناو شار، هەروەها پیاوە بە تەمەنەکانی ناوچەکە وا دەگێڕنەوە، کەوا پاشای (قەلاٚتیٚ شۆشیٚ) بەنداوێکی لە بەردەمی (خەرەند) دروستکردبوو، ئاوی ڕووبارەکە لەو دەڤەرەدا پەنگی دەخواردەوە و ببوو بە گۆلێکی گەورە و ئێواران پاشا و دارودەستەکەی و خێزانەکەی بە بەلەم گەشت و سەیرانیان دەکرد. هەروەها لە ساڵی (714 پ.ز)دا، (ماننییەکان) دەسەلاٚتیان بەسەر بەشێك لە کوردستاندا هەبووە، بەتایبەتی ناوچەی (زێویٚ)ی ڕۆژهەلاٚتی کوردستان و ناوچەی ڕواندز. (ماننییەکان) لە بواری هونەری دروستکردنی خشلٚ و وردەکاری زۆر چالاك و هونەرمەند بووینە، لەم بارەیەوە زۆر کەلوپەلی خشلٚ و جوانکاری لە (زێویٚ) دۆزراونەتەوە، من لەو باوەڕەدام ئەگەر بێت و کنە و پشکنین و بەدواداگەڕان لە ناوچەی ئێمەدا بکرێت، لەوانەیە شتی زۆر بەنرخ بدۆزرێتەوە، بە تایبەتی لە گۆڕستانە کۆنەکاندا. بەپێی ئەو زانیاریەی پێمگەیشتووە، دەلێن چەند ساڵێك لەمەوبەر لە کۆنە گۆڕستانێکی گوندی (سەران)، کە دەکەوێتە نێوان چیای (هەندرێن) و (کارۆخ) زۆر کەلوپەل و شتومەك دۆزراونەتەوە، کە بایەخێکی مێژوویی زۆریان هەبووە، بەلاٚم جێگەی داخە هەمووی لەلای هاولاٚتییانی ناوچەکە پەرت و بلاٚو و شوێنبزر کراون،

ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات، کەوا دانیشتوانی ناوچەکەمان دەستێکی بالآیان لە هونەری دروستکردنی ئەمجۆرە کەلوپەلانەدا هەبووە و بەشێوەیەکی هونەری ڕازاندوویانەتەوە. بیٚ گومان من لەو باوەڕەدام چ لە سایەی ئۆراتۆیەکان یان ماننییەکاندا بێت، لایەنی گۆرانی و مۆسیقاش فەرامۆش نەکراوە، بەتایبەتی لە دەرباری شا و لە بۆنە ئایینییەکان و لە کاتی سەرکەوتنی بەسەر دوژمن، یان گۆرانی کار و لاواندنەوەی مردووەکان و نزا و پاڕانەوە لە خوداوەنەکانیاندا، هەروەها لاوکبێژ و حەیرانبێژ و گۆیندەی دەنگخۆش هەبووە و شوانەکانیش لەسەر لووتکەی شاخە بەرزەکان و لەناو مێرگ و لەوەڕگای سەوز بەدەنگی شمشاڵەکانیان و ئاوازی دلڕفێن مێگەلەکانیان حەواندۆتەوە و بێریە شۆخ و شەنگە نازدارەکانیان وە جۆش‌و خرۆش خستووە. لەسەردەمی (مادەکان) دەسەلآتیان بەسەر بەشی هەرە زۆری کوردستاندا هەبووە و ئایینی (زەرتوشت)یش هەر لە ڕۆژگاری ئەواندا بلآوبۆتەوە، ئەم ئایینەش هەر لە سەرەتاوە سرووتەکانی (گاتا)یان بە هاوکاری ئامێری تەمبور گوتووە. بێگومان ئەوە کاری کردە سەر دەڤەری ئێمەش، چونکە باوەڕیان بەم ئایینە هێنا، بەتایبەتی لەسەردەمی ساسانیەکاندا، کە ئەم ئایینە نوێیە بوو بە ئایینی فەرمی دەوڵەت. بۆیە دەتوانین بڵێین، کە ئەم ئایینە نوێیە کارێکی وای کرد لە هەموو ئاتەشگەدە و پەرستگایەکدا کۆڕی تەمبورژەنان دەبەسترا و سرووتەکانی (گاتا) بە ئاوازەوە دەگوترانەوە، بەتایبەتیش لە بۆنە ئایینییەکاندا. لە دەڤەری ڕواندزدا تاکو ئێستاش هەندێك لە بیروباوەڕی ئایینی زەرتوشت ماوە، وەکو (سوێندخواردن بە ئاگر و ڕووناکی و خاك و گەنم و دانەوێڵە و ڕۆژ).

لەدوای ئەوەی هێلینییەکان بە سەرکردایەتی (ئەسکەندەری مەگدۆنی) لە ساڵی (331پ.ز)دا، هێرشی کردە سەر دەوڵەتی هەخامەنشی و لە شەڕی (گۆگمێلا)ی نێزیك شاری هەولێر (داریوش)ی سێیەمی شکاند و ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی لەناوبرد و کوردستان کەوتە ژێر دەسەلآتی ئەسکەندەر، ئەم داگیرکەرانە هەرچی پێوەندی بە ئایینی زەرتوشت هەبوو هەموویان لەناوبرد و (ئاڤێستا)یان سووتاند و بەشێکی دیکەیان گواستەوە بۆ (یۆنان)، لە ئەنجامدا هەرچی مەڕاسیمی ئایینی بوو قەدەغەکرا و بزاڤی مۆسیقاش کەوتە لاوازی، چونکە مۆسیقا پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئایینی زەرتوشتەوە هەبوو، ڕواندزیش کە بەشێکە لە کوردستانی گەورە بەهەمان شێوە کەوتە ژێر دەسەلآتی ئەسکەندەر، سەرەڕای ئەم داگیرکردنەش مۆسیقا و ئایینی

زەرتوشت ئەوەندە ڕەگیان لەناو مێشك و ڕۆحی میللەتی كورد داكوتابوو، داگیركەر نەیتوانی بۆ هەتاهەتایە نە مۆسیقا و نە ئایینی زەرتوشتی كۆتایی پێبهێنێت.

### 4- قۆناغی سەرەتای مێژوو:

لەدوای مردنی ئەسكەندەر و كشانەوەی داگیركەرانی هێلینی لە خاكی كوردستاندا (77-52 پ.ز) و هاتنی دەسەڵاتی پارس (ئەشكانی) و دواتریش ساسانییەكان (226ز)، دووبارە ئایینی زەرتوشت بوو بە ئایینی فەرمی دەوڵەت و مۆسیقاش لەتەك ئایینەكەدا سەری هەڵدایەوە و بوژایەوە و هەموو كوردستانیشی گرتەوە و ناوچەی ڕواندزیش لەم سەرهەڵدان و بوژانەوەیەدا بەدەرنەبوو.

### 5- قۆناغی هاتنی ئایینی ئیسلام:

لە ساڵی (16) كۆچیدا بەرامبەر بە (637ز) و لەسەردەمی خەلیفە (عومەری كوڕی خەتاب)دا (س.خ)، لەدوای شەڕ و كوشتارێكی زۆر، كوردستان كەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە. بە هاتنی ئەم ئایینە هەرچی دامودەزگا و دابونەریتی ئایینی زەرتوشت هەبوو هەمووی لەناوبرا و كتێبەكان و ئاڤێستا و كەلوپەلی ئایینی سووتێنرا و ئایینەكەش قەدەغەكرا و هەر كەسێك پەیڕەوی ئایینێكی جگە لە ئایینی ئیسلامی بكردبایە بە كافر و لادەر لە قەڵەم دەدرا و سزایەكی گەورەی دەدرا، لە ترسی ئەمەش زۆر لە پەیڕەوانی ئایینی زەرتوشت لە شوێنە شاخاوییە دوورەكاندا خۆیان حەشاردا و بە دزییەوە ئایینەكەیان دەپەرست. ئایینی ئیسلام كارێكی زۆر نەرێنی (نێگەتیڤ)انەی كردە سەر بزاڤی هونەری بەگشتی و مۆسیقا بەتایبەتی، چونكە لە ئایینی ئیسلامدا هونەری شێوەكاری و مۆسیقا بە كارێكی خراپ و دژ بە ئایین دەزاندرێت و تاكو ئێستاش زۆر لە مامۆستا بەڕێزەكانی ئایینی بەهەمان شێوە بیردەكەنەوە. دەڤەری ڕواندزیش وەك هەموو خاكی كوردستان كەوتە ژێر كاریگەریی ئایینی ئیسلام و هەمان بیروباوەڕی دژ بە هونەر پیادە دەكرا و لە ئەنجامدا سستییەكی زۆر كەوتە ڕەوتی بزاڤی هونەری و ئیدی دەنگ و گۆیندە و مەقامزانەكانیش كەوتنە پیاهەڵدانی ئایین و قورئان و خوێندن و بانگدان و زیكر و تەهلیلات و سرووتی ئایینی، كە ئەمەش جۆرە لاسایی كردنەوە و كاریگەریی سرووتەكانی (گاتا)ی زەرتوشتی و ئایینەكەی بوو بەسەر ئایینی ئیسلامەوە. تەنیا یەك ئامێری مۆسیقا ڕێگەی

پێدەدرا بژەنرێت، ئەویش ئامێری (شمشاڵ) بوو، کە بە حەڕام نەدەزانرا. لەم بارودۆخەدا زۆربەی هەرە زۆری ئاوازە ڕەسەنەکانی کوردی قەدەغەکران و لەناوچوون، تا سەردەمی عەباسییەکان، لەوێوە ئیتر لە کۆشکی خەلیفەکان هەمیشە کۆڕی شیعر و مۆسیقا گەرم دەبوو. بەمجۆرە لە دەڤەری ئێمەشدا بەهەمان شێوە جۆرە سەربەستییەك لە بواری بەکارهێنان و ژەنینی ئامێرە مۆسیقاییەکاندا پەیدابوو، سەرەڕای ئەمەش لە ڕووی شێوەکارییەوە بایەخ بە ڕازاندنەوە و جوانکاریی (زەخرەفە)ی ئیسلامی درا. بەلای زۆرەوە بایەخ بە ڕازاندنەوەی مزگەوت و شوێنەکانی خوداپەرستی و کۆشك و دیوەخانەی گەورەپیاوان دەدرا، چونکە لە ئایینی ئیسلامدا کێشانی نیگاری ئادەمیزاد حەڕام کرابوو، بۆیە زێتر وێنەی پەلەوەر و ئاژەڵ دەکێشران و بە چەندان جۆرە ڕەنگ دەڕازێنرانەوە، ئەوەشمان لەیاد نەچێت، کە پەیکەرتاشین لەو ڕۆژگارەدا کارێکی زۆر دژوار و خراپ و ناڕەوا بووە، بۆیە تاکو ئێستا هیچ هونەرمەندێکی شێوەکاری یان پەیکەرتاشی لەو سەردەمەدا سەری هەڵنەدا و بەدیار نەکەوت. لە دەڤەری ئێمەشدا زۆرتر بایەخ بە جلوبەرگی جوان و پۆشتەی کوردەواری درا و شایی و ئاهەنگ و زەماوەندیش فەرامۆش نەکرا، بەڵام بە شێوەیەکی بەرتەسك و لە چوارچێوەیەکی داخراودا بوو. بەڵام ئایا ئایینێك وەکو ئایینی زەرتوشت، کە بە هەزاران ساڵ ڕەگی لە ناخ و دڵ و دەروونی میللەتێکدا داکوتابێت و وا بە ئاسانی زیندەبەچاڵ دەکرێت؟ بە بڕوای من نەخێر، بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە زۆرن، چونکە هەر دەرفەتێك دەستکەوتبایە و ئازادییێك هەبووایە، ئەوا پشکۆی ژێر خۆڵەمێش دووبارە دەگەشایەوە و سەری هەڵدەدایەوە و هونەری مۆسیقاش بەتایبەتی ژیانی وەبەردەهاتەوە و گوڕ و تینی دەگرتەوە.

لە بواری شانۆشدا کە لە کوردستان هونەرێکی نوێیە و لە ساڵانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەدەرکەوت و هەروەها لەشاری ڕواندزیش لە ساڵی (1931ز)دا سەری هەڵدا، چونکە ئەم هونەرە لە ڕۆژهەڵاتدا بە گشتی هونەرێکی تازەیە، سەرەڕای ئەوەش مانای ئەوە نییە، کە هیچ جۆرە بزاڤێکی لە شانۆ چوو لە کوردستاندا نەبێت، بەڵکو جۆرێك لەم بزاڤە لە مزگەوتەکاندا بە شێوەیەکی سادە و ساکار بەدەرکەوت، لە ڕواندزیش لەم جۆرە شانۆییانە هەبوون، بە تایبەتی کە مەلاکان (مستعدەکان) بڕوانامەی مەلایەتییان لە مەڕاسیمێکی تایبەت پێدەدرا، بۆ ئەوەی ببن بە مەلای (12 عیلم). لەو مەڕاسیمەدا ئاهەنگی تایبەتی ڕێکدەخرا و بۆ ماوەی حەوت

ڕۆژ شایی و زەماوەند و کۆڕ و کۆبوونەوە سازدەدرا. لە یەکێك لەو ڕۆژانەدا کەسێك دەستنیشان دەکرا و دەکرا بە (پاشا) و بارەگا و کورسی و دەست و پێوەندی بۆ دادەنرا و جلوبەرگی شاهانەی بە بەردا دەکرا و دەست و پێوەندەکەی پاشا جلوبەرگی زۆر سەیریان دەکردەبەر وەکو (لێبۆك)ی ناو (سێرکیان) لێدەهات و کردەوە و ڕەفتاریان هەمووی پێکەنیناوی بوو. فەرمانی پاشاش هەر جۆرێك بووایە، دەبووایە جێبەجێ بکرابایە و سەرپێچیکەر هەر کەسێك بووایە، زۆر بە توندی سزادەدرا!


**6- قۆناغی ئەردەلانییەکان:**

لە کتێبی (تاریخی ئەردەلان)ی مەستوورەی کوردستانی لاپەڕە (335)دا هاتووە: دەگێڕنەوە (سوڵتان عەلی بەگ) کوڕی (سورخاب بەگ)ی ئەردەلانی بە مەردایەتی و ئازایەتی و دلێری ناوبانگی دەرکردووە و لەسەردەمی باوکیدا بە زۆری بازووی کەڵەمێردی خۆی توانی (زەڵم) و ڕۆڵوبەری لەژێر جەنگاڵی عوسمانییەکان دەربهێنێت و خۆی ببێت بە فەرمانڕەوای ناوچەکە. (بارام بەگ) و کوڕەکەی تری (سورخاب بەگ) لە ژیانی باوکیدا لە ڕواندز و ئامێدیدا بووە بە فەرمانڕەوا، ئەویش لە ساڵی (1242ز)دا، بەم پێیە لە سەدەی (11ز) زێی بادینان کرا بە سنووری باکووری ئیمارەتی ئەردەلانی و هێزێکیان لە ڕواندزدا دامەزراند. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە دەسەڵاتی ئەردەلانییەکانە بەسەر ڕواندزدا، چونکە ئەردەلانییەکان و بەتایبەتی خەڵکی شاری سنە لە بواری هونەری بیناسازی و مۆزیك و تێهەڵکێشی تەختە و دەرگا و پەنجەرە و زەخرەفە زۆر شارەزا و باڵادەست بوون. ئەوجا لێرەدا کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر کۆمەڵگای ڕواندزدا هەبووە. دەتوانم بڵێم تاکو ئێستاش بەشێك لەو وەستایانەی بیناسازیی شاری سنە، خانەوادەکانیان لە ڕواندز ماون. لە ڕووی مۆسیقاشەوە گومانی تێدانییە، کە هونەرمەندانی ئەردەلانی جموجۆڵ و بزاڤی بەرچاویان هەبووە. تاکو ساڵانی (1974) و سووتاندن و کاولکردنی ڕواندز، زۆر لە دیوەخانە و ماڵی پیاوە ناودارەکانی ڕواندز دەرگا و بنمیچەی خانوو و پەنجەرەیان بە جۆرێك لە جۆرەکانی زەخرەفە ڕازاندرابوونەوە، کە جێ پەنجەی هونەرمەندە سنەییەکانی پێوەدیار بوو، وەکو دیوەخانە و ماڵی (سمایل بەگ) و دیوەخانەی (مستەفا ئەفەندی)، من بەخۆم ئەو دەرگایەی لای ژووری دیوەخانەی باپیرم دیبوو، کە چەندە ڕازاوە و

جوان بوو! پارچە تەختەی لاکێش و لاپاڵووی ڕەنگاوڕەنگ ئەوەندە بە جوانی و ڕێکی تێکهەڵکێش کرابوون وەکو تابلۆیەکی شێوەکاری خۆی دەنواند.

## 7- قۆناغی دەسەڵاتی میرنشینی سۆران: (1800-1837ز):

لەو سەردەمەدا ڕواندز بوو بە شارێکی دیار و مەڵبەندی بازرگانی و لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێدەکرد، بە تایبەتی لە دوای ئەوەی لەسەر دەستی (ئۆغز بەگی گەورە) لە ساڵی (1645ز) کرا بە پایتەختی میرنشینی سۆران و ئەردەلانییەکانیان وەدەرنا.



پۆرترێتی پاشای میرنشینی سۆران (1784-1836). دەستکردی هونەرمەند (محەمەد دیدی)

بێجگە لەمەش لە ڕۆژگاری میر محەمەد (پاشای گەورە)دا، کە لە ساڵی (1813ز) دەسەڵاتی میرنشینی سۆرانی گرتە دەست، (ڕواندز) ئاوەدانییەکی زۆری بەخۆیەوە دیت و مزگەوت و مەدرەسە و قەڵا و قونگرە و پرد و شوورەی قایمی لە ڕۆڵەدا دروستکرا، بەڵام داخەکەم میر محەمەد سەرەڕای ئەوەی مرۆڤێکی لێهاتوو و شارەزا و چاونەترس و مرۆڤێکی باوەڕ پتەو بوو بە ئایینی ئیسلام و زۆر بە وشکی بیروباوەڕی ئایینی ئیسلامی پیادە دەکرد، ئەمە لەلایەکەوە،

لەلایەکی دیکەوە هەموو هێز و توانای خۆی دابوو بە لایەنی سەربازی و فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتەکەی و کۆمەڵگای ڕواندز بەجارێك بوو بە مەیدانی مەشقی سەربازی و تاقیکردنەوەی چەك و جبەخانەی نوێ، ئەمەش کارێکی نەرێنی (نێگەتیڤ)انەی کردە سەر باری ڕۆشنبیری و هونەر و قەدەغەکردنی شایی ڕەشبەڵەك و مەڕاسیمی لەو جۆرە. هەروەها ناوچەی ڕواندز بە داخراوی مایەوە و لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دابڕا، بە هۆی ڕێگانەدان بە خەڵکی بیانی بەتایبەتی ئەوروپییەکان کەوا سەردانی میرنشینەکە بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە ئەنجوومەن و ڕاوێژکاری میر هەمووی لە پیاوە ئایینییەکانی ئەو سەردەم بوون، سەیر دەکەین تەنیا یەك شاعێر سەری هەڵدا ئەویش (نەزهەت ڕواندزی) بوو. بەپێی ئەو دەسەڵاتە فراوانەی سەربازی و سیاسی و دارایی، دەبووایە زۆر ئەدیب و شاعێر لەم میرنشینەدا بەدەرکەوتبان، بەڵام هەروەکو (ئازاد جندیانی)، کە لەو کۆڕەدا باسی کرد، کە ساڵی (1980) لە ڕواندزیێ پێشکێشی کرد، بە ناوی (جوولانەوەی ڕۆشنبیری لە ڕواندز هەر لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ):


1– نەبوونی خوێندەوار و ڕۆشنبیر، جگە لە مامۆستا ئایینییەکان نەبێت، ئەوەش وایکرد خەڵك لە هەموو شتێك دوور بێت و ئاگاداری ڕۆڵوبەر و ڕووداوەکانی نێزیکیش نەبێت.


2– نەبوونی هیچ جوولانەوەیەکی هونەری و ڕۆشنبیری لەپێش ئەو سەردەمەوە و نەبوونی هیچ هونەرمەند و شاعێرێك، تاکو ببێتە بنچینەی سەرهەڵدانێکی هونەری یان ڕۆشنبیری.

3– پەیڕەوکردنی ئایینی ئیسلام زۆر بە وردی و وشکییەوە، وای کار تێکردبوو کە جگە لە قورئان و ئایین، بڕوا بە هیچ مەسەلەیەکی دی نەهێنێت.

4– سەختی شوێنی جوگراف (ڕواندز) و دووری لە فیکری هونەرییە جیهانییەکان.

سەرەڕای ئەمانەش نەبوونی کەسێك، کە بتوانێت سەروبەندی ڕووداوەکان و ناوی هونەرمەند و گۆرانیبێژ و لاوکبێژ و حەیرانبێژەکان بنووسێتەوە، کە وەکو بەشی هەرە زۆری مێژووی ڕووداوەکانی ئەم میرنشینە لەناوچوون. ئەوەندە هەیە کەوا ئاواز و گۆرانی و لاوك و حەیران و بەیت لەناو هزر و مێشکی ڕۆڵەکانی یەك لەدوای یەکی خەڵکی شارەکە مانەوە و نەوە لە دوای نەوە لێکیان وەرگرتەوە، تاڕادەیەك هەندێکیان لە ڕووی فۆرم و ئاواز و شیعر پارێزراون، بەتایبەتی گۆرانییەکانی کارکردن، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەیەکی دیکەوە سەیری بابەتەکە بکەین، دەبینین لەو میرنشینەدا بایەخێکی زۆر بە هونەری بیناسازی دراوە، بە تایبەتی دروستکردنی






ئیچ قەلاّ، قەلاّی سەربازیی میر محەمەد، دەکەوێتە نێوان ڕواندز و سۆران.

پردە کۆنەکەی کاولۆکان (1919)

**مزگەوت و قەلاّ و سەنگەر و قونگرە و شوورەی قایم. وەستایەکی بلیمەتی وەکو (برایم ماویلی) لەم بوارەدا کارامە و لێهاتوو بووە و چەند ئەندازیارێکی بیانی گەواهی ئەوەیان داوە، کە لە دروستکردنی پرد و قەلاّ باشترین و زیرەکترین وەستای سەردەمی خۆی بووە. هەروەها لە ڕووی چەکسازیشەوە هونەرمەندانی وەکو (خان گلیدی) و (وەستا ڕەجەب)ی بلیمەت هەموو هونەری خۆیان لەم بوارەدا خستەگەڕ و تێیدا سەرکەوتوو بوون، بەتایبەتی لە داڕشتنی لوولەتۆپ و نووسینی سەر لوولەتۆپەکان گەواهی هونەرمەندایەتی ئەوانە.**

**هەروەها دەڵێن لەو دەمەی کە میر محەمەد لە کۆشکی خۆی لە قەلاّ تیلۆکان بەدەرکەوتووە، لە قونگرەی شەمامێ لەلای ڕۆژهەلاّت و لە جووت قونگرە لە ڕۆژئاوادا سەربازەکان بۆ ئاگادارکردنەوە لە هاتنی میر و وەکو مەڕاسیمێکی سەربازی شکۆدار شەیپووریان ژەندووە.**

ئەوەشمان بیرنەچێت لە کاتی سەرکەوتن و خۆشیدا ئاهەنگ و زەماوەند سازدراوە، بەڵام تاکو ئێستا ناو و ناوبانگی هیچ دەنگخۆش و گۆرانیبێژێکی ئەو ڕۆژگارەمان چنگ نەکەوتووە.



تۆپی وەستا ڕەجەب، لە ساڵی (1818ز)لە ڕواندز دروستکراوە

لەلایەکی دیکەشەوە بایەخێکی زۆر بەجوانی جلوبەرگ دراوە و پێڵاوی نەخشێنراو و ڕانك و چۆغەی ئارمووش چن و کارەکی گوفکەداری ئارمووش و شەدەی بەپیشی لەناو کۆمەڵگای ڕواندز زۆر باو بووە، هەروەها جلی ڕەنگاوڕەنگی ژنان و تاسەی ڕواندزیان تاکو ئێستاش هەر بەناوبانگە، چونکە لە میرنشینێکی وا بەتوانا لە ڕووی دارایی و بازرگانی، هەر دەبێت خەڵکەکەی لەوپەڕی شادی و بەختەوەریدا ژیابن و جوانترین جلوبەرگیان پۆشیوە.



قونگرەی شەمام، سەنگەرێکی بەهێز بووە بۆ پاراستنی میرنشینەکەی میر محەمەد

کە میرنشینی سۆرانیش لە ساڵی (1836) لەسەر دەستی عوسمانییەکان لەناوچوو و میر محەمەدیش شوێن بزرکرا و ڕواندز کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان، بەشی زۆری خەڵکی ڕواندز و ڕۆڵوبەری ئاوارە و دەربەدەر بوون و نەگەڕانەوە ناو شار. عوسمانییەکانیش بۆ ڕازیکردنی خەڵکی و دڵدانەوەیان (ڕەسول پاشا)ی برای میر محەمەدیان کردەوە بە میری سۆران، بەڵام لەبەر دووبەرەکی و ناکۆکی و شڵەژانی باری ئاسایش و نائارامی، ناوبراو نەیتوانی جڵەوی حوکم بگرێتەوە دەست و لە ساڵی (1847) بۆ دواجار میرنشینەکە لەبار یەك هەڵوەشایەوە و خەڵکەکەش نالەبار و شڵەژان، ئەمەش کارێکی زۆر گەورەی کردە سەر دواکەوتنی بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەری لە شاری ڕواندز، چونکە بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەریی تەنیا لەناو کۆمەڵگایەکی ئاسوودە و ئارام پەرەدەستێنێت و سەرهەڵدەدات.

سەرەڕای ئەم هەموو نەهامەتی و بارودۆخە نالەبارە و دڵشکانی دانیشتوانی دەڤەری ڕواندز، بەڵام لە کاروانی ڕۆشنبیری و هونەر جێنەماوە، بەڵکو زۆر زیاتریش لە شارەکانی دیکە پەرۆشی لایەنی ڕۆشنبیری و هونەر و ئەدەب بوون، ئەویش لە سایەی بوونی چەندان خوێندەوار و زمانزان لەناو شاری ڕواندز، بەڵگەشمان ڕۆژنامەی (الزوراء)یە، کە بە هەردوو زمانی عەرەبی و تورکی هەفتانە لە بەغدا دەردەچوو لەسەردەمی والی (مدحت پاشا)دا، کە والی بەغدا بوو. لە ژمارە (763)ی ساڵی نۆیەمی زەورادا، کە لە هەشتی حوزەیرانی ساڵی (1878) دەرچووە، ئەم هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە: "لە ساڵی ڕابردوو ژمارەی بەشدارانی ڕۆژنامەکەمان لە قەزای ڕواندز بریتی بوو لە (یازدە) زات و ماڵ، ئەمساڵیش هەژدە زاتی تر بەشداربوون، واتە ئێستا لەم قەزایەدا بیست و نۆ کەس کڕیاری زەوڕان".

ئەم هەواڵە دانسقەیە دەتوانێت یاریدەی وەڵامدانەوەی گەلێك پرسیارمان بدات. بۆ شارۆچکەیەکی وەك ڕواندز بەشداریی (29) کەس لە ڕۆژنامەیەکدا، کە بە تورکی و زۆرجاریش بە عەرەبییەکی شەق و پەق چاپکرابێت، بۆ ڕۆژگاری خۆی ژمارەیەکی زۆرە و ئەوە دەگەیەنێت، کە سەرەتای دروستبوونی توێکڵی دەستەی ڕوناکبیریی نوێی ئەم ناوچەیە بۆ ناوەندی سەدەی نۆزدەمین دەگەڕێتەوە. ئەم ڕاستییەش بایەخی خۆی بۆ لێکدانەوەی چەند لایەنێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردایەتی ئەو مەڵبەندە بە ڕابەری میری نەمری ڕواندز هەیە. لە دیوێکی دیکەوە

ئەو هەواڵەی ڕۆژنامەی زەوڕا لەبارەی بەشدارانی لە ڕواندز گرنگیی خۆی هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی چالاکیی ڕۆژنامەنووسی دڵسۆز (حوسێن حوزنی موکریانی) داماو، کە لە ناوەندی



(النخبة) روو بکەنە رۆژنامەی «زوراء». خوێنەرێک لە ژمارەی رۆژی یازدەی ئەیلولی ساڵی ١٨٧٢دا نووسیوبیە چۆن زۆر بە پەرۆشەوە حەفتانە چاوەڕوانی دەرچوونی ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیەیە چونکە، وەک گوتویە، بە نرخێکی هەرزان هەواڵەکانی ئەوپەڕی گێتیمان پێ رادەگەیەنێت و هەر لەبەر ئەوەش **«دانیشتوانی بەغدا بە خوێندنەوەیەوە خەریکن»**. ئەو سامانە زۆرو کەم بەشی کوردیشی پێوەیە، لەوانەیە مێژوونووسان لە رێی ناوەرۆکی ژمارەکانی زەوراوە بگەنە راستی و زانیاریی بایەخدار. وەک بەڵگە ئەم هەواڵەی ناو زەورا خۆی دەربارەی بەشدارانی رۆژنامەکە لە رەواندز دێنینەوە. ژمارە ٧٦٣ی ساڵی نۆیەمی زەورا کە رۆژی حەوتەمی (جمادی الاخره)ی ساڵی ١٢٩٥ی کۆچی، واتە هەشتی حوزەیرانی ساڵی ١٨٧٨ی عیسایی دەرچووە ئەم هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە:

**«ساڵی رابردوو ژمارەی بەشدارانی رۆژنامەکەمان لە قەزای رەواندز بریتی بوو لە پازدە زات و ماڵ، ئیمساڵیش هەژدە زاتی تر بەشداربوون، واتە ئێستا لە قەزایە بیست ونۆ کەس کڕیاری زەوران».**

ئەم هەواڵە دانسقەیە بۆی هەیە یاریدەی وەڵامدانەوەی گەلێک پرسیارمان بداتەوە. بۆ شارۆچکەیەکی وەک رەواندز بوونی بیست و نۆ بەشدار لە رۆژنامەیەکدا

ڕۆژنامەی زەوڕا، یەکەمین ڕۆژنامە لە عێڕاق.

بیستەکاندا لەناو هەموو کوردستاندا ڕواندزی کرد بە بنکەی چاپخانە ناوازەکەی کە گۆڤاری (زاری کرمانجی) و (ڕووناکی) و گەلێك بەرهەمی مێژوویی و ئەدەبی و هونەریی بایەخداری پێ چاپکرد.

ئەوەشمان لەیادنەچێت کە ساڵانی (1890، 1892، 1894، 1895، 1906، 1912) بە بەردەوامی دووجۆرە قوتابخانە لەناو شاری ڕواندز هەبووینە (مەکتەبی ڕوشدییە)، کە

قوتابخانەیەکی سەربازی بووە، هەروەها هەر لە هەمان ئەو ساڵانەی کە ئاماژەمان پێدان دوو قوتابخانەی منداڵان هەبوون. بوونی قوتابخانەش واتە بەرەوپێشچوونی خوێندەواری و پێگەیشتنی نەوەیەکی ڕۆشنبیر و خوێندەوار، لە کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیریشدا هونەر و ئەدەب بە چاکی چەکەرە دەکەن و پێشدەکەون. لەبارەی هونەرەوە لەو ڕۆژگارەدا دەقی ناوەڕۆکی نامیلکەکەی مامۆستای خوالێخۆشبوو (جەلال مەلا حەسەن خۆشناو) دەخەمەڕوو، چونکە باس لە هاتنی (کاوێس ئاغا) دەکات بۆ شاری ڕواندز، لەلاپەڕە (10)دا هاتووە: ( کاوێس ئاغا تا ساڵی (1915) لەگەڵ خێڵەکەیدا (هەرکی) کوێستان و گەرمیانی کردووە، لە پاشاندا خۆی و پورزاکەی بە ناوی (دەروێش فاتیمە) لەگەڵ (تاهیر ئاغای هەرکی)دا دێنە شاری ڕواندز و لە ماڵی (حاجی نەورۆزە فەندی) میوان دەبن، چونکە ماڵی (حاجی نەورۆز) ماڵێکی خانەدان بوون و هەروەها پێوەندی پتەو لە نێوان سەرۆکەکانی خێڵی هەرکی و حاجی نەورۆزدا هەبووە، کە شەو داهات (تاهیر ئاغا) داوای لە (کاوێس ئاغا) کرد، کە لاوکیان بۆ بڵێت، کاوێس ئاغاش تا درەنگانی شەو دەستی بە لاوك وتن کردووە، لە ئەنجامدا (حاجی نەورۆز) شەیدای دەنگ و ئاوازی دەبێت، ئەو دەنگ و سەدایە کارێکی وا لە حاجی نەورۆز دەکات کە داوا لە تاهیر ئاغا بکات کاوێس ڕازی بکات و لای خۆی بیهێڵێتەوە، جا کاوێس ڕەزامەندی نیشاندەدات و لەگەڵ (دەروێش فاتیمە) لە ماڵی حاجی نەورۆزدا دەمێننەوە. کاوێس لەو ماوەیەی لە ڕواندز بووە زۆر هاتوچۆی دیوەخانەی (نوری باویل ئاغا) و (محەمەد حاجی نەورۆز)ی کردووە دوو دۆستی زۆر خۆشەویستی یەکتری بووینە، ئیدی بەم بۆنەیەوە پێوەندی دۆستایەتی و خۆشەویستی لە نێوان کاوێس ئاغا و نوری باویل ئاغای ڕواندزی پەیدابووە و دەنگ و ئاوازی کاری کردۆتە نوری باویل ئاغا و شەوان کۆڕی دیوەخانەی بە لاوکەکانی جۆشداوە، هەر بۆیەش بە دڵ و بەگیان یارمەتی کاوێسی داوە. کاتێك لە ساڵی (1916)دا، لە شەڕی یەکەمی جیهان ڕواندز کەوتە بەر هێرشی ڕووسەکان، شارەکە سووتێنرا و کاول بوو، خەڵکەکەش بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆیان پەرت و بڵاو و ئاوارە بوون، حاجی نەورۆزیش لەگەڵ کاوێس ئاغا لە شەقڵاوە دەگیرسێنەوە، بەڵام لە دوای گەڕانەوەی حاجی نەورۆز بۆ ڕواندز کاوێس ئاغا لە شەقڵاوە جێگیر بوو).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دانیشتوانی شاری ڕواندز هەمیشە هونەر و هونەرمەندیان خۆشویستووە و ڕێزیان لێگرتوون، بە تایبەتی کە لەلایەن سێ کەسایەتی ناوداری شارەکە

(حاجی نەورۆز، نوری باویل ئاغا، محەمەد حاجی نەورۆز) ڕێز لە هونەرمەندێکی وەك کاوێس ئاغا بگرن، هەر ئەمەش نا، بەڵکو ڕێزیان لە هەموو کەسانی گۆیندە و هونەرمەند گرتووە، ئەوەش لە داهاتوودا کاردانەوەیەکی گەورەی لەسەر سەرهەڵدانی بزاڤی هونەری لە شاری ڕواندزدا هەبووە. بەڵام جێگەی داخە کەوا کەسێکی وا خەمخۆر و ڕۆشنبیر نەبووە کە ڕووداوە مێژوویی و چالاکییە هونەرییەکان بنووسێتەوە و ڕاستییەکان ڕۆشن ببنەوە. هەر بۆیەشە گەورەترین و سەختترین کۆسپ دەکەوێتە بەردەم هەرکەسێك کە بیەوێت لە بواری هونەر و دیرۆکی کورد و ناوچەکە دەست بە لێکۆڵینەوە بکات. سەرەڕای ئەمانەش نەبوونی بەڵگە و زانیاری و دیکۆمێنت، کە بەردی بناغەی هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەن، هەر هەوڵ و تەقەلایەك لەم بوارەدا بەرەو هەڵدێر و ناڕوونیمان دەبات.





دیمەنی بەشێکی شاری ڕواندز لە ساڵی (1905) بەر لە سووتان

## 8- قۆناغی دوای شەڕی یەکەمی جیهان (1917-1922):

لە مانگی ئابی (1916)دا ڕووسە تزارەکان هێرشیان هێنایە سەر شاری ڕواندز و لە قۆڵی هەندرێن بەرەو ناو شار هاتن، لەناو سوپای ڕووسدا چەندان سەرکردە و ئەفسەر و سەربازی

ئەرمەنی هەبوون، کە بەرامبەر بە کورد زۆر داخ لەدڵ بوون، بۆیە هەر لە یەکەمین ڕۆژی داگیرکردنی شاری ڕواندزدا هەموو خانووبەرە سووتێنران و ژن و ماڵ و منداڵ و پیروپەککەوتەش لە دەستیاندا ڕزگاریان نەبوو، تەنها ئەوانە نەبێت کە بەر لە پەلاماردان شارەکەیان چۆلکرد و ئاوارەی شارەکانی دیکە بوون، لە دوای شەڕێکی قورس و خوێناویدا و بە دەست و بازووی خەڵکی شار تواندرا ڕووسەکان دەربکەن و بەرەبەرە خەڵکە ئاوارەکە گەڕانەوە سەر شارێکی سووتاو و خاپوورکراو، دەست بە نۆژەنکردنەوەی کرا، چ لە کاولۆکان بێت یان لە قەلات، بەڵام لە ئەنجامی ئەو شەڕە نەگریسەدا قات و قڕی و برسیەتی بە جارێك خەڵکەکەی شپرزە کردبوو.



Remains of Lower Town, Rawanduz

دیمەنێکی شاری ڕواندز لە ساڵی (1919)، دوای سووتاندن و کاولکردنی

لە ساڵی (1920)دا کە ئینگلیزەکان هاتنە ڕواندز ئازووقە و خۆراکیان بەسەر ماڵاندا بەشیەوە، هەندێك ئارامی هاتەوە بەر دانیشتوانی شار، بەڵام تورکەکان هەمیشە دەیانویست ئاژاوە و پشێوی لەم ناوچانەدا بەردەوام بێت، ئەمەش لەبەر ستراتیژیەتی ناوچەی ڕواندز بوو، بۆیە لە ڕووی سەربازییەوە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا کەوتنە ململانێ. تورکەکان وەکو کاری هەمیشەییان لایەنی ئایینی ئیسلامیان کردە داردەست و هەست و هۆش و سۆزی خەڵکیان لە دژی ئینگلیزەکاندا پێدەبزواند، ئەوە بوو لە ساڵی (1922)دا چەند کەسانێکی ناوشار پەنایان بردە

بەر (ئوزدەمیر) و لەگەڵ چەند جەندرمەیەکی تورك هێنایانەوە ڕواندز، بەڵام هاتنەوەی ئوزدەمیر چارەسەری هیچ کێشەیەکی نەکرد و ئینگلیزەکان ڕواندزیان بۆردومان کرد و بارەکە زیاتر ئاڵۆز بوو، بە تایبەتی کە (سورچی و زێباری) هێرشیان کردە سەر ڕواندز و دووبارە شارەکە تاڵانکرایەوە، هەروەکو خوالێخۆشبوو (حوزنی موکریانی) لە (مێژووی میرانی سۆران)دا نووسیویەتی: "ئەوەی لە دەستی ڕووسەکان ڕزگاری بوو، ئەویش تاڵانکرا".

بەم جۆرە باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کارگێڕی ئەوەندە نالەبار بوو لە تاریکی و نەهامەتی و برسیەتی و ماڵوێرانی بەولاوە هیچیان بۆ نەماوە. ئایا دەبێت لەم بارە ناخۆش و ناسەقامگیرەدا بزاڤی هونەری و هونەرمەندان چییان پێبکرێت و بەشیان چی بێت!؟ سەرەڕای ئەم بارە ناخۆشەش کە بەسەر شارەکە و دانیشتوانیدا هات، کەچی کەسایەتی و ڕۆشنبیر و خوێندەوار و زمانزانی بەرچاوی هەبووە، کە ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە لەوانە:

هەروەکو (حوزنی موکریانی) لە وتارێکیدا، کە لە ژمارە (2)ی زاری کرمانجی بلاوی کردۆتەوە باسی لەوە کردووە، کە چەند (مدرسە علمیە) لەسەردەمی میری سۆراندا هەبوون و لەو ڕۆژگاردا وەك نێوەندێکی ڕۆشنبیری، زۆر لە زانا و ڕۆشنبیران ڕوویان تێکردووە. هەروەها ئاماژەمان بەوەش دا، کە دەرچوونی ڕۆژنامەی (الزوراء) و بەشداربوونی بەرچاوی خەڵکی ڕواندز تێیدا، کە لە داهاتوودا کاردانەوەی خۆی لەسەر بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەری شارەکەدا هەبوو.

### 9- قۆناغی دامەزراندنی حکومەتی عێراق و هاتنی (سەید تەهای شەمزینانی) (1923):

بە بڕوای من هاتنی (سەید تەهای شەمزینانی) بۆ ڕواندز و دەستبەکاربوونی وەکو قائیمقام، وەرچەرخانێکی زۆر گەورە بوو بۆ شارەکە و ناوچەکە بە گشتی، بە تایبەتی لە ڕووی ئاوەدانی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەروەردە و هونەر و بارودۆخی سیاسییەوە. چونکە (سەید تەها) کەسایەتییەکی ناودار و لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و کوردپەوەر بووە، هەروەها کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و پێشکەوتنخواز بووە، بە عەقڵیەتێکی سەردەمیانە لە کێشەکانی دەڕوانی و بە ڕاوێژکردن لەگەڵ خەڵکی هوشیار و شارەزادا کارەکانی بەڕێوەدەبرد و تا ڕادەیەکیش دەسەڵاتی ئینگلیز و حکومەتی عێراق لێی ڕازی بوون. لێرەدا من تەنیا لایەنە هونەری و ڕۆشنبیرییەکەم مەبەستە، کە باسی لێوە بکەم، چونکە باسکردنی لایەنەکانی دیکە زۆری دەوێت و ئامانجی باسەکەی ئێمە نییە.

سەید تەها هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە هەوڵی کردنەوەی قوتابخانەی بۆ منداڵان دا و لەم بارەیەوە کە پێوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە، خوالێخۆشبوو بەڕێز (ساڵح حاجی نەورۆز) بۆی گێڕامەوە و وتی: "لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانە لە ڕواندز لەسەردەمی سەید تەهادا، من لەو قوتابخانەیەدا قوتابی بووم، ئەوەی لەبیرم مابێت چەند ئامێرێکی مۆسیقای وەکو: دەهۆڵ و دەهۆڵی گچکە و تاس مەعروف (صنج)یان هێنایە قوتابخانە و لە کاتی ڕیزبوون و مەشقی دیدەوانیدا ئەو ئامێرانە بەکاردەهاتن و منیش یەکێك بووم لەو قوتابیانەی کە لە پێش ڕیزی قوتابیاندا دەهۆڵی گەورەم دەکوتا"، ئەمەش یەکەمین هەنگاو بوو بۆ ناساندن و بەکارهێنانی ئامێری مۆسیقا. هەروەها هەر لە ڕێگەی سەید تەهاوە لە ساڵی (1925)دا، خوالێخۆشبوو حوزنی موکریانی لە حەلەبەوە خۆی و چاپخانەکەی هاتنەوە ڕواندز و لە دوای جێگیربوونی لە (25ی ئایاری 1926)دا، یەکەمین ژمارەی گۆڤاری زاری کرمانجی چاپکرد. بێجگە لەمە هەر لە چاپخانەکەیدا نێزیکەی (25) کتێب و نامیلکەی چاپکردووە و بەشی هەرە زۆری لە نووسینەکانی خۆی بوون تاکو ساڵی (1936).




سەید تەهای شەمزینی، یەکەم قائمقامی ڕواندز، لە سەردەمی حکومەتی عێڕاق (1923).

ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگ و جێگەی بایەخپێدانە لایەنی هونەری ئەم مرۆڤە بەرزە بووە، چونکە حوزنی نەك هەر ڕۆژنامەنووس و مێژوونووس بوو، بەڵکو هونەرمەندێکی دەستڕەنگینیش بووە لە خۆشنووسی و وێنەکێشان. کەسایەتییەکانی ناو گۆڤارەکە دەست و خەتی و هێڵکاری ئەو زاتە خۆی بووە، هەروەها لە هونەری (گرافیك)یشدا (کۆڵین) زۆر شارەزا و کارامە بووە و وێنەکانی ناو زاری کرمانجی هەمووی بە هونەر جێبەجێ دەکردن و مۆری لاستیکی دروست دەکرد و هەروەکو لە کتێبەکەیدا بە ناوی (وێنەگەرێتی و کۆڵین)دا، کە لە ساڵی (1934) لە ڕواندز چاپی کردووە باسی لەو هونەرە کردووە. حوزنی ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری لە بزاڤی ڕوناکبیری و سیاسی و نەتەوەیی و هونەری لە شاری ڕواندز و ڕۆڵوبەریدا هەبووە. ڕۆڵی ئەمین ڕواندزیشمان لەبیر نەچێت، کە وەکو ئەفسەرێکی کوردپەروەر و ڕوناکبیر لەم بوارەدا زۆر هاوکاری حوزنی کردووە.

هەروەها (سمایل بەگ)یش لەم بارەیەوە زۆر هاندەربووە و زەوی بە حوزنی بەخشیوە، تاکو خانووی لەسەر دروست بکات و چاپخانەی لێ دابمەزرێنێت. ئەمانە هەموویان هانی لاوانی ئەم شارەیان دەدا بۆ خوێندن و نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی و خەمخۆری میللەتەکەیان بن، هەروەها لە ڕێی گۆڤاری (زاری کرمانجی)یەوە دەنگوباس و هەواڵەکانی ناوخۆ و جیهان بڵاودەکرایەوە و بوو بە پردێکی پێوەندی لاوانی شار بە جیهانی دەرەوە و بابەتە مێژووییە بەپێزەکانی مێشکی لاوەکانی بە گیانی کوردایەتی ئاودەدا و بە مێژووی نەتەوەی خۆیان و نەتەوەکانی دی ئاشنای دەکردن، لێرەدا لە ڕۆژگاری ئەو چوارچرا پرشنگدارەی شارەکەماندا (سەید تەهای شەمزینانی، حوزنی موکریانی، سمایل بەگی ڕواندزی، ئەمین ڕواندزی) ئارامی و سەقامگیری و خۆشی کەوتە شارەکە و ئاوەدان کرایەوە، بەتایبەت لە بەشی قەڵات بەرەو سەرەوە.

هەر بۆیە لە ساڵی (1924)دا، هەروەکو (ڕەفیق چالاك) ئاماژەی پێداوە: "شانۆگەریی (العلم و الجهل) لە ڕواندز پێشکێش کراوە". ئەمەش بەڵگەیەکی زیندووە، کە لە سایەی ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانیی مرۆڤانی دڵسۆز و ڕوناکبیردا، شاری ڕواندز پێی ناوەتە قۆناغی گەشەکردن و شارستانییەت و پەرەدان بە بزاڤی هونەری.

لە ژمارە (4)ی زاری کرمانجیدا هاتووە، کە قوتابخانە بە فەرمی بە ناوی قوتابخانەی ڕواندز کرایەوە: "ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو مکتب لە ڕواندز کرایەوە و مامۆستای زۆر چاکیان بۆ


ناردن، یوزباشی صالح فەخری افەندی و علی حکمت زادە عبداللە افەندی کە ئەمساڵ لە دار معلمین دەرچوو، تازە پێگەیشتوویەکی بەکارە بۆ منداڵانی وطن بۆ ڕواندز". کە ئەو مێژووە بەرامبەر بە (1926/9/22)ە.



ساڵح نەورۆز، یەکەم قوتابی بووە، کە دەهۆڵی گەورەی لێداوە

یەکێك لەو وانانەی کە لە قوتابخانەکە دەخوێندرا وانەی (خۆشنووسی) بووە، ئەویش هونەرێکی بەرزە و زۆر بە چاکی هەست و هۆش و هزری مرۆڤ دەجوڵێنێت و بەرەو هەستکردن و چێژوەرگرتن لە ئیستاتیکات دەبات. دیارە بە کردنەوەی قوتابخانە لە ڕواندز دەرگا والاّ بوو بۆ سەردانی گەورە پیاوانی میریی، وەکو سەرۆك وەزیران و موتەسەریف و پیاوماقووڵانی دی. سەرەڕای ئەمەش پێگەیشتنی نەوەیەکی هۆشیار و خوێندەوار و ڕۆشنبیر، کە یەکێك لەو قوتابیانە لە قوتابخانەی دواناوەندی لەسەر ئاستی هەموو عێراق بە یەکەم دەرچووە و بۆ تەواوکردنی خوێندن نێردراوەتە وڵاتی (لوبنان)، ئەویش (عەلی حەیدەر سلێمان بەگ) بوو.

هەروەها لە ژمارە (5)ی زاری کرمانجیدا ئاماژە بەوە کراوە کە (ئەحمەد بەگ)ی موتەسەریفی هەولێر سەردانی شاری ڕواندز و قوتابخانەی کردووە و مامۆستایان و قوتابیان بە پێشکێشکردنی کۆمەڵێك سروودی نیشتمانی پێشوازییان لێکردووە و (ئەحمەد بەگ)یش (100) ڕوپیەی پێشکێش بە قوتابیانی دیدەوانی کردووە.



حوسێن حوزنی موکریانی، مێژوونووس و ڕۆژنامەوانی ناوداری کورد و خاوەنی چاپخانەی زاری کرمانجی

هەروەها بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی و خزمەتکردن و بەرەو پێشەوە بردنی لایەنی ڕوناکبیری و هونەری لە ساڵی (1926)دا، پێشنیازێك پێشکێش بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق کراوە، بۆ کردنەوەی یانەیەکی ڕۆشنبیری، هەروەکو کاك (غازی حەسەن) لە ژمارە (174)ی ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی)دا بە ناونیشانی (کوردانی ڕواندز داوای دامەزراندنی یانەیەکی کوردی دەکەن) نووسیویەتی: "لە هاوینی ساڵی (1926)دا پێشنیارێك بۆ پێکهێنان و دامەزراندنی یانەیەکی کوردی ئامادەکرا، لە ماڵی (ئیسماعیل بەگ) لەگەڵ هەر یەکە لەو زاتانەی کورد (سەید تەها

شەمزینی، ئەمین ئەفەندی، محەمەد ئەفەندی، مستەفا ئەفەندی بەڕێوەبەری ماڵی ڕواندز)، بەلاَم داواکارییەکەیان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ ڕەت کراوەتەوە، کە بەم شێوەیە بووە:

1- ناوی نادی یەکە (هوشیاری)یە، بە واتای کۆمەلاَیەتی بۆ چاکردنی زمانی کوردی و بلاَوکردنەوەی.

2- بارەگای لە هەر شوێنێك دەکاتەوە کە زۆرترین ئەندامی لێ هەبێت.. هتد، بەلاَم وا دیار بوو راپۆرتی بەریتانیەکان بە هیچ شێوەیەك ماوەی کردنەوەی ئەم یانەیان نەدا".



ئەمین ڕواندزی، کەسایەتییێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر



ئیسماعیل بەگ، کەسایەتی و ڕۆشنبیر و کوردپەوەری دیاری رواندز

بەهەر حاڵ شتی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کەوا خەڵکی دڵسۆزی شارەکە بەرەبەرە چاویان کرایەوە و بەپیر لایەنی ڕوناکبیری و هونەری و ئەدەب دەچوون و باوەشیان بۆ کردبووەوە ئەمەش وەرچەرخانێکی گەورەیە لە بارودۆخی ئەم شارە و خەمخۆری ڕۆڵەکانی بۆ بوژاندنەوەی شار و بەرەوپێش بردنی تاکو شانبەشانی شارەکانی دیکەی کوردستان بگاتە کاروانی پێشکەوتن و

**شارستانییەت، لە دوای ئەو هەموو نەهامەتی و ئاوارەیی و کاولکاری و سووتان و وێرانبوونەی کە بەسەری هاتبوو.**



کۆمەڵێك مامۆستا و قوتابیی ڕواندز، ساڵی (1931)



مستەفا مەزهەر، شاعێر و کەسایەتیی ناسراوی ڕواندز (1952-1898)

## 10- قۆناغی سالآنی (1930) تاکو (1958)دا:

لە سایەی ئەو بارودۆخە هەموارە و بە هەوڵ و تێکۆشانی مامۆستایانی دڵسۆزی قوتابخانەی سەرەتایی ڕواندز، کە لێرەدا بەوپەڕی ڕێز و ستاییشەوە ناوی هەندێکیان دەنووسمەوە: (ساڵح فەخری، عەبدوڵلا فەندی، عەلی حیکمەت زادە، سەعید فەهیم ئەفەندی، ناجی ئەفەندی، عەبدوڵلا سافی ئەفەندی، دیدەوان عەبدوڵلا، سەبری فەندی، فوئاد ڕەشید، سەید نەزیف، تاهیر مەلا سادق، عەبدوڵلا سامی). زەمینەیەکی باش بۆ لاوە تازە پێگەیشتووەکان ڕەخسا، کە چێژ لە بەرهەمە هونەرییەکانی سەردەمی خۆیان وەربگرن و شارەزای بزاڤی هونەری پێشکەوتوو ببن و نرخی هونەر و ڕۆڵو کاریگەریی هونەر لە خزمەت شار و کۆمەڵگادا بزانن.

هەر لەم ڕوانگەیەوە دەبینین مامۆستای هونەرمەند (فوئاد ڕەشید بەکر) لە (1931/10/15)دا شانۆگەریی (نیرۆن)ی ئامادە و پێشکێش کرد، پارەی شانۆگەریەکەش بۆ یارمەتیدانی قوتابیانی کەمدەرامەت بوو. جێگەی وەبیرهێنانەوەیە کە لەو سەردەمەدا مامۆستا (فوئاد ڕەشید) بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕواندز بووە و ئەوکات (ڕەزا بەگ) قائیمقامی ڕواندز بووە.



فوئاد ڕەشید بەکر، مامۆستای هونەرمەند و دەرهێنەر و ئەکتەر لە شانۆگەریی (نیرۆن) ساڵی (1931)

شانۆگەڕیەکە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ناو قوتابخانەدا نمایش کراوە، دوو ڕۆژ بۆ پیاوان و ڕۆژێکیش بۆ ژنان، بەپێی فەرمانی قائیمقام دەبووایە هەموو خەڵك بۆ بینینی شانۆگەریەکە هاتبان، سێزدە ئەکتەر لە شانۆگەریەکە ڕۆڵیان بینیوە:

– فوئاد ڕەشید بەکر لە رۆڵی (نیرۆن)، دیکۆرکێش و ماکیێر

– جەواد ڕەسول ناجی لە رۆڵی (دەهۆلژەن). قوتابییەکی یازدە ساڵ بووە، عەبایەکی سووری لەبەر بووە، لەگەڵ تاجێکی سوور، لە کاتی نواندندا نێوچەوانی بە شمشێری (نیرۆن) بریندار بووە و خوێن بە دەم و چاوی هاتووەتە خوارەوە و لە نواندنیشدا هەر بەردەوام بووە.

– عیززەت حوسێن ئەفەندی (کچی سەماکەری چینی)

– تاهیر سادق لە رۆڵی (جەمال) – سەید نوری سەید عەزیز

– نەشئەت شەوکەت – ئیبڕاهیم حاجی حوسێن

– شێخ حوسامەدین (وێنەگر و خاوەنی چێشتخانە)

– عەبدولوەهاب محەمەد عەلی – سەید نەزیف کۆیی

– محەمەد عەلی حاجی حوسێن – جەلال میر محەمەدئەمین دەرگەڵەیی



شانۆگەریی (نیرۆن)، یەکەمین شانۆگەرییە، کە ساڵی (1931)دا لە ڕواندز نمایش کراوە.

لە کاتی نمایشکردنی ئەم شانۆگەرییەدا هەر یەکە لە (سمایل بەگ) و (حوزنی موکریانی) ئامادەبوون.

هەر لە هەمان ساڵدا (1931) شانۆگەریی (فارس) لەلایەن مامۆستا (تاهیر سادق) نماییش کراوە. بەپێی گوتەی (شێخ سلێمان مستەفا) هەر لە هەمان ساڵدا مامۆستایەکی هونەرمەند و خۆشنووس و قورئانخوێن بە ناوی (محەمەد مەهدی) گواستراوەتەوە قوتابخانەی سەرەتایی ڕواندز، ئەم مامۆستایە قوتابیانی بە هونەری خۆشنووسی ئاشناکردووە، کە لەو دەمەدا خۆشنووسی یەکێك بووە لە وانە سەربەخۆکان و لەپاڵ وانەکانی دیکەدا خوێندراوە بە ناوی (حسن الخط). لەلایەکی دیکەوە مامۆستا (فوئاد ڕەشید) دەستێکی باڵای لە هونەری نیگارکێشان و هێڵکاریدا هەبووە و کاریگەریی بەسەر قوتابیانەوە هەبووە. لە بەشی دیدەوانیشدا ڕۆژانە لە کاتی ڕیزکردنی قوتابیاندا سروودی نیشتمانییان دەوتەوە. ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە لە تەکیەی (کاك مستەفا هیرانی– سافی)دا، کە لە ساڵی (1926)دا لە ناوەندی شاردا بنیاتنرابوو، هەر جارەی (سافی) بە سەردان بهاتبایەتە ڕواندز، کۆمەڵێك لە موریدەکانی بە دەف و زیکر و گۆرانی ئایینی، کە هەموویان لە شیعری (سافی) خۆی بوون، دەبوو بە شمشێربازی و ئاگر خواردن و بەمجۆرە پێشوازی لە هاتنی سافی دەکرا.

لەم مەڕاسیمەدا هەموو خەڵکی ڕواندز لە تەکیە و ڕۆڵوبەری کۆدەبوونەوە و گوێیان لەو دەنگە خۆشانە دەگرت، کە دێوانەکان بە ئاواز دەیان وتەوە.

ئەو مەڕاسیمە ساڵێ چەند جارێك دووبارە دەبووەوە، لە پیاوە دەنگخۆشەکانیش وەکو:

مەلا عەبدوڵڵا (قوندیل)، ئیسماعیل خەلیل، حاجی مستەفا عەزیز (حاجیلە)، مەلا وەهبی (شاعێریش بووە)، سێ لەم دەنگخۆشانەی پێشەوە دەفژەنی باش و بەتوانا بوون، بە تایبەتی (حاجیلە). هەروەها ژنانیش لەم بوارەدا بێ بەش نەبوون، لەوانە: پلکە حەلیم (حەلێ) دەفژەنێکی باش بوو و هەروەها گۆرانی ئایینیشی دەوتن، بە تایبەتی بۆ مەولود و بۆنە ئایینییەکانی دی. هەروەها (مەلا حەبیب) قورئانخوێن بوو گۆرانی ئایینیشی دەوت و (فاتیمە دەروێش ڕەشید)یش بە هەمان شێوە ڕەفتاری دەکرد.

بە بڕوای من و بۆچوونی زۆر لە شارەزایان، وتنی ئەم جۆرە گۆرانییانە بە ئاواز و بە دەف نەریتێکە بۆ کارتێکردنی ئایینی زەرتوشتی، کە سرووتەکانی (گاتا)یان بە ئاواز و مۆسقا دەوتن، هاوشان بە ئامێری (تەمبوور).

سەرەڕای ئەمانەش وەکو نەریتێکی کۆمەلأیەتی لە بەهاراندا هەموو خەڵکی ڕواندز دەچوونە سەیرانێ بۆ (بێرۆیان) و (خەرەند) و (مەلاوسو شێخان) و (بانەزێوك) و گەلی (مێگر) و (بێشۆران). لەو سەیرانگایانەدا هەر لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە دەبوو بە شایی ڕەشبەڵەك و گۆرانی وتن، هەروەکو بەڕێز (حاجی کەریم قاسم) لە نامەیەکیدا بۆ من، باسی باوکی دەکات کە ناوی (قاسم کوردە) بووە نووسیویەتی: "لە ساڵانی 1935–1936 دا، هەر وەکو بە بیرم مابێت کە باوکم (قاسم مەحمود کوردە)، بە حەیرانبێژ بەناوبانگ بووە و حەیرانەکانی بەلای زۆرەوە بەسەر قەلاتی پاشای گەورە و خاڵەڕەش و گەلی عەلی بەگ و هەندرێن و زۆزك و کوڕەك و شوێنە دلگیرەکانی ڕواندزدا هەڵگوتووە، باوکم هاوڕێی تایبەتی خۆی هەبووە لەوانە (لەتیف عەبدوڵلاَ و کەریم سۆفی) و خەڵکانی دی لێی کۆدەبوونەوە و لەگەڵ خۆیاندا دەیانبردە سەر (ئیچ قەلاَ) و ئەویش بە دەنگە خۆشەکەی حەیرانی بەسەر (مەلاوسو شێخان) و نشێوی باپشتیان و ڕواندز هەڵدەگوت. باوکم واتە (قاسم کوردە) مرۆڤێکی زۆر هەست ناسك بوو، دڵی هیچ کەسێکی نەدەشکاند و تەنانەت لەناو دوکانەکەی خۆشیدا حەیرانی بۆ خەڵکی دەوتن. زۆر مرۆڤێکی بە زەوق بووە و ڕانك و چۆغەی ڕواندزیانی لەبەر دەکرد و کورتەکی تاقە و شەدەی بەڕیشەی لەسەر ناوە. هەروەکو (حاجی لەتیف) باسی دەکات و بەسەریان هەڵگوتووە:

کانیلەی بەر مارام بەستۆکە     براینە قاسم زۆر کۆکە

گەیشتمە یارێ مەمك لۆکە     کاکە قاسم بە حەیرانە و زۆر کۆکە".

لەم نامەیەدا بۆمان دەردەکەوێت، کەوا گۆرانیبێژ و لاوك و حەیرانبێژی بە توانا هەبووە، کەچی کەسێکی خەمخۆر وا نەبووە بە تەنگ هونەرەکەیانەوە بێت و ناو و بەرهەمەکانیان تۆمار بکات!

لە گۆرانیبێژ و لاوك و حەیرانبێژانی ئەو سەردەمە:

قادر ڕەوشەن (حەیران و لاوکبێژ) بووە، ئەحمەد قاوەچی، عەبدولڕەحمان فەقێ حەسەن، سەدیق بەربەر، دەروێش عەبدوڵلاَ (باوکی عەلی مەکتەبە)، مەلا قوندیل (عەبدوڵلاَ)، عەبدوڵلاَ کۆر (بانگدەر)، حاجی عەولاَ (عەدیلە قنجێ).

هەروەها لە دەنگخۆشەکانی تیپی سروود لە قوتابخانەدا (شێخ سلێمان مستەفا) و (سەیدا ئەحمەد گۆنی). شمشاڵژەن و تووزەلەژەنەکانی ئەوسای ڕواندز بریتی بوون لە: حەسەن تووزەلە و مەولود عوسمان و فەتاح مشکۆ و حەمەدیلە و حوسێن تووزەلە و حاجی قادر ئاکۆیی و مەجید مەلا میرزا و عەدیٚ سلێمان.



شێخ سلێمان مستەفا، کەسایەتیی ناودار و ڕۆشنبیر و نیشتمانپەوەر لە رواندز



قاسم کوردە، حەیرانبێژ و لاوکبێژی بەناوبانگی ڕواندز لە سالآنی (1930)دا

جلوبەرگ:

جلوبەرگی پیاوان بە زۆری بریتی بوو لە ڕانك و چۆغە (شال و شەپك) و زۆر جاران بە ئارمووش دەچنران و نەخش و نیگاریان لەسەر دەکرا، یان بە کورتەکی تاقە (کە جۆرە قوماشێك بوو) دەچنران، پشبێندی زۆر دەبەسترا و شەدەی بە ڕیش لەسەر دەنرا و پێڵاوی (کارەك)ی سەر بە ئاوریشم دە پیٚ دەکران، بە تایبەتیش لە جەژن و ژنگواستنەوە و بۆنەکان و سەیراندا.

جلوبەرگی ژنانیش بریتی بوو لە کراسێکی ڕەنگاوڕەنگی درێژ و پشبێندی لەسەر دەبەسترا و کەواشی لە ڕەنگێکی دی و سوخمەی لە ژێرەوە دەکرایەبەر، لەگەڵ کلاوێکی گەورە و بەرین لە

شەدە و قوماشی تایبەت و تاسەیەکی (زێڕ یان زیو یان قەلآی زەرد) بە نەخشەوە دەکرایە سەر و کرمۆکەو ڕیش و پلپلەی زێڕی پێدا شۆڕدەبوونەوە و بە پێی توانای دەرامەتی ماڵەکە




کۆمەڵێك لاوی ڕواندز ساڵی (1935)

(خەناوکەی زێڕ و گەردانە (گەردەن لغ) و خەزێم و گوارە و قایشی لیرە زێڕ بەکاردەهاتن، لەگەڵ بازنە و لوولە و خڵخاڵی زێڕ). بەمجۆرە جلوبەرگی ناوچەی ڕواندز تایبەتمەندی خۆی لە ڕووی هونەری و جوانکاریدا هەبووە، کە لە لاوك و حەیرانی هونەرمەنداندا ڕەنگیداوەتەوە و باسی لێوەکراوە.



سلێمان ئەحمەد گۆنی، دەنگخۆش و ئەکتەری شاری ڕواندز


دووبارە دێینەوە سەر باسی شانۆ لە ڕواندز، لە ساڵی (1932)دا شانۆگەریی (مچیل) نمایش کراوە، کە شانۆگەرییەکی کۆمێدی بووە و لە ئامادەکردنی (تاهیر سادق) بووە، بە بەشداریی ئەم ئەکتەرانە:

تاهیر سادق — سەید نەزیف (مچیل)

یوسف نەسرەت (مفەوەز پۆلیس) — عەبدولوەهاب محەمەد عەلی (پیرەژن)

سەیدا ئەحمەد گۆنی (بووک)

ئەم شانۆگەرییە لە ڕۆژگاری قائیمقام (ڕەزا بەگ) نمایش کراوە، داخەکەم وێنەی ئەم شانۆگەریەم لەگەڵ کتێبخانەکەم لە گەلاڵە لە ساڵی (1974) لێ سووتا.



عەبدولوەهاب محەمەد عەلی، کەسایەتیی کوردپەروەر و ڕۆشنبیر

هەروەها لە ساڵی (1934)دا شانۆگەری (ئۆتیللۆ)ی شکسپیر نمایش کراوە.
لەم ڕۆژگارەدا چایخانەی (سەید عەزیز) هەبووە، کە لە ساڵی (1926)دا کراوەتەوە بۆ دانیشتن و کات بەسەربردن، سەید عەزیز گرامافۆنێکی کڕیبوو بۆ گوێگرتن لە گۆرانی، هەر کە چایخانەکەی دەکردەوە یەکسەر گرامافۆنەکەی ئامادە دەکرد و قوڕمیشی دەکرد و قەوانێکی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی دەخستەسەر، خەڵکی بە تاسە و خۆشییەوە گوێیان لێدەگرت. بەمجۆرە دانیشتوانی ڕواندز ڕۆژبەڕۆژ حەز و ئارەزوویان بۆ گوێگرتن لە گۆرانی و چێژ لێوەرگرتنی زۆرتر دەبوو.
لە دوای نەمانی چاپخانەی (زاری کرمانجی) و وەستانی گۆڤاری زاری کرمانجی، بۆشاییەکی گەورەی ڕوناکبیری و هونەری لە ناوچەکەدا دروستبوو، سەرەڕای ئەوەش لە ساڵانی چلەکاندا، بەشێکی زۆری لاوە خوێندکارەکانی ڕواندز بۆ درێژەپێدانی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی چوونە هەولێر، لەوێوە پێوەندی و بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ لاوە ڕوناکبیرەکانی هەولێر و کۆیە و



سەید عەزیز چایچی، هونەردۆست و ئارەزوومەندی مۆسیقا

شەقلاوە دروستبوو. بەشی زۆریشیان لە پێناوی کوردایەتی و خەباتکردندا پێوەندییان بە (حزبی هیوا)وە کرد، لەوانە (شێخ سلێمان مستەفا) و (عەلی مەکتەبە) و (سەبری نەجیب) و (جەلال حەمەدەمین دەرگەڵەیی) و (عەبدولوەهاب محەمەد عەلی) و (ئەحمەد دیاب محەمەد عەلی) و چەندانی دیکەش.

بەو پێیە هەستی نەتەوایەتی و کوردپەروەری پەرەی سەند و لاوەکانی شار بە گەرمی پێشوازییان لێکرد، بەتایبەتی لە دوای هاتنی چەند مامۆستایەکی کوردپەروەر بۆ ڕواندز، کە لە ڕێگەی سروودە نیشتمانییەکان کە لە قوتابخانەکاندا دەوترانەوە، زیاتر گەشە و برەویان بە گیانی کوردایەتی و خۆشویستنی نیشتمانەوە دا، یەکێك لەو مامۆستا بەڕێزانەش (حەیدەر عوسمان) بوو، کە دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو و ئێمەی قوتابیانی ئەو سەردەم بە ئارەزوویەکی زۆرەوە سروودەکانمان ئەزبەر دەکرد.




حەیدەر عوسمان، مامۆستای دەنگخۆش لە قوتابخانەی ڕواندزی سەرەتایی کوڕان ساڵی (1946)

لە ساڵی (1942–1943)دا، بەڕێزان (عەلی مەکتەبە) و (سەبری نەجیب) کتێبخانەیەکیان بە ناوی (سەرکەوتن) لە ڕواندز کردەوە، کە دواتر لەسەر داواکاری (پیرەمێرد)ی شاعێر ناوەکەیان

بۆ (پێشکەوتن) گۆڕی، کە بەشی زۆری کتێبەکانی خەڵك وەکو دیاری دەیبەخشین، کتێبەکانیش بۆ فرۆشتن نەبوون، بەڵکو بەبێ بەرامبەر بە ماوە دەدرانە خەڵك و دوای خوێندنەوە دەیانگەڕاندنەوە. بەم شێوەیە تا ڕاددەیەك ڕواندز لە کاروانی ڕۆشنبیری و هونەری دانەبڕا.

لەلایەکی دیکەوە هەر لە ساڵانی چلەکانەوە مامۆستا (مونیر قەساب)، کە مامۆستایەکی بە ڕەگەز جوولەکە بوو، لە بواری شێوەکاریدا هونەرمەندێکی دەستڕەنگین بوو، ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە هاندانی قوتابیان بۆ پەروەردەبوون بە گیانی هونەری و چێژوەرگرتن لە جوانی و ئیستاتیکای هونەری بەرز و بەرەوپێشچوونی ئاستی هونەری قوتابیانی ڕواندز و لاساییکردنەوەی سروشتی شارەکە. من کە قوتابی ئەو مامۆستا هونەرمەندە بووم، لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییدا لە وانەی هونەر دەیبردینە دەرەوەی پۆل، خۆی بەرامبەر بە ڕووداو و هاتوچۆ و مرۆڤ و ئاژەڵەکان و ژنە ماستفرۆشەکان بە خۆیان و توورەگەکانیان و دارفرۆشەکان دادەنیشت و بە پێنووس سکێچی نەخش دەکردن و سەرنجی ئێمەی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا و ڕێنمایی دەکردین، کە چۆن ئەم هێڵانە دەکێشرێن و ئێمەش بەو هەستە ناسکەی منداڵییەوە بە ئاواتەوە بووین ڕۆژێك بێت وەکو ئەو مامۆستایە نیگار بکێشین. گەلێك جاریش یەکێك لە قوتابییەکانی لەسەر کورسی یان بەردێك دادەنیشاند و وێنەی دەکرد، وەکو مۆدیلێك و لە دواییشدا پیشانی قوتابییەکانی دەدا.



عەلی عەبدوڵڵا (عەل مەکتەبە)، خاوەنی یەکەم کتێبخانە لە ڕواندز بەناوی (پێشکەوتن).




مونیر قەساب، مامۆستا و هونەرمەندی شێوەکار (1946)

ئەو مامۆستایە لە ڕێگەی ئەو هونەرە بەرزەیدا قوتابیانی پەروەردە دەکرد و هەستی دەبزواندن، بە جۆرێك کە لە دواڕۆژدا بەشێك لەو قوتابیانە ڕێگەی هونەر بگرنە بەر.

من یەکێکم لەو قوتابیانە، هەروەها پرۆفیسۆر (محەمەد عارف)یش، کە لەگەڵ ئێمەدا قوتابی بوو، یەکێکیترە لەو قوتابیانەی کە ڕێگەی هونەری گرتەبەر و لە دواییشدا بوو بەو هونەرمەندە گەورەیەی کورد، کە هەموومان شانازیی پێوەدەکەین.

هەروەها لەگەڵ چەند قوتابییەکی دیکەش (شەنگ ئەحمەد خدر) و (فەرهاد شاکر مەجروم) و (سەدیق مەلا حەمەدەمین) و (ئەحمەد جەلال قەساب).



محەمەد عارف سیامەنسوری، هونەرمەندی ناوداری کورد، کە لە ڕواندز لە دایك بووە



فەرهاد شاکر مەجروم، مامۆستای دەستڕەنگین و کوردپەروەر

هەروەکو لە پێشدا باسمان کرد، کە مامۆستای نیشتمانپەروەر (حەیدەر عوسمان) بە دەنگە خۆشەکەی گیان و هەستی ئێمەی دەخستە جۆش‌و خرۆش، بە تایبەتی لە ڕێگەی سروودە نیشتمانییەکانی وەکو (تا دەست لە مل هیوا نەکەم) و (ئەی کوردینە) و (براینە لەخەو هەڵسن) و (بولبول بە نەغمەی) و (چەند شیرینە لام دار و بەردی وەتەنم) و زۆر سروودی دیکە. ئەم

سروودانە و ئاوازەکانیان زۆر کاریان دەکردە سەر دەروون و هەست و مێشکی من، کە لە دوای چەندان ساڵدا ئەم بەهرەیە لەلای من سەری هەڵدا. لە قوتابخانەی ڕواندز چەندان قوتابی



سەدیق حاجی محەمەدەمین، مامۆستا و هونەرمەندی شێوەکار



ئەحمەد جەلال قەساب، مامۆستا و هونەرمەندی پەیکەرتاش

دەنگخۆش هەبوون، لە تیپی سروودی قوتابخانە بوون لەوانە: (سەدیق سلێمان ئەحمەد گۆتی، ساڵح سلێمان ئەحمەد گۆتی، عوسمان مەلا محەمەدەمین، کەریم قادری خەزارێ، ڕەمزی سەیدەحمەد، سلێمان عەبدوڵلا) چەندانی دیکەش. یەکێك لە نەریتە کۆمەلایەتییە دیارەکان مەڕاسیمی بووك گواستنەوە بوو. لە مەڕاسیمێکی تایبەتدا لاوەکان تفەنگ لە شان و بەڕانك و چۆغەی ئاوریشمچن و شەدەی بەڕیشی لەسەر و کارەکی بە گوفکەی ئاوریشم لە پێ، بە سواری ئەسپ ماوەیەك تاکو بووك ئامادە دەبوو ڕمبازییان دەکرد و گۆرانی (هەی مەتارێزیان) دەوتەوە و یەکێك دەیوت و ئەوانی دیکە دەیانگێڕایەوە، ئەو ناوە پڕدەبوو لە خۆشی و ئاوازی بە سۆز، ئەوجا ژنەکان بەر لە هێنانەدەرەوەی بووك لە ماڵێ، ژنێکی دەنگخۆش گۆرانی (دەلالێ مەگرە و مەگازینە)ی بە ئاوازێکی تایبەت دەوت و ئەوانی دیکە دەیانگێڕایەوە، لە کاتی هێنانەدەری بووکیش بە کۆمەڵ گۆرانی (بووکانە بووکانە بووکێ) دەوترا و بووك سواری ماینێکی ڕازاوە دەکرا و کەژاوەی لەسەر هەڵدەدرا و یەکێکیش (کە بەلایەنی زۆرەوە جوولەکە بوو) ئاوێنەیەکی بە

پشت هەڵدەگرت و ڕووبەڕووی بووکێی دادەنا و لە پێشەوە دەڕۆیشت و سوارەکانیش لە دواوەی بووکێ تاکو دەگەیشتنە ماڵی زاوا. لەوێ کچ و کوڕ لەسەر ئاوازی گۆرانی شایی یان ئاوازی شمشاڵ یان دەهۆڵ و زوڕنا دەستیان دەکرد بە ڕەشبەڵەك و شایی سێپێیی و ڕۆین و سووسکەیی و شێخانی، ئەم نەریتە تاکو ساڵی حەفتاکان هەر باو بوو.

دێینەوە سەر باسی شانۆ، لە ساڵی (1943)دا، شانۆگەریی (دڵداری و پەیمانپەروەری) نمایش کراوە، کە لە نووسینی (ا.ب. هەوری) و ئامادەکردنی شەهیدی نەمر (محەمەد قودسی) بوو، کە ئەوکات ئەفسەری تەجنیدی ڕواندز بووە. ئەکتەرە بەشداربووەکان ئەمانە بوون:

عەبدولوەهاب محەمەد عەلی ئاغا (حاکم) — عەلی مەکتەبە (بەردەست)

سەیدا ئەحمەد گۆتی (ژن) — محەمەد قودسی


ئەنوەر مستەفا ئەفەندی (کۆمبارس) — سەبری نەجیب نەورۆز (بەهرام بەگ)

فایەق مەحمود (شێرۆ) برای محەمەد قودسی

لە ساڵی (1945)دا شانۆگەریی (کچی داوێن پاك) نمایش کراوە، کە لە نووسینی (ا.ب. هەوری) بووە، لەسەردەمی مامۆستا (عەبدوڵڵا سامی) کە ئەوکات بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕواندز بووە، بەڵام بەداخەوە هیچ زانیارییەکم لەسەر بەشداربووانیدا نییە.



سەبری نەجیب، کەسایەتیی کوردپەروەر و ڕۆشنبیری ڕواندز، لەگەڵ (عەلی مەکتەبە) یەکەمین کتێبخانەیان بە ناوی (پێشکەوتن) کردۆتەوە



جەلال سەعید خەیلانی، مامۆستای کوردپەروەر و ڕۆشنبیری ڕواندز

لە ڕۆژی (1947/3/21)دا ئاهەنگێکی جەماوەریی جوان لە گۆڕەپانی قوتابخانەی سەرەتایی ڕواندز گێڕدراوە، لەم ئاهەنگەدا چەند وتارێك بە زمانی کوردی و عەرەبی پێشکێش کران، لەگەڵ چەند سروودێکی نیشتمانی و دوو جۆرە هەڵپەڕکێ. ئەمەش یەکەمین جار بوو لە شاری ڕواندز بەم شێوەیە یادی نەورۆز بکرێتەوە و لێرەدا چەند لاوێکی ئەم شارە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەڕێوەبردنی ئاهەنگەکەدا هەبووە لەوانە: (عەلی مەکتەبە، شێخ سلێمان مستەفا، حوسێن حاجی تاهیر، حەسەن حاجی تاهیر، سەیدا عومەر). ئەم ئاهەنگە کاریگەریی لەسەر دەروونی خەڵکی شاردا هەبوو، چ لە ڕووی نەتەوایەتی و ناسینی جەژنی نەورۆز وەکو جەژنێکی نەتەوەیی و چ لە ڕووی هونەرییەوە، کە یەکەم جار بوو خەڵك گوێی لە سروودی نیشتمانی ببێت، لە ئاهەنگێکی گشتی و کراوەدا. هەروەها لەساڵی (1948)دا ئاهەنگی نەورۆز لە گەردەگەردی ڕواندز گێڕدرا و یەکەم جار بوو لە مێژووی ئەم شارە ژن بەشداری لەم جۆرە ئاهەنگانەدا بکات. لە کتێبی (ئافرەت لە شانۆی کوردیدا)ی مامۆستا (مەغدید حاجی) لاپەڕە (184)دا هاتووە: "لە

چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ مامۆستا (شوکریە محەمەدەمین دێوانە) چەند بیرەوەرییەکی بەنرخی بۆ گێڕاینەوە وەکو لە نەورۆزی (1948)دا لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کانوون، ئاهەنگێکی گەورە لە شاری ڕواندزدا سازکراوە و قائیمقام و خەڵکێکی زۆری بۆ بانگکراوە. لەم ئاهەنگەدا خوشکە (مەقبولە حوسێن) وتارێکی ڕامیاریی کاریگەری خوێندەوە و لەلایەن کچە قوتابییەکانیشەوە چەند سروود و چالاکییەکی هونەری پێشکێش کران، یەکێك لە چالاکییەکان بریتی بوو لە پێشکێشکردنی ئۆپەرێتی شیعری (نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە)ی فایەق بێکەس بە شێوەی گفتوگۆ و نمایشێکی ساکار. من (شوکریە محەمەدەمین) کە لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی سەرەتایی کچانی ڕواندز ڕۆڵی (پیاو)م بینی. ئەوکات مامۆستا (سەعدیە سەعید) بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان بوو".



مامۆستا و چەند قوتابییێکی قوتابخانەی ڕواندزی سەرەتایی کچان (1944)

بەپێی ئەو بەڵگەیە بێت دیارە ژنیش لەو ڕۆژگارەدا ڕۆڵی خۆیان لە بزاڤی هونەری و ڕۆشنبیریدا بینیوە، ئەمە یەکەم جار و یەکەم هەنگاو بووە لە شاری ڕواندز. ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی بیرەوەرییەکە بکەین، دەبینین بزاڤەکە زیاتر خزمەتی لایەنی ڕامیاریی کردووە نەوەك هونەر! ئەمەش لەبەرئەوە بووە، ئەو لاوانەی کە ئەم جۆرە ئاهەنگانەیان سازدەکرد هەموویان کەوتبوونە

ژێر کاریگەریی ئایدیای (مارکسی–لینینی). زۆر ئاساییە کەوا هەر کەسێك بەپێی بیروبۆچوون و ئایدیای خۆی چالاکییەکان ئاراستە دەکات، هەندێکیش لەو لاوانە کەوتبوونە ژێر هەستی نەتەوایەتی و ئەوانیش بزاڤەکانیان بەرەو ئەو ئاقارە ئاراستە دەکرد. ئەمەش لە داهاتوودا کارێکی نەرێنی (نێگەتیڤانە)ی کردە سەر ڕەوشی هونەری و ڕۆشنبیری لە شاری ڕواندزدا و لاوە ڕۆشنبیرەکانمان لەجیاتی ئەوەی ڕوو لە ئەدەب و هونەر بکەن، کە بناغەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە، کەوتنە ململانێی سیاسی و ئەدەب و هونەر فەرامۆش کران.

هەر لە چلەکاندا هەندێك هونەرمەند لە بواری شێوەکاری سەریان هەڵدا و بەدەرکەوتن، کە تەنیا ناوی (حوسێن میرزا حەسەن) کە بە (حوسێنی مەمی خانێ) ناسراوە گەیشتۆتە دەستمان. ئەم هونەرمەندە بەهرەیەکی زۆر باشی لە هێڵکاری و نیگارکێشان و خۆشنووسیدا هەبووە، بەڵام وا دیارە زۆر پەرەی بە هونەرەکەی نەداوە، بۆیە هیچ بەرهەمێکی هونەری لە دوادا بەجێ نەماوە و دیارە ئەویش سەرقاڵی کاری سیاسی بووە، چونکە ئەندامی (حزبی هیوا) بووە.

لە ساڵی (1949)دا خوێندنگەی ناوەندیی ڕواندز کرایەوە، ئەویش هەر وەکو بەڕێز (د.ئەسعەد خەیلانی) لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری (کۆوار)دا ئاماژەی بەوە کردووە کە: "بە هیممەت و هەوڵدانی خوالێخۆشبوو (شەفیع ئەفەندی) کە (کاتب تەحریر) بوو لە قائیمقامیەتی قەزای ڕواندز، کە دەکاتە باوکی مامۆستا (سەلاحەددین) لە ڕێی (محەمەد عەلی مستەفا) کە ئەوکات بەڕێوەبەری گشتیی فێرکردنی ناوەندی بوو، توانی ڕەزامەندی بۆ کردنەوەی خوێندنگەی ناوەندی وەربگرێت، بەڵام بە مەرجی دابینکردنی شوێنێکی بێ بەرامبەر و دیارکردنی بەردەستێکی بێ بەرامبەر بۆ ماوەی ساڵێك، لە دوای کۆکردنەوەی پارەی کرێی خانوو و ڕازیکردنی (قادر وەستا ئەحمەد) بۆ بەردەست، خوێندنگە کرایەوە و بەڕێوەبەری بۆ داندرا کە (عەبدولحەمید حەمەد ساڵح دەباغ)ی خەڵکی کۆیێ بوو، کردنەوەی خوێندنگەی ناوەندی بەڕاستی زۆر گرفتی لابرد لە بەردەم دەرچووانی شەشەمی سەرەتایی".

هەروەها بوو بە ڕێنیشاندەر و هاندەر بۆ بەرەو پێشەوە بردنی لایەنی ڕۆشنبیری لە شارەکە و سەرهەڵدانی بزاڤی هونەری، کە لە داهاتوودا بە درێژی باسی لێوە دەکەین، بە تایبەتی بوارەکانی (شانۆ و شێوەکاری).

هەر لە کتێبی (ئافرەت لە شانۆی کوردیدا)، مامۆستا (مەغدید حاجی) لەو دیدارەی لەگەڵ مامۆستا (شوکریە محەمەدەمین دێوانە)دا نووسیویەتی: "لە ساڵی (1956–1957)ی خوێندن


شانۆگەری (لەڕێی نیشتمان) لە هۆڵی قوتابخانەی ڕواندزی سەرەتایی کوڕان پێشکێش کراوە و تێیدا قوتابی (پاکیزە مستەفا) تەمسیلی کردووە". من یەکێك بووم لە ئامادەبووانی ئەم شانۆگەرییە، کە بەپێی توانا بنەماکانی شانۆی لە ڕووی دیکۆڕ و ڕووناکی و دیالۆگ و جوولە و ئێکسسوار و ماکیاژەوە تێدا ڕەچاو کرابوو. ئەم شانۆگەرییە لە عەرەبی وەرگیراوە بە ناوی (فی سبیل التاج) و (مستەفا لوتفی مەنفەلوتی)و لە فەڕەنسییەوە لە شانۆگەرییەکەی (کۆربی) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و (ڕەفیق چالاك)یش کردبووی بە کوردی و دەرهێنانی (حەسیب رەسول ناجی)، کە ئەوسا لە ناوەندی ڕواندز نووسەر بوو و مامۆستا (ئەنوەر سلێمان)یش بەڕێوەبەری خوێندنگە بوو، بەشداربووان بریتی بوون لە:

| | |
|---|---|
| ئەنوەر سلێمان | حەسیب رەسول ناجی |
| محەمەد مەنگوڕی | سالار عوسمان |
| تۆفیق سلێمان | ساڵح قادربەگ |
| محەمەد عەبدوڵلا سلێمان | سەدیق حاجی محەمەدەمین |
| پاکیزە مستەفا | |

حەسیب ڕەسول ناجی لە بواری هونەری شێوەکاریدا بەهرەمەند بوو، لە تابلۆ دیارەکانی نیگاری (مەلای ڕەش) بوو، کە بە ڕەنگی ڕۆنی لەسەر فایبەر کێشابووی و تا ساڵانی حەفتایەکان ئەم تابلۆیە هەر مابوو، بەڵام لەگەڵ وێرانبوونی ڕواندز لە ساڵی (1974)دا، ئەویش وەکو زۆر لە تابلۆکانی هونەرمەند (دانیال قەساب) و (مونیر قەساب) و سەرچاوە و دیکۆمێنتی دیکە لەناوچوون. زۆربەی قوتابییە بەهرەدارەکانی بواری شێوەکاری گەلێك سوودیان لەم هونەرمەندە وەرگرت و یەکێك لەوانە (سەدیق حاجی محەمەدەمین) و (ئەحمەد جەلال قەساب) بوون، کە ئەوەی دووەمیان پەیکەرسازێکی لێهاتوو بوو. هەروەها مامۆستا (فوئاد رەسول ناجی) ماوەیەك لە قوتابخانەکانی ڕواندز مامۆستا بووە و ئەویش کاریگەریی خۆی لەسەر زۆر لە قوتابیان هەبووە، وەکو (فەرهاد شاکر مەجروم) و زۆری دیکەش.

هەروەها هاتنی مامۆستا (سابیر عەبدوڵلا جەڕڕاح) کە هونەرمەندێکی شێوەکار بوو و وانەی هونەری لە قوتابخانەی زۆزك دەگوتەوە، کاریگەرییەکی زۆری لە بەرەوپێشەوە بردنی بزاڤی هونەری شێوەکاری لە ڕواندزدا هەبووە، ئەویش بە بەشدارکردنی لە پیشانگای قوتابخانەکاندا و

هاندانی قوتابییە بەهرەمەندەکانی ئەم بوارە، لە نامەیەکیدا بۆ من فەرموویەتی: "لەم ساڵانەدا واتە لە (1956 و 1957 و 1958)دا، کە بەڕێز (فەوزی جەمیل سائیب) قائیمقامی قەزای ڕواندز بوو، هەردەم هانی قوتابیانی دەدا بۆ بەرەو پێشەوە بردنی هونەر و خزمەتکردنی شار".



فەوزی جەمیل سائیب، قائمقام و هونەردۆست و خزمەتگوزاری شاری ڕواندز (1956)

مامۆستا (سابیر عەبدوڵڵا) و (حەسیب ڕەسول ناجی) کە لە هەمان ڕۆژگاردا لە ڕواندز بوون، جموجۆڵێکی بەرچاویان لە بزاڤی هونەری (شانۆ و شێوەکاری)دا هەبووە، چ لە هاندانی قوتابیان و ئارەزوومەندان و ڕاهێنان و مەشق لەسەر هێڵکاری و نیگارکێشان و بەرکارهێنانی جۆرەکانی ڕەنگ لە کاری هونەریدا بێت یان لە بواری شانۆدا بێت، بە پێشکێش کردنی چەندان شانۆگەری و بەشداریی قوتابییە ئارەزوومەند و بەهرەدارەکانی شار. هەروەها ئەم دوو مامۆستایە (سابیر و حەسیب) بە هاوکاری قوتابیانی ناوەندی ڕواندز یەکەم بەردی بناغەی تەختەی شانۆیان لە هۆڵی قوتابخانەی ڕواندزی سەرەتایی کوڕاندا دامەزراند، هەروەکو مامۆستا سابیر لە نامەیەکدا بۆ من

نووسیویەتی: "لە 14ی تەمموزی 1958دا شۆڕش هەلگیرسا و گەلی کوردیش کەوتە دەربڕینی شادی و بەختیاری و تامی ئازادی چەشت و کۆت و بەند شکێنران. لەم ساڵەدا زۆر ئاهەنگ و شانۆگەری پێشکێش کراون، کە ڕۆڵێکی باشیان هەبووە لە بزاڤی هونەری و بەرەو پێشەوە چوونی لە شاری ڕواندز و هەروەها چەندان پیشانگەی شێوەکاری لە ناو قوتابخانەکانی ڕواندز کراونەتەوە، بێجگە لەو ئاهەنگە ئاساییانە بە بۆنەی بووك گواستنەوە و زەماوەند ساز دەکران".

لەم ساڵەدا گرنگترین ئەو شانۆگەرییانەی کە نمایيش کراون ئەمانە بوون:

1- (ملاك الرحمة) لە نووسینی (تۆفیق حەکیم)ەو مامۆستا (سابیر عەبدوڵلا) لە عەڕەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بە ناونیشانی (زانا و ئاشتی)، کە لە ساڵی (1958)دا نمایيش کراوە و چەندان جارە بۆتەوە، جاری وا هەبووە شەوانە دووجار نمایيش کراوە.

مامۆستا (سابیر عەبدوڵلا) لەم شانۆگەریەدا رۆڵی (زانا)ی بینیوە و چەندان قوتابیش بەشدارییان تێدا کردووە. هاوکات لەگەڵ پێشکێشکردنی ئەم شانۆگەریەشدا زەماوەند و هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەکی کچ و کوڕانی ڕواندز و مامۆستایان هۆڵەکەیان دەهەژاند. هەروەکو مامۆستا سابیر لە نامەکەیدا نووسیویەتی: "ئەو خوشکانەی بەشدارییان لەم زەماوەند و ئاهەنگەدا دەکرد، ئەمانە بوون: دایکی کوردستان خێزانی عەقید شەوکەت، ڕابیعەخان و شوکریەخان و گولیزارخان و زۆری دیکەش...".

2- شانۆگەریی (کاوەی ئاسنگەر) ساڵی (1958)، ئەکتەرەکانی:

| | |
|---|---|
| محەمەد مەنگوڕی | شەهید یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی |
| جەمال سەیدا | محەمەدەمین گورگۆ |
| سمکۆ محەمەد ساڵح | فەرهاد محەمەد مستەفا |
| کوردۆ غەفور | جەمشید مستەفا |
| شوکریە حاجی نەبی | سوڵحیە ئەحمەد کەمال |
| جەلال عوسمان | عەزیز حاجی حوسێن |

3- ئۆپەرێتێکی شیعری بە ناوی (پەپوولە) لە نووسینی (عەبدولڕەزاق بیمار)، لە هەمان ساڵدا پێشکێش کراوە.

4- شانۆگەریی (ئافرەت و نووشتە) (جادوگەر) دەرهێنانی (عومەر هەڵمەت) ئەم بەڕێزانە رۆڵیان تێدا بینیوە:

شوکریە محەمەدەمین دێوانە حەلیمە خورشید

پاکیزە مستەفا

5- شانۆگەریی (ڕۆژی ئازادی) لە نووسینی (محەمەد مەنگوڕی)، کە لە مانگی ئابی 1958دا لە باخچەی گشتیی ڕواندز نمایش کراوە. ئەکتەرەکانی:

کوردۆ غەفور محەمەد حەسەن مەنگوڕی

یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی تاهیر شەنگە

عەزیز حاجی حوسێن



ئاهەنگی نەورۆز (1959).

6- شانۆگەریی (سەرتاش) کە شانۆگەرییەکی کۆمێدی بوو، ئەکتەرەکانی:

کوردۆ غەفور (سەرتاش) محەمەد حەسەن مەنگوڕی (شاگرد)

جەلال عوسمان ئەکرەم عەباس

7- شانۆگەریی (بۆ کوردستان) لە ساڵی (1959) لە ڕواندز و هەریر و شەقڵاوە نمایش کراوە، ئەکتەرەکانیشی:

محەمەد حەسەن مەنگوڕی جەلیل مەلا حەسەن

| | |
|---|---|
| یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی | فەرهاد محەمەد مستەفا |
| محەمەد عەبدولڕەحمان | سمکۆ محەمەد ساڵح |
| جەمال سەیدا | کوردۆ غەفور |
| جەمشید مستەفا | شوکریە حاجی نەبی |

ئەم شانۆگەرییە لە نووسین و دەرهێنانی (محەمەد حەسەن مەنگوڕی) بوو.



شەهید (یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی)

8- شانۆگەریی (شەهیدان) لە ساڵی (1959) لە ڕواندز و گەلاڵە نمایش کراوە، ئەکتەرەکانی:

| | |
|---|---|
| جەمال سەیدا | محەمەد حەسەن مەنگوڕی |
| کوردۆ غەفور | فەرهاد محەمەد مستەفا |
| سمکۆ محەمەد ساڵح | جەمشید مستەفا |
| محەمەدەمین گورگۆ | |

9- شانۆگەریی (بووکی کوردستان) لە ڕواندز و لەسەر داوای شەهید (سلێمان نەبی) لە حاجی ئۆمەران نمایش کراوە، هەروەها لەسەر داوای (عەونی یوسف) لە زینوێ شێخی نمایش کراوە.



فەرهاد محەمەد مستەفا، هونەردۆست و شێوەکار

**ئەنجام:**

**ئەگەر بە وردی و بە چاوێکی ڕەخنەئامێزەوە سەرنجێك لە چالاكییە هونەرییەكانی شاری ڕواندز، بە تایبەتی لە دوای دامەزراندنی حكومەتی عێراق و بوون بە قەزا لە ساڵی (1923)دا بدەین، ئەوا بۆمان دەردەكەوێت لەو ماوە دوور و درێژەدا تەنیا لە بواری شانۆدا جموجۆڵ و چالاكیی هونەری زۆر بووە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مامۆستا دڵسۆزانەی كە لە ناو شاردا دامەزران و بایەخیان بەم بوارە داوە، لەپێناو وشیاركردنەوەی خەڵك و بەسەربردنی كاتێكی خۆشدا. هەروەها لە دوای ساڵی (1958) و شۆڕشی 14ی تەمموز، ڕەهەندێكی دیكەی وەرگرت، كە لایەنی ڕامیارییە، ئەویش لەبەر بوونی كەشوهەوای ئازادی و سەربەستیی ڕادەربڕین. باری هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری هیچ پێشكەوتنێكی وای بەخۆیەوە نەدی، كە شایانی دڵخۆشی بێت، بە بەراورد لەگەڵ شارەكانی دیكەی كوردستان بزاڤەكە زۆر كز و لاواز بوو. بەم ماوە دوور**

و درێژە هیچ تیپێکی شانۆیی و گرووپێکی مۆسیقی و هونەرمەندێکی شێوەکار سەری هەڵ نەدا، کە ئەوەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

1- بارودۆخی نالەبار و سەختی شاری ڕواندز بە گشتی لە ڕووی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و داگیرکردن و وێرانکاری و تالآنکردن و سووتانی شارەکە و ئاوارەبوونی چەندان جارەی دانیشتوانی شارەکە.

2- نەبوون و بەدەرنەکەوتنی کەسێکی بە توانا و دڵسۆز و خەمخۆر، کە ئەم خەمە گەورەیە هەڵبگرێتو خۆی بۆ ماندوو بکات و قوربانی لەپێناودا بدات.

3- دووریی شاری ڕواندز لە شارە گەورەکان و نەبوونی پەیمانگا و دامودەزگای هونەری پێویست بۆ ئەم مەبەستە.

4- نەبوونی کادیری هونەری لەناو شار و رۆڵوبەریدا، ئەوانەی کە کاری هونەریشیان ئەنجام دەدا، تەنیا کەسانێکی ئارەزوومەند بوونە و گومانی تێدا نییە، کە لە ناو کۆمەڵگاشدا بەربەرەکانییان کراوە، چ لەڕووی نەریتی کۆمەڵایەتیی دواکەوتوو یان لەڕووی بیروباوەڕی تەسکی ئایینییەوە بێت.

ئەمانە هەموو بوون بە بەربەستێك لەبەردەم گەشەکردنی بزاڤی هونەری و ئەدەبیدا. هەر کاتێك زەمینە و بارودۆخێك ڕەخسا بێت، ئەم بزاڤە پەرەی سەندووە و لاوەکانمان بە پیرییەوە چووینە، بەلآم بەشی هەرە زۆری لاوەکانی سەردەمی پێشوو کەوتنە ژێر کاریگەری و تەوژمی هەستی نەتەوایەتی و ڕامیاری، ئەوەندەی خەریکی خۆ ڕێکخستن بووینە لە ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان و خەباتکردندا لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان، هێندە نەپرژاونەتە سەر کارکردن لە بواری هونەر و ئەدەبدا.

لە ساڵی (1960) بارودۆخی سیاسی ئاسایی و لەبار بوو، بۆیە لە جەژنی نەورۆز و بۆنەکانی وەکو یادی (شەهیدانی 19)ی حوزەیراندا، مەڕاسیمی تایبەت سازدەکرا و وتار و شیعر و پەخشان و هەندێك سروودی نیشتمانی و چالاکیی دیکە پێشکێش دەکران، بەلآم لەبەر نەبوونی تیپی مۆسیقا و کەسانێکی لێزان و شارەزا لە مۆسیقا، یان تەنیا ئامێرژەنێکی مۆسیقا، بزاڤی هونەری مۆسیقا زۆر کزبوو و دەتوانین بڵێین هونەر لە ڕواندزدا هەر نەبووە. زۆرجار (محەمەد عارف و حەسەن جەزراوی) دەهاتنە ڕواندز و ئاهەنگیان لە یانەی فەرمانبەران یان لە چایخانەی

(سەعید نادی)دا دەگێڕا ، کە لە ناوەڕاستی شار بوو. لە قوتابخانەکانیشدا بێجگە لە سروودەکانی ڕۆژانەی ناو قوتابخانە، پیشانگەی ساڵانە بۆ بەرهەمی قوتابیان سازدەکرا و پێشبڕکێی لەسەر دەکرا.

**ساڵی (1961–1970):** بە هۆی ئاڵۆزی و تێکچوونی باری سیاسی لە عێراق بە گشتی و لە کوردستاندا بە تایبەتی، لە ئەنجامی سیاسەتە چەوتەکانی (عەبدولکەریم قاسم)دا بەرامبەر بە کورد و هەڵگیرسانی شۆڕشی (11)ی ئەیلول و ڕاونان و گرتنی خەڵکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر و توند کردنیان لە کونجی بەندیخانەدا و ڕوو لە شاخ کردن و پێوەندی کردن بە شۆڕش و بوون بە پێشمەرگە، خەڵکەکەی بە جارێك شڵەژاند. لە ئەنجامیشدا بزاڤی هونەری ڕاوەستا و پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەبینی، بە تایبەتی لە شاری ڕواندزدا، سەرەڕای ئەم بارودۆخە نالەبارە چەند جوولانەوەیەکی شانۆیی سەریانهەڵدا کە ئەمانەن:

1– شانۆگەریی (هەڵە)، لە ئامادەکردن و دەرهێنانی مامۆستا (سەردار فەتاح) بوو. لەم شانۆگەرییەدا مامۆستا (جەمال ئەحمەد حارس) ڕۆڵی ژنی بینیوە و هەروەها مامۆستا (ئەنوەر قادر مەولود) وەکو ئەکتەر لە شانۆگەریەکە بەشداربووە.

2– شانۆگەریی (پیسکەی تەڕ پیر)ی (مۆلێر)، کە لە دەرهێنانی (عومەر هەڵمەت) بووە و ساڵی (1962) لە هۆڵی قوتابخانەی ڕواندزی سەرەتایی کوڕاندا نمایش کراوە و ئەمانە ڕۆڵیان تێدا بینیوە:

| | |
|---|---|
| عومەر هەڵمەت (پیسکەی تەڕ پیر) | سیروان سەید ئەحمەد (کچ) |
| هیوا سەید ئەحمەد (دڵدار) | عەبدولقادر دەروێش (باجی ئایشێ) |
| محەمەد عەبدوڵلا سلێمان | فەرهاد محەمەد مستەفا (مچە) |
| تۆفیق سلێمان | عەلی سەدیق محەمەد |
| حیکمەت عەبدوڵلا حوسێن | |

لە ساڵانی (1963، 1964، 1965): لە دوای هەڵگەڕانەوەی بەعس لە (8ی شوباتی 1963)دا و لابردنی عەبدولکەریم قاسم و دامودەزگاکەی و دامەزراندنی ڕێکخراوی شۆڤینی و تیرۆرستی (حرس قومی)، ئەو حیزبە کەوتە گیانی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەران و کوشتن و تاڵانکردن و ڕاگواستن و توندکردن لە بەندیخانە و بە تایبەتی لە دوای هەرەسهێنانی وتووێژی سەرکردایەتی کورد و ڕژێمە فاشیستەکەی بەعس. فاشیستەکان دەستیان کردەوە بە جموجۆڵی

سەربازی و هێرشی توندیان کردەوە سەر کوردستان و بەوپەڕی دڕندایەتی کەوتنە گیانی ڕۆڵەکانی کورد و ڕواندزیش زێتر لە هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان کەوتە بەر شالأوی توندی ڕژێم و بوو بە گۆڕەپانی ململانێ و شەڕ و پێکدادان و بەرەنگاربوونەوە بە هۆی ئەوەی کە ستراتیژیەتی هەڵکەوتەی ڕواندز لەڕووی سەربازییەوە کەوتبووە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزی داگیرکەر، هەندێك لە ڕۆڵەکانی شارەکە دەستگیرکران و ڕەوانەی گرتووخانەکانی هەولێر و کەرکوك و نوگرەسەلمان کران و بەشێکیشان پێوەندییان بە شۆڕشی ئەیلولەوە کرد و لە گۆڕەپانی بەرگریکردن لە خاکی کوردستاندا خۆیان دۆزییەوە. لەم بارودۆخە نالەبار و سەختەدا چەندان خێزان لە یەکدی ترازان و دەربەدەر بوون و پشێوی و نەهامەتی ڕووی لە کۆمەڵانی خەڵکی شار کرد، بۆیە لەم سالأنەدا بە دەگمەن بزاڤێکی هونەریمان دەکەوێتە بەرچاو، کە شایانی لێدوان بێت.

لە سالأنی (1966– 1968)دا: بە هۆی ناکۆکی ناوخۆی بەعسییەکان بارودۆخەکە نەختێك لە سالأنی ڕابردوو ئارامتر بوو و شالأو و هێرشکردنە سەر پێشمەرگە کەم بووەوە. بە هۆی ئەم کەشە نیوە ئارامە و بەدەرکەوتنی چەند مامۆستایەکی هونەردۆست لە ناو قوتابخانەکانی ڕواندز و دەستبەکاربوونیان لە کاری هونەری بەتایبەتی هونەری شێوەکاری، ئەوا دەتوانین لێرەوە هەنگاو هەڵبنێین و بڵێین سەرەتای بوژانەوەی هونەرە لە ڕواندز. لەو مامۆستایانەش:

| | |
|---|---|
| فەرهاد شاکر مەجروم | سەدیق محەمەدەمین برایم |
| ئەحمەد جەلال قەساب | زرار محەمەد مستەفا |
| سەردار فەتاح (مۆسیقا) | سامی عەبدولقادر (وتنەوەی دەنگ) |
| سەردار محەمەد عەلی (وتنەوەی سروود) | |

ئەم مامۆستایانە ڕۆڵێکی باشیان لە هاندانی قوتابییاندا هەبووە لە بواری نیگارکێشان و خۆشنووسی و کۆڵینی تەختە و داڕشتنی قالّی گەچ و بۆرەگ لە پیشانگەی قوتابخانەکاندا و هەمیشە مەشق و ڕاهێنانیان لەگەڵ قوتابییاندا دەکرد، بە مەبەستی فێربوون و برەودان بەم هونەرە.

تاکو سالأنی دوایی زەمینەیەکی وا نەڕەخسا و هەلومەرجی وا ڕێك نەکەوتووە بۆ دامەزراندنی تیپی مۆسیقا و تیپی شانۆ، چونکە هونەرمەندێکی وامان نەبووە، کەوا ئەم خەمە گەورەیە

هەڵبگرێت و لەلایەکی دیکەوە کەسی پسپۆڕ و دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانمان نەبووە، کە بتوانێت بەردێك بۆ بناخەی دیواری بنیاتنانی چالاکیی هونەری لە شارەکەدا دابنێت، ئەویش لەبەر نەبوونی ئەم جۆرە پەیمانگەیانە لە کوردستان، کە ئەوسا تەنیا لە شاری (بەغدا)دا هەبوو و هەموو کەسێکیش لە ڕووی داراییەوە ئەو توانایەی نەبوو لە بەغدا بخوێنێت و سەرەڕای ئەوەی لە کاتی وەرگرتنیشدا، جیاوازی لە نێوان قوتابیانی (کورد و عارەب) دەکرا، سەرباری ئەمانەش هێشتا کۆمەڵگەی ئێمە نەگەیشتبووە ئەو ئاستەی کەوا هونەر بە هەند بزانێت، بۆیە بزاڤی هونەری لە هەموو بوارەکاندا کز و لاواز بوو و لە ئاستی خۆیدا مایەوە و هیچ تەکانێکی بەرەو پێشەوەچوونی بەخۆیەوە نەدی. لێرەدا نامەوێت زۆر باسی خۆم بکەم و ڕۆڵی بەرچاوی خۆم لە هەڵگرتنی ئەم ئەرك و خەمە گەورەیە دیاری بکەم، با خەڵك و مێژوو و دانیشتوانی شارە خۆشەویستەکەم دەستنیشانی ئەو هەموو خزمەتە گەورەیەی من بکەن، کە لە بواری هونەری و کوردایەتیدا پێشکێش بە شار و نەتەوەکەی خۆم کردووە و ڕۆڵ و شوێنی من لەم بوارانەدا هەڵبسەنگێنن.

من لە بواری هونەریدا بە هەموو بەشەکانییەوە کەسێکی ئەکادیمی نیم و لە هیچ پەیمانگەیەکی هونەریدا نەم خوێندووە، بەڵام ئارەزوومەندێکی یەکجار زۆر شەیدای هونەر و جوانیم بە هەموو بەشەکانیەوە. هەر لە منداڵییەوە کە چوومە قوتابخانە و پێنووسم گرتەدەست لە ناخەوە حەز و ئارەزووم لە نیگارکێشان بوو، زۆر لاسایی وێنەکانی ناو کتێبی (الخلدونیه)م دەکردەوە، کە بە زمانی عەرەبی بوو لە پۆلی یەکەم دەمانخوێند، بەڵام لە ترسی باوکم و ماڵەوە دەمشاردنەوە، چونکە وایان لە مێشکی ئێمەدا چەسپ کردبوو کەوا نیگارکێشان حەرامە و نابێت توخونی بکەوین. لەلایەکی دیکەوە حەزم بە گۆرانی وتن دەکرد و لاسایی سروودەکانی قوتابخانەم دەکردەوە، هەتا شەوێکی زستان لە ماڵەوە باوکم داوای لێکردم، کە سروودێکیان بۆ بڵێم. ئەوکات لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی بووم، باوەڕ بکەن ئەوەندەم بەلاوە خۆش بوو، بەڵام لە شەرمان سەرم خستە ژێر لێفە و لەژێر لێفەوە سروودی (بولبول بە نەغمە)م وت، کە سەرم دەرهێنا ئارەقەیەکی زۆرم کردبوو. هەروەها لە پەنای دیوار و شوێنی چۆڵدا گۆرانیم دەگوتو بەلای خۆمەوە دەنگم هەندێك خۆش بوو. لاسایی هەندێك دەنگ و کردار و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خەڵکی لەخۆم گەورەتر دەکردەوە، بەڵام بە دزی و کەس دیار نەبووایە. ئەوەندەم بەلاوە خۆش

بوو و ئاواتیشم بوو لە قوتابخانە لە پاڵ هاوڕێیەکانمدا ببم بە ئەندامی تیپی سروود، بەڵام لەبەر شەرم نەمدەتوانی کارەکە ئەنجام بدەم...

ئایا ئەم هەموو ئارەزوو و خولیایە هەروا بە کپی دەمێنێتەوە؟! من باوەڕ ناکەم، چونکە ڕۆژگار ڕاستییەکەی سەلماند و چەند ساڵێك دواتر لە ڕێگەی تێکەڵاو بوون لەگەڵ هاوڕێیان و خەڵکی دیکەدا تا ڕاددەیەك توانیم بەسەر گریٚ وشکەی شەرمکردندا زاڵ ببم و خۆم بهاوێژمە ناو دەریای بێ سنووری هونەر و وەکو مەلەوانێکی شارەزا خۆم بگەیەنمە کەنار. خزمەتکردنی شارەکەشم لەهەر بوارێکدا بێت خولیای دووەمم بووە، ئەم هەموو شتانە هانیاندام بۆ گەیشتن بە خۆزگە و ئارەزووەکانم و لە ساڵی (1969) لە سەردانێکمدا بۆ بەغدا لە ڕێی خوالێخۆشبوو (جەلال ڕەشید) سەردانی (فازیل عەواد)مان کرد و عودێکی کۆنی بە پازدە دینار بۆ کڕیم. هەرچەندە هەوڵمدا شتێکی لێ فێربم، بەڵام کارەکە وا ئاسان نەبوو، چونکە من (ئا و بێ)ی مۆسیقاشم نەدەزانی و کەسیش نەبوو لەم بوارەدا هاوکارم بێت، بۆیە عودەکەم بە هەڵواسراوی لەماڵەوە مایەوە.

ئێمە لە قوتابخانەدا هەمیشە هەوڵمان دەدا، کەوا بەشداریی پیشانگەکانی قوتابخانە بکەین، من لە ڕێگەی هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا (سەدیق حاجی حەمەدەمین) فێری بەکارهێنانی ڕەنگی زەیتی و پۆستەر و ڕەنگی ئاوی بووم، هەروەها فێری (تخريم) دەرهێنانی تەختەی تەنك و مۆمیاکردن بووم، پێکەوە لە قوتابخانەدا کارمان دەکرد و ژوورێکی تایبەتیمان بۆ ئەم مەبەستە دانابوو و هەموو ساڵێکیش لە پیشانگەکاندا پلەی یەکەممان بەدەست دەهێنا و بەشێکی زۆری قوتابیان سوودیان لەو کارەی ئێمە وەرگرت و یەکێك لەوانە بوو بە هونەرمەندێکی شێوەکاری باش و کۆلێژی هونەری تەواوکرد ئەویش (سەلام نەورۆز) بوو. هەروەها لەم ڕۆژگارەدا لە ڕواندز چەند قوتابیی دیکە لە بواری هونەری شێوەکاری و خۆشنووسیدا پێگەیشتن لەوانە: (ڕزگار فەقێ عەولا و حەسەن ڕەمەزان و فەوزی جەودەت و وەلید حوسێن و ڕەمەزان عەلی). کە ئەمە یەکەمین جارە لە شاری ڕواندز هونەرمەندی وا پێبگەن، لە دواڕۆژیشدا پیشەی هەندێکیان بوو بە هونەر.

**11- قۆناغی ساڵی (1970-1974):**

لەگەڵ دەرچوونی بەیاننامەی (11)ی ئازاری ساڵی (1970) و کۆتایی هێنان بە شەڕ و گەڕانەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ کوردستان و هاتنەوەی بەشی هەرە زۆری پێشمەرگەکان و شادبوونەوەیان بە کەسوکاریان، ڕواندزیش وەکو هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان پێشوازی لەو بەیاننامەیە کرد و لە هەموو کووچە و کۆڵانەکان شایی و ڕەشبەڵەك و ئاهەنگ و خۆشی و دەهۆڵ و زوڕنا بوو، جموجۆڵ و چالاکیی هونەری لە سەرتاسەری کوردستاندا بوژانەوەی بەخۆیەوە بینی و بە تایبەتیش لە ڕواندز، لەهەموو بوارەکانی هونەر بە تایبەتی لە بواری شانۆ کەوتنە داهێنان و کارکردن، بە هۆی ئەو کەش و هەوا ئازاد و لەبارەی کە بۆ پەرەپێدانی بزاڤی هونەری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی ڕەخسا بوو. ئێمەی مامۆستا و خوێندکار و ئارەزوومەندانی هونەر لە ڕواندز سەرلەنوێ تەختەی شانۆی (قوتابخانەی پاشای گەورە)مان نۆژەنکردنەوە و پێداویستییەکانمان بۆ دابینکرد، کە بتوانین چالاکیی شانۆیی و ئاهەنگی تێدا سازبکرێت.

لەبەرئەوەی لەو ماوەیەدا زۆرترین چالاکی لە بواری شانۆدا کراوە، بۆیە بە پێویستم زانی لێرەدا بە دوورودرێژی بیانخەمەڕوو. ئەوەشمان لەیادنەچێت کەوا زۆربەی هەرە زۆری دەقە شانۆییەکان لە ناوەڕۆکدا لەسەر کێشەی کورد و ڕووداو و بۆنە نیشتمانییەکان بوون و بەشێکیشیان کۆمەڵایەتی و هەندێکی دیکەشیان (کۆمێدی) بوون و بۆ مەبەستی کات بەسەربردن بوون.

شانۆگەرییەکان:

1- شانۆگەریی (شوفێر)، نووسینی (ئەمین میرزا کەریم)، دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، کە شانۆگەرییەکی کۆمێدی بوو. ئەکتەرەکان:

سەردار فەتاح (بێبەخت) خاوەنی ماڵ ڕۆستەم قادر (شوفێر)

زرار محەمەد مستەفا (میوان)

ئەم شانۆگەرییە لە (1970/5/20)، لە هۆڵی قوتابخانەی پاشای گەورە نمایش کرا. ئەمە یەکەمین شانۆگەری بوو وەکو ئەکتەر تێیدا بەشدار بووم.

2- شانۆگەریی (بووکی پەردە)، دەرهێنانی (فەرهاد شەریف)، کە ساڵی (1970) لە هۆڵی قوتابخانەی پاشای گەورەدا نمایش کراوە.

3- شانۆگەریی (جەنگاوەرێکی شێت)ی (تەڵعەت سامان) و دەرهێنانی (فەرهاد شەریف)، کە لە هەمان هۆڵ و ساڵ (1970)دا نمایش کراوە.

4- شانۆگەریی (دەمەتەقەیەك) لە نێوانی مام ئەحمەد (زرار محەمەد مستەفا) و مام عەولا (ئەنوەر قادر مەولود)دا، لە ئاهەنگی نەورۆز لە گەردەگەرد لە (1970/3/26) پێشکێش کراوە، کە دەمەتەقێیەکە لەسەر جەژنی نەورۆز و مەبەست و مانای ئەم جەژنە و پیرۆزی لای کورد وەکو جەژنی نەتەوەیی بوو.

5- شانۆگەریی (شوێن کلاوی بابردوو کەوتوون)، نووسینی (ئەمین میرزا کەریم)، دەرهێنان و دیکۆر (زرار محەمەد مستەفا)، بە بۆنەی ڕۆژی قوتابیانی کوردستان لە (1974/2/18)، لە هۆڵی قوتابخانەی پاشای گەورەدا نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| زرار محەمەد مستەفا (باوك) | عوسمان مستەفا سەعید |
| محەمەد یەحیا بەگ | حەسەن ڕەمەزان |
| ئازاد جندیانی (قوتابی) | سیروان عومەر یوسف |
| کوردستان ئەسعەد (کچی گچکە) | |

دەقێکی ڕامیارییە، باس لە چەوساندنەوەی کوردان بە دەستی ڕژێمی تورك دەکات. دوژمنی کورد خەیاڵی خاوە و ناتوانێت تا سەر لە چەوساندنەوە و داگیرکاری بەردەوام بێت، وەك بڵێیت (شوێن کلاوی بابردوو کەوتوون).

6- شانۆگەریی (جام کە پڕبوو لەسەری دەڕژێت)، نووسینی (ئەمین میرزا کەریم)، دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1971/9/11) لە هۆڵی پاشای گەورە نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| زرار محەمەد مستەفا (باوك) | عوسمان مستەفا (دایك) |
| محەمەد یەحیا بەگ (سەرباز) | حەسەن ڕەمەزان |
| ئازاد جندیانی (کچ) | سیروان عومەر |
| عەبدولڕەحمان وەرتی (پۆلیس) | کوردستان ئەسعەد |
| ئەنوەر قادر مەولود | |

ئەم شانۆگەرییە خەباتی لاوانی باکووری کوردستان پیشان دەدات، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ تورکە داگیرکەرەکان و ئاشکراکردنی کردەوە و مامەڵەیان بەرامبەر بە کوردان.

7- شانۆگەریی (دکتۆر)، نووسینی (سەردار فەتاح)، دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، کە لە ساڵی (1970)دا نمایش کراوە و شانۆگەرییەکی کۆمێدی بوو.

8- شانۆگەریی (9ی ئەیلوولی ڕەش)، نووسین و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1971/9/9) لە هۆڵی پاشای گەورەدا نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| زرار محەمەد مستەفا | محەمەد یەحیا بەگ |
| حەسەن ڕەمەزان | ئەنوەر قادر مەولود |
| کوردۆ غەفور | |

ئەم شانۆگەرییە باسی لە ڕووداوەکانی (9)ی ئەیلول دەکرد و دڕندایەتیی دوژمنی لە دامرکاندنەوەی خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی کوردی ڕیسوا دەکرد.

9- شانۆگەریی (کاوەی ئاسنگەر)، نووسینی (زەکی ئەحمەد هەناری)، دەرهێنان و دیکۆر (زرار محەمەد مستەفا)، ماکیاژ (فەوزی جەودەت)، لە (1972/4/6) لە گەردەگەرد نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| زرار محەمەد مستەفا | محەمەد یەحیا بەگ |
| دلاوەر محەمەد عەلی | حەسەن حوسێن |
| حەسەن ڕەمەزان | سیروان عومەر |
| فەوزی جەودەت | قانیعە عەبدوڵلا |
| حەلیمە حوسێن | ئەمەل خەیری |
| ساجیدە عەباس | کوردستان ئەسعەد |
| پەیمان هادی | سەید سەلیم سەید نەبی |
| ڕەشید ئەحمەد ڕەسول | |

10- شانۆگەریی (شەوی کۆتایی)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی (زرار محەمەد و جەمشید مستەفا)، دیکۆر (زرار محەمەد)، ماکیاژ (فەوزی جەودەت). لە (1972/6/19) لە یادی شەهیدانی (19)ی حوزەیراندا، لە گۆڕەپانی قوتابخانەی پاشای گەورە نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| زرار محەمەد (خەیروڵلا) | ئەنوەر قادر مەولود (محەمەد قودسی) |
| ئەکرەم عەباس (مستەفا خۆشناو) | شەمسەددین ڕەسول (عزەت عەبدولعەزیز) |

حیکمەت عەبدوڵڵا (موتەسەڕیف) یوسف عەزیز ئاسنگەر (بەردەستی موتەسەڕیف)

دلاوەر محەمەد عەلی (بەڕێوەبەری پۆلیس) عەبدولڕەحمان ڕەسول وەرتی (پۆلیس)

دڵشاد غەفور (پۆلیس) کوردۆ غەفور

حەلیمە حوسێن (خوشکی خەیروڵڵا) عەزیز عەبدوڵڵا (مامۆستای ئایینی)

جەمشید مستەفا (حیکایەتخوان)

ئەم شانۆگەرییە دوا شەوی ژیانی چوار ئەفسەرە شەهیدەکە پیشاندەدات و بەر لە سێدارەدانیان نامەیەك ئاڕاستەی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان دەکەن.



شانۆگەریی (زوحاکی زۆردار)، نەورۆزی (1972)

11- شانۆگەریی (ئاغا و زۆرداری)، نووسین و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1972/6/19) لە گۆڕەپانی پاشای گەورە نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

دلاوەر محەمەد عەلی (ئاغا) زرار محەمەد مستەفا (بەردەستی ئاغا)

محەمەد یەحیا بەگ (کوێخا) حەسەن ڕەمەزان (جوتیار)

ئەنوەر قادر مەولود (جوتیار) فەوزی جەودەت (جوتیار)

ناوەڕۆکی ئەم شانۆگەرییە ململانێی نێوان ئاغا و چینی چەوساوەی جوتیاران دەخاتەڕوو، کە لە کۆتاییدا جوتیاران بە یەکڕیزی نێوانیان سەردەکەون.

12- شانۆگەریی (16ی ئاب)، نووسین و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1972/8/16) بە یادی (26) ساڵەی دامەزراندنی (پ.د.ک- عێراق)، لە باخچەی گشتیی ڕواندزدا نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

شەمسەددین ڕەسوڵ — دلاوەر محەمەد عەلی

زرار محەمەد مستەفا — حەسەن ڕەمەزان (جوتیار)

سیروان عومەر — محەمەد یەحیا بەگ

فەوزی جەودەت — فەتاح حوسێن

ئەنوەر قادر مەولود

ئەم شانۆگەرییە باسی لە مێژووی دامەزراندن و خەباتی دوور و درێژی پارتی دەکرد و ڕۆڵی ئەم حزبەی لە ڕابەرایەتی کردنی میللەتی کورد و هەڵگیرساندنی شۆڕشی (11)ی ئەیلوول دیاری دەکرد و پێویستیی خەباتی میللەتی بە حزبێکی دیموکرات بۆ ڕابەرایەتی کردنی دەخستەڕوو.



شانۆگەریی (شەوی کۆتایی) لە یادی شەهیدانی 19ی حوزەیران، (1973)

13- شانۆگەریی (میرات) لە فۆلکلۆری کوردی وەرگیراوە، ئامادەکردن و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1972/8/16) لە باخچەی گشتیی ڕواندزدا نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| زرار محەمەد مستەفا (باوك) | ئەنوەر قادر مەولود (کوڕ) |
| سەردار فەتاح (کوڕ) | محەمەد عەبدولڕەحمان (پۆلیس) |
| عومەر عوسمان (مەلا) | شاکر سەبری (پۆلیس) |
| شەمسەددین ڕەسولْ (پزیشك) | |

14- شانۆگەریی (مام عەولاّ)، نووسین و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، شانۆگەرییەکی کۆمەلاّیەتی بوو، لە (1972/9/6) لە هۆڵی پاشای گەورەدا نمایش کراوە.

15- شانۆگەریی (بەندیخانە)، دەرهێنان و وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1972/9/11) لە ڕواندز و دواتریش لە دیانا نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| زرار محەمەد مستەفا (قومسێر) | دلاوەر محەمەد عەلی (بەڕێوەبەر) |
| محەمەد یەحیا بەگ (بەندکراو) | حەسەن ڕەمەزان (بەندکراو) |
| فەوزی جەودەت (لێکۆڵەرەوە) | عەبدولڕەحمان ڕەسول وەرتی (پۆلیس) |
| عوسمان مستەفا (نووسەر) | بایز ڕەسول-مەلا بایز (پاسەوان) |

ئەم شانۆگەرییە هەڵسوکەوت و باری دەروونی بەندکراوان و ستەمی کاربەدەستانی لە ناو بەندیخانەدا بەرامبەر بە زیندانییە سیاسییەکان پیشان دەدا و ئەنجامەکەشی ڕزگاربوون و سەرکەوتنی زیندانییەکان بوو.

16- شانۆگەریی (دایکی شەهید)، نووسین و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1972/9/6) لە گۆڕەپانی پاشای گەورە نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| زرار محەمەد مستەفا (شەهید) | دلاوەر محەمەد عەلی (پێشمەرگە) |
| سیروان عومەر (پێشمەرگە) | شاکر سابیر (دایك) |

17- شانۆگەریی (بە گوڵێك بەهار نایەت)، نووسین و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1972/2/18) لە یادی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا نمایش کراوە.

18- شانۆگەریی (11ی ئادار)، نووسین و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1972/3/11) لە باخچەی گشتی ڕواندزدا نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

زرار محەمەد مستەفا شەمسەددین ڕەسوڵ

حەسەن ڕەمەزان محەمەد یەحیا بەگ

دلاوەر محەمەد عەلی

دەقی ئەم شانۆگەرییە لەبارەی بەیاننامەی (11)ی ئادار و کاریگەرییەکانی بەیاننامەکە بوو، لەسەر بارودۆخی کوردستان و گەڕانەوەی ئاشتی و ئارامی.

19- شانۆگەریی (خوێندن بۆ کوڕ و کچ)، نووسین و دەرهێنانی (نزار خەیلانی)، لە ساڵی (1972) لە ڕواندز نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

حەسەن نانەوا (خێزان) محەمەد یەحیا بەگ (باوك)

ئەسعەد مەلا برایم (کچ)

شانۆگەرییەکی کۆمەڵایەتی بوو، کە تێیدا باس لە یەکسانی کوڕ و کچ کرابوو لە ڕووی کۆمەڵایەتی و پەروەردە و هەموو بوارەکانی ژیاندا.

20- شانۆگەریی (کاریکاتێر)، نووسینی (حەسەن حوسێن نانەوا)، کە شانۆگەرییەکی کۆمێدی بوو و لە ساڵی (1972)دا نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

1- نزار خەیلانی (کوڕ). 2- حەسەن حوسێن (باوك).

21- شانۆگەریی (پارتی ڕابەری هەموو چینێکە)، نووسینی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1972/8/17) لە باخچەی گشتیی ڕواندزدا نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

زرار محەمەد مستەفا (تێکۆشەر) سیروان عومەر (تێکۆشەر)

شەمسەددین ڕەسول (تێکۆشەر) حەسەن ڕەمەزان (لێکۆڵەر)

دلاوەر محەمەد عەلی (بەڕێوەبەری زیندان) فەتاح حوسێن (بەردەست)

محەمەد یەحیا بەگ (پیاوی میری) عەبدولڕەحمان ڕەسول وەرتی (پۆلیس)

ئەنوەر قادر مەولود (تێکۆشەر) دڵشاد غەفور کوردە (پۆلیس)

22- شانۆگەریی (خولە لە سەربازی)، ئامادەکردنی (زاهیر ئاغا)، شانۆگەرییەکی کۆمێدی بوو، لە (1972/8/17) لە باخچەی گشتیی ڕواندز نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

ئەنوەر قادر مەولود ڕەشید سەید ئەحمەد

زاهیر ئاغا عوسمان مستەفا

فەتاح حوسێن

23– شانۆگەریی (پاڵەپەستۆ)، نووسینی (سەعید ناکام)، دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1972/8/16) لە ناوپردان نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| زرار محەمەد مستەفا (خاوەنی کۆمپانیای نەوت) | ئەنوەر قادر مەولود (لاوێکی کورد) |
| دلاوەر محەمەد عەلی (شا فەیسەڵی یەکەم) | محەمەد یەحیا بەگ (بەعسی) |
| شەمسەددین ڕەسول (بەعسی) | حیکمەت عەبدوڵڵا |
| عەبدولڕەحمان ڕەسول وەرتی | سیروان عومەر |
| دڵشاد غەفور کوردە | کوردۆ غەفور |

24– شانۆگەریی (مام ڕەمەزان) لە فۆلکلۆری کوردی وەرگیراوە، ئامادەکردن و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، شانۆگەرییەکی کۆمیدی بوو لە (1973/2/18) لە هۆڵی پاشای گەورە، لە یادی دامەزراندنی (ی.ق.ك)دا نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| ئەنوەر قادر مەولود (پیاو) | زاهیر ئاغا (ژن) |
| حەسەن ڕەمەزان (مام ڕەمەزان) | محەمەد یەحیا بەگ |
| عوسمان مستەفا | |

25– شانۆگەریی (بەرخی نێر بۆ سەربڕین)، نووسین و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1973/2/18) لە هۆڵی پاشای گەورەدا نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| زرار محەمەد مستەفا | ئەنوەر قادر مەولود |
| سیروان عومەر یوسف | محەمەد یەحیا بەگ |
| حەسەن ڕەمەزان | شاکر سابیر |
| فەوزی جەودەت | |

26– شانۆگەریی (چەك دوژمنی مرۆڤە)، نووسینی (نزار خەیلانی)، دەرهێنانی (حەسەن ڕەمەزان)، لەساڵی (1973)دا نمایش کراوە.

27– شانۆگەریی (دابەشکردنی زەوی)، نووسین و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1973/6/19) لە گۆڕەپانی پاشای گەورەدا نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| زرار محەمەد مستەفا | دلاوەر محەمەد عەلی |
| حەسەن ڕەمەزان | محەمەد یەحیا بەگ |

| | |
|---|---|
| نەجاح فەتاح | سەردار فەتاح (بێبەخت) |
| ئەنوەر قادر مەولود | سیروان عومەر |

28- شانۆگەریی (ئافرەتیش ئادەمیزادە نابێت بە پارە بفرۆشرێت)، نووسینی (عەبدولغەنی عەلی یەحیا)، دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1973/8/16) لە گۆڕەپانی پاشای گەورەدا نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| زرار محەمەد مستەفا | حەسەن ڕەمەزان |
| دلاوەر محەمەد عەلی | ئەنوەر قادر مەولود |
| نەجاح فەتاح | |

29- شانۆگەریی (خێزانێکی سەیر)، نووسینی (ئەنوەر قادر مەولود)، دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1973/6/19) لە گۆڕەپانی پاشای گەورەدا نمایش کراوە و شانۆگەرییەکی کۆمێدی بوو. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| ئەنوەر قادر مەولود | زرار محەمەد مستەفا |
| حەسەن ڕەمەزان | سیروان عومەر |
| محەمەد یەحیا بەگ | شاکر سابیر |
| فەوزی جەودەت | |

30- شانۆگەریی (دواڕۆژی زوحاکی زۆردار)، نووسینی (زەکی ئەحمەد هەناری)، دیکۆڕ و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1973/3/22) لە گەردەگەرد لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆزدا نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| دلاوەر محەمەد عەلی (سوپاسالار) | سیروان عومەر (وەزیر) |
| حەسەن ڕەمەزان (وەزیر) | ئەنوەر قادر مەولود |
| حەسەن حوسێن (کچ) | فەوزی جەودەت (کاوە) |
| محەمەد یەحیا بەگ | عەبدولڕەحمان ڕەسول وەرتی |
| دلشاد غەفور | ئازاد محەمەد گەردی (کچ) |

کاک حەسەن ڕەمەزان لە نامەیەکدا کە تایبەت بۆ منی نووسیوە وتویەتی: (لە هەموو یاد و بیرەوەرییە نیشتمانییەکاندا ڕۆڵی زۆر یا کەممان هەبووە، وەك ئەکتەر یا دەرهێنەر یان نووسەری شانۆگەری یا هۆنراوە خوێندنەوە، ئەمەش هەندێك لەم شانۆگەرییانەن:

برادەری خراپ. چی بچێنی ئەوە دەدوریتەوە. قوتابیی هەژار. چۆن ئازاد کوژرا؟ وا باشترە نمەك حەلاڵ بین، ئەگینا دەمت گێر ئەبێت. چەك دوژمنی مرۆڤە (دەرهێنان)، کە لە سالأنی (1970–1974) لەم بۆنانەدا: (18ی شوبات، 11ی ئادار، نەورۆز، 19ی حوزەیران، 16ی ئاب، 11ی ئەیلول) نمایشکراون.

کاك حەسەن ڕەمەزان لە نیگارکێشان و خۆشنووسیشدا دەستڕەنگین بوو، چەندان پیشانگەی پۆستەری لە سالأنی (1970–1974)دا سازداوە.

## ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا

1– ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا بەبۆنەی جەژنی (نەورۆز) لەلایەن تیپی مۆسیقای هەولێر و گۆرانیبێژان: (تاهیر تۆفیق و فوئاد ئەحمەد و تەحسین تەها و شێرزاد عەبدولڕەحمان)، لە (1970/3/22) لە گەردەگەرد بەڕێوەچوو، کە لەو ڕۆژگارەدا هیچ تیپێکی مۆسیقا لە ڕواندزدا نەبوو.

2– ئاهەنگی یادی (شەهیدان)، لەلایەن تیپی مۆسیقای هەولێر لە (1970/6/19) بەڕێوەچوو.

3– ئاهەنگی یادی (16ی ئاب)، لەلایەن تیپی مۆسیقای هەولێر لە (1970/8/16) بەڕێوەچوو.

## مۆسیقا

کە باس دێتە سەر مۆسیقا و بە تایبەتی پێکهێنانی تیپ و بەکارهێنانی چەندان جۆرە ئامێر لە شارێکی وەکو ڕواندز، زۆر شتێکی چاوەڕوان نەکراوە! ئەویش لەبەر باری کۆمەلأیەتی و دوورەدەستی و بیٚ کادیری و نەبوونی کەسانی تایبەتمەند و شارەزا و ئەکادیمی لە بواری مۆسیقادا، هەروەها لەبەر دووری شارەکەمان لە شارستانیەتی پێشکەوتووی سەردەم و بە هۆی خراپی ڕێگەوبانەوە، زۆر ئەستەم بوو لە بارودۆخێکی وەهادا بتوانرێت تیپی مۆسیقا پێکبهێنرێت. لەو ڕۆژگارەدا ئەگەر یەکێك عودێکی بەدەستەوە بووایە و بە ناو شاردا بڕۆیشتبایە، ئەوا نەك هەر شەرمەزار دەبوو، بەڵکو بە چاوێکی بیٚ ڕێزەوە لێیان دەڕوانی و کەم کەسیش هەبوو بزانێت شتەکە چییە! گندۆرەیە..؟ کدوو ئاوییە..؟ دۆلأبە..؟ یان شتێکی لەم چەشنە! خۆ ئامێرەکانی دیکەی مۆسیقا هەر باسیان لێوە ناکرێت. خۆ ئەمە لە خەڵکەکە ناگیرێت، چونکە

کەسێك نەبووە بەو ئامێرانەیان ئاشنا بکات، بگرە ژەنینیشیان کارێکی ناڕەوا و بڤە بوو، خاوەنەکەشی بە (چاوەش) لەقەڵەم دەدرا، ئەوکات بە زۆری ئامێرەکانی وەکو (تووزەلە، شمشاڵ، دەهۆڵ، زوڕنا، دەف) لای خەڵك ناسراوبوون. لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووشدا کابرایەك بە ناوی (فەتاح) کە لە (لیڤی ئینگلیزی) سەرباز بوو، لە تیپی مۆسیقای سەربازیدا ژەنیاری ئامێرێکی (سکۆتلەندی) بووە، کە بە عەرەبی پێیدەڵێن (قرب). کاتێك کە سەربازی تەواوکرد هاتەوە ڕواندز و ئامێرەکەشی لەگەڵ خۆیدا هێنابووەوە و جەژنان لە گەردەگەرد بۆ منداڵانی دەژەند و ئێمە ناومان لەو ئامێرە نابوو (هەمبان) واتە (هەمانە). چونکە بەڕاستی بەشی خوارەوەی ئامێرەکە هەر لە (هەمبان) دەچوو.

ڕەوڕەوەی شارستانییەت و پێشکەوتن لە گەشەسەندن دایە و وچانی نییە، بۆیە دەبوو شارەکەی ئێمەش لەگەڵ کاروانی ئەم پێشکەوتنە دابێت و بەجێ نەمێنێت.

ئەم ئەرك و خەمە گەورەیەش چەند مامۆستا و کەسایەتی و لاوێکی دڵسۆزی ئەم شارە خستیانە سەر شانی خۆیان و کاروانەکەیان تاودا و بۆ گەیشتن بە ئامانجیش هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك نەیتوانی ڕێیان پێبگرێت. ئەمە بوو ڕۆژێك لە ڕۆژانی ساڵی (1971) لەگەڵ خوالێخۆشبوو مامۆستا (سەردار فەتاح بێبەخت) و مامۆستا (سەردار محەمەد عەلی) و مامۆستا (حەمەدەمین حاجی نەبی) و کاك (فوئاد محەمەد فەقێ حەسەن) و کاك (سیروان عومەر)دا، لە ماڵی (سەردار فەتاح بێبەخت)دا کۆبووینەوە و بارەکەمان تاوتووێکرد و بیرمان لەوە کردەوە، کە تیپێکی مۆسیقا دابمەزرێنین. بەڵام چۆن؟ کەی؟ ئامێرەکان لە کوێ بێنین؟ کێ پشتگیریمان بکات؟ لەسەر چ بنەمایێك بێت؟

لە ئامێرەکان هەروەکو لە پێشەوەدا باسم کرد من (عود)ێکم هەبوو، (سەردار بێبەخت) و (سەردار محەمەد عەلی)یش یەك و (کەمانچە)یان هەبوو. بڕیارماندا دەست بە کارەکە بکەین و لە ڕێگەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانەوە داوای هەندێك ئامێرمان کرد. من چوومە هەولێر و دوو کەمانچە و یەك ئەکۆردیۆن و یەك تەپڵم هێنان. ئەوا تیشکێك بەدەرکەوت و هەندێك ئامێرمان دابینکرد. ئەی فێربوون..؟ مامۆستا (سەردار بێبەخت) هەندێك زانیاریی لەسەر کەمانچە و عود هەبوو خۆشی کەمانچەژەن بوو، هەروەها مامۆستا (سەردار محەمەد عەلی) لە پەیمانگەی مامۆستایان لە نێزیکەوە هەندێك ئاشنایەتی لەگەڵ گۆرانی و سروود و مۆسیقادا هەبوو. من و مامۆستا حەمەدەمین حاجی نەبی و مامۆستا عەبدوڵڵا مەلا محەمەد و سیروان عومەر و فوئاد

محەمەد فەقێ حەسەن، تەنیا ئارەزوومەند بووین و دەمانویست شتێك فێرببین. لە مانگی ئایاری ساڵی (1970)دا بڕیارماندا، کەوا هەموو ئێوارەیەك لە ماڵی (سەردار بێبەخت)دا پڕۆڤە و ڕاهێنان بکەین و بەمجۆرە سەردار بێبەخت و سەردار محەمەد عەلی و عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد و حەمەدەمین حاجی نەبی و فوئاد محەمەد فەقێ حەسەن کەمانچەژەن و سیروان عومەر ئامێری ئەکۆردیۆن و منیش عودژەن.

لەبەر ئەوەی هاوینان ماڵم دەبردە حاجی ئۆمەران بۆ فێنکایەتی لەسەر کانیێ (شێخی)م چادر هەڵدەدا، بۆیە لە سەرەتای مانگی حوزەیران لەگەڵ ماڵەوە چوومە ئەوێندەرێ. ڕۆژی (1971/6/19) دانی بەیانیەکەی خوالێخۆشبوو (سەید عومەر سەید نەبی)، کە ئەوکات بەرپرسی ناوچەی ڕواندزی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هاتە لام و وتی ئامادەبە با بڕۆین لە ڕواندز بە بۆنەی یادی شەهیدانەوە ئاهەنگێکمان هەیە. هەرچەند پێموت ئەگەر مەبەستت مۆسیقایە باوەڕ بکە من هیچی لێنازانم و گاڵتەش بەخۆم ناکەم. دیاربوو زۆر هەوڵیدا و منیش دڵم نەشکاند و لەگەڵیاندا هاتمەوە ڕواندز و لە بارەگای پارتی، کە لە خانووی (ئەسعەد شێتنە) بوو، برادەرانی دیکە چاوەڕێی منیان دەکرد. منیش پێموتن کاکە ئێمە تاکو ئێستا شێڵم و توور لە یەك جیاناکەینەوە، چۆن ئاهەنگ بگێڕین؟ مامۆستا (سەردار بێبەخت) وتی ئێوە دابنیشن و ئەوەی دیکە بۆ خۆم جێبەجێی دەکەم. هەرچەند برادەرانی دیکەش هەمان بۆچوونی منیان هەبوو، بەڵام دیار بوو جەختیان لەسەرکرد کە دەبێت هەموومان وەکو تیپ بەشداربین.

هەروەکو مامۆستا (سەردار محەمەد عەلی) لە ژمارە (1653)ی ڕۆژنامەی برایەتیدا ئاماژەی پێداوە: (زۆری نەخایاند بۆ بۆنەی (19)ی حوزەیران واتە یادی هەر چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی کوردستان هاتە پێش، یەکسەر لە بارەگای (پارتی) داوایان لێکردین بە چەند سروودێك بەشداریی ئەم ماتەمینە بکەین، بەڕاستی شتێکی سەیر و چاوەڕوان نەکراو بوو، ئەوە بۆ ئێمە وەك ئەوە وابوو کە نەشارەزایەك بهێنی و ئوتومبێلی بدەیە دەست بۆ هاژۆتن... بەڵام حەز و ئیرادەی ئێمە وای لێکردین سڵ نەکەینەوە لەو کارە و ڕووبەڕووی ببینەوە".

بەڵێ ئەو ڕۆژەم هەرگیز لەیادناچێتەوە... خۆم و هاوڕێیانی خۆم لەسەر فولکەی پێش بارەگای پارتی بەرامبەر جەماوەرێکی زۆر بینی، کە خەڵکەکە چاوەڕێ بوون گوێیان لە مۆسیقای خۆش و سروودی بەجۆش بێت و بە چەپڵەڕێزانێکی زۆر گەرم پێشوازییان لێکردین، بەڵام داخەکەم هەر

کە دەستمان پێکرد خۆشمان نەماندەزانی چی دەژەنین و من لەو باوەڕەم جەماوەرەکە لە دڵی خۆیان دەیانوت (چەپڵەکانیشمان بەفیڕۆدان..!)، منیش عودەکەم لەناو دەستدا بوو ئارەقەیەکی سارد بە نێوچاوانم دڵۆپ دڵۆپ دەهاتە خوارێ، هەر ئەوەندە دەزانم دەنگێك لە عودەکەم دەهات و نازانم چی بوو! لەبەر وەزعی نالەباری خۆم ئاگاداری هاوڕێیانی دیکە نەبووم، وا بزانم (سەردار بێبەخت) نەبێت، ئەگەرنا ئەوانی دیکە هەموویان لە من شپرزەتر بوون... سەد خۆزگەم بەو کەسەی کە گوێی لێمان نەبووە.

کاری هونەری مۆسیقا و فێربوونی وا ئاسان نییە، بە تایبەتی بۆ کەسانێك کە لە ژیانیاندا دەستیان بە ئامێرێکی مۆسیقا نەکەوتبێت و هیچیش لەبارەی زانستی مۆسیقا و (ئا و بێ)یەکەشی نەزانن، هەروەها لە تەمەنێکی گەورەی (34) ساڵیدا و بەبێ مامۆستا و بەبێ هیچ سەرچاوەیەك کە تیشکێك بخاتە سەر ئەم هونەرە.

هەر چۆنێك بێت ئەوە یەکەمین و دژوارترین ئەزموونمان بوو و کۆڵمان نەدا و بەردەوام بووین و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەوڵی ئەوەمان دەدا، کە زیاتر خۆمان فێرە ئامێر بکەین و گوێچکەی خۆمان ڕام بکەین. گوێمان لە گۆرانی و سروودی کوردی دەگرت و ئەزبەرمان دەکرد و لاسایی ئاوازەکەمان دەکردەوە، بەبێ ئەوەی بزانین لە کام (مەقام) وەرگیراوە. وای لێهات و هەستمان دەکرد کە هەندێك ئاواز فێربووینە و زۆرجار بەیەکەوە دەمانژەنی و چێژمان لێوەردەگرت. بە شانازییەوە دەڵێم ئێمە مامۆستایان و ئەو کەسانەی لەگەڵماندا بوون بەردی بناغەی یەکەمین تیپی مۆزیکمان لە ڕواندز دانا، کە لە داهاتوودا کاریگەریی خۆی لەسەر بزاڤی هونەری مۆزیك لە شارەکەماندا هەبوو. پاش ماوەیەك چەند کەسێکی دیکەی ئارەزوومەند هاتنە ڕیزی تیپ و دەبووایە ئێمە فێری مۆزیکیان بکەین. لەوانە (شاکر سابیر)، کە یەکەم جار (تەپڵ)ی لێدەدا و لە دواییدا لەسەر ئامێری (کەمان) دەستی بە ڕاهێنان کرد. هەروەها (دڵشاد غەفور) بە (نای) و (ڕەفیق زرار و فەوزی جەودەت و سالار سەبری و وریا عوسمان و سوبحی خەیری)یش لەسەر (تەپڵ و دەف) و مامۆستا (ئەنوەر قادر مەولود)یش لەسەر (ئەکۆردیۆن) ڕاهێنانیان دەکرد.



یەکەم ئاهەنگی تیپی مۆسیقای ڕواندز (1971)

کاك (سەعید یەحیا خۆشنووس) لە ساڵی (1972)دا بوو بە بەرپرسی ناوچەی ڕواندزی (پارتی دیموکراتی کوردستان)، هەر لە هەمان ساڵیشدا خوالێخۆشبوو (نوعمان عیسا) بوو بە قائمقامی قەزای ڕواندز. هاتنی ئەو دوو کەسە بەڕێزە تەکانێکی باشی دایە بەرەوپێشچوونی باری هونەری لە شاری ڕواندز، (سەعید یەحیا) لە ڕووی هونەرییەوە هاوکارییەکی باشی دەکردین و هانیدەداین و ڕێنمایی دەکردین، (نوعمان عیسا)ش بە پشتگیریی ماددی و مەعنەوی تا ڕادەیەك هاوکارمان بوو. (سەعید یەحیا)م دەمێك بوو وەکو هاوڕێ و هونەرمەندێك دەناسی، لە بواری شێوەکاری بەتایبەتی لە خۆشنووسیدا دەستڕەنگین بوو. شارەزاییەکی باشی لە ئامێری عود و کەماندا هەبوو، عودژەنێکی باشیش بوو، هەروەها شارەزای مەقاماتی ڕۆژهەڵاتی بوو، سەرەڕای ئەمەش نووسەرێکی زۆر بە توانا بوو لە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبیدا. وەکو باسمانکرد هاتنی ئەو بۆ ڕواندز هەلێکی باشی بۆ ڕەخساندین، تاکو بتوانین پەرە بە هونەرەکەمان بدەین، بە تایبەتی لە ڕووی ژەنین و شارەزابوون بە زانستی مۆسیقا، چونکە ماوەیەك بوو (سەردار بێبەخت) گواسترابووەوە هەولێر و ئێمەی بەجێهێشتبوو.

ژوورێکمان لە بارەگای ناوچە لە نهۆمی خوارەوەدا هەبوو، ژوورێکی تاریك و بێ پەنجەرە، تەنیا گڵۆپێکی پێوەبوو، بەڵام ئێمە بەبێ ساردبوونەوە و کۆڵدان ڕۆژانە پڕۆڤەی خۆمان دەکرد، بۆیە ئەو ژوورەشمان هەڵبژارد، چونکە توانای بەکرێگرتنی هیچ ژوورێکمان نەبوو و کەسیش

ئامادەنەبوو بەبێ بەرامبەر ژوورێکمان بداتێ، لەبەرئەوە بەو ژووره ڕازیبووین. لە هیچ لایەکەوە لە ڕووی دارایییەوە هاوکاریمان نەدەکرا، ناچار هەر خۆمان کەلوپەل و سیمی ئامێرەکانمان دەکڕین و گەلێکجاریش ناچار دەبووین کەوا سیمی باریکی ناو وایەری تەلەفۆن بەکاربێنین، بە تایبەتی بۆ سیمی یەکەمی کەمان. بە گشتی بارودۆخمان لە زۆر لایەنەوە خراپ و نالەبار بوو و کەس کۆمەکی نەدەکردین، جگە لەمەش مامۆستایەکی تایبەت و لێزان و پسپۆڕمان نەبوو... کە دەکەوتینە پرۆڤەکردنی گۆرانییەك یان مۆسیقا، هەر یەکە و بەجۆرێك لێکیدەدایەوە و شیدەکردەوە و لە ئەنجامدا ئاوازێکی ناڕێك و ناساز دەردەچوو و دەبوو بە مایەی بێزاری و تووڕەبوونی هەندێك لە ئەندامانی تیپ. لە هەمووشیان گرنگتر و کاریگەرتر کەوتبووینە بەر تانە و تەشەر و گاڵتەپێکردنی خەڵکی نەزان و دواکەوتوو!.

لەو بارودۆخەدا ڕۆژێکیان (سەعید یەحیا) سەری لێداین و وتی زۆر خۆشحاڵ بووم کە زانیم لێرەدا تیپێکی مۆسیقا دامەزراوە. پاشان پێیوتین بەیەکەوە گۆرانییەك یان هەر ئاوازێك، پارچە مۆسیقایەك بژەنن با گوێتان لێبگرم. ئێمەش گۆرانییەکی (حەسەن زیرەك)مان بۆ ژەنی... سەری هەژاند و وتی ئەوە چی بوو ژەنیتان و لە چ مەقامێکدا بوو؟ هەموومان سەیری یەکترمان کرد و حەپەساین! مەقامی چی؟ بۆ مۆسیقا مەقامی هەیە؟! پێیوتین کاکە ناحەقتان ناگرم، بەڵام دەبێت لە سەرەتاوە شارەزای مەقامەکان بن: (بەیات، حیجاز، عەجەم، نەهاوەند، چارگا، ڕاست، سەبا، ...). ئەم ناوانە تازە گوێمان لێیان دەبێت!! دیارە ئەوە ساڵێکە بە سەرکۆت و پێخواسی بەناوکەوتووین.!؟ وتی خەم مەخۆن، بەپێی توانا و ماوەم هەر ڕۆژە و پرۆڤە لەسەر مەقامێك دەکەین تا شارەزا دەبن. وەرە دوای زیاتر لە ساڵێك، دووبارە دەبێت لە سەروو دەست پێبکەینەوە و شوێنی پەنجەکانمان و شێوازی گرتنی ئامێر و ژەنین و کۆککردن بگۆڕین! بەڕاستی بۆ ئێمە کارێکی زۆر قورس و مایەی سەرئێشە و ماندووبوون بوو. ناچار لە سەرەتاوە بە ئیرادەیەکی بەهێز و هیوایەکی گەشەوە دەستمان پێکردەوە، بەڵام سەبارەت بەو برایانەی کە تازە سەرەتایان بوو شتێکی زۆر ئاسایی بوو، وەکو کاك (شاکر سابیر) کە لە ڕاستییەکەوە دەستی پێکرد. لە دانیشتنێکمان لەگەڵ (نوعمان عیسا)ی قائمقامی قەزای ڕواندزدا، باسی ڕەوشی تیپ و هونەر بەگشتی لە شاری ڕواندز کرد و پێمڕاگەیاند، هەر کاتێك بۆنەیەکی نیشتمانی دێت، دەبێت تیپی مۆسیقا لە شاری هەولێرەوە بهێنین، کە ئەمەش بارێکی قورسی دارایییە، بۆیە داوای هاوکاریم لێکرد کە ئێمە چەند مامۆستا و گەنجێك تیپێکمان پێکهێناوە،

بەڵام پێویستیمان بە هەندێك ئامێر هەیە. ئەویش ڕەزامەندیی دەربڕی و هەندێك پارەی پێدام و چووم لە بەغدا (عودێك و دوو کەمان و تەپڵێك و تاخمێك نای)یم کڕین و جێی دڵخۆشیی هاوڕێیانی تیپ بوون، چونکە کەلێنێکی باشمان بەو ئامێرانە پڕکردەوە.

دوو هەڵوێستی جیا: لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە دوو هەڵوێستی جیا بەرامبەر بە تیپەکەی ئێمە بکەم. یەکەمیان: چەند کەسێکی نەزان و دواکەوتوو، دەیانویست ڕێ بەم کاروانە بگرن و نەهێڵن بگاتە ئامانج. یەکێك لەوانە بە (شێخ سلێمان)ی مامیانم وتبوو: "تۆ چۆن ڕێگە بە برازایەکەت دەدەیت ببێت بە چاوەش؟! (مەبەستیان من بوو) کە ئێوە لە خانەوادەیەکی ناودارن نابێت ئەم شتە لە ئێوە ڕووبدات". مامیشم لە وەڵامدا پێی وتبوو: "فلانە کەس ئێستا تۆ نازانیت برازای من چ خزمەتێکی گەورەی شارەکە دەکاتو چ کارێکی گەورە و پیرۆز ئەنجام دەدات؟ بەڵام لە داهاتوودا ئەمەت باش بۆ ڕوون دەبێتەوە...".

دووەمیان: هەڵوێستی مرۆڤێکی ڕۆشنبیری پێشکەوتنخوازی وەکو (شێخ سلێمان) کە بە کابرای وتبوو خۆزگە منیش ئامێرێکم زانیبایە بیژەنم، لەگەڵ ئەواندا بەشداریم لەو خزمەتە گەورەیە بکردایە..! ئەگەر برای خۆشت کە لەگەڵ ئەواندایە لەم خزمەتە بێبەشی دەکەیت، ئەوا ئۆباڵی دەکەوێتە ئەستۆی تۆ. کابرای خاوەن هەڵوێستی یەکەم دوای ماوەیەك فشاری خستە سەر براکەی و لە تیپی کێشایەوە!.

بە هاتنی کاك سەعید گوڕوتینێکی باش وەبەر ئێمەدا هاتەوە و بە گەرمی و بە دڵسۆزی کارەکەمان گرتە ئەستۆ و کۆڵمان نەدا و ئەنجامەکەشی شتێکی باشی لێکەوتەوە و تیپەکە تا ڕاددەیەك لە هەڵەی زەق و سەرلێشێوان و دەنگە ناسازەکان ڕزگاری بوو، کارەکەمان لە بەردەمدا ئاسانتر بوو، بە ڕێکی مامەڵەمان لەگەڵ گۆرانی و مۆسیقای فۆلکلۆری دەکرد و زۆرمان گوێ لێدەگرت، تاکو بە ئاسانی ئاوازەکەمان ئەزبەر دەکرد و چەندان گۆرانیمان بۆ ئاهەنگەکان ئامادەدەکرد، تا گەیشتە ئەو ڕاددەیە و توانیمان لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی کورد (تاهیر تۆفیق) لە ناوپردان بەشداریمان کرد و مۆسیقامان بۆ ئامادەکرد.

ئاهەنگەکانی دوای هاتنی (سەعید یەحیا):

1- ئاهەنگێك لە ڕێکەوتی (1972/2/18) لە ڕواندز.

2- ئاهەنگی جەژنی نەورۆز، لە ڕێکەوتی (1972/3/21) لە گەردەگەردی ڕواندز، کە لەم ئاهەنگەدا هونەرمەندان (محەمەد عارف جەزیری) و (شموئیل) بە چەند گۆرانییەك بەشدارییان تێدا کرد.

3- ئاهەنگی یادی شەهیدان، لە ڕێکەوتی (1972/6/19) لە گۆڕەپانی پاشای گەورە لە ڕواندز.

4- ئاهەنگی یادی دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان)، لە ڕێکەوتی (1972/8/16) لە ناوپردان، لەم ئاهەنگەدا هونەرمەند (تاهیر تۆفیق) بەشداربوو.

5- ئاهەنگی یادی دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان)، لە ڕێکەوتی (1972/8/17) لە ڕواندز.

6- ئاهەنگی قوتابیانی کوردستان، لە (1973/2/18) لە ڕواندز.

7- ئاهەنگی جەژنی نەورۆز، لە ڕێکەوتی (1973/4/2) لە گەردەگەردی ڕواندز.

دەمەوێت سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم، کە لەم ئاهەنگەدا مامۆستایان (سەردار محەمەد عەلی) و (سەردار بێبەخت) و (محەمەدەمین حاجی نەبی) و (عەبدوڵڵا مەلا محەمەد) بەشدارییان نەکرد و لە تیپەکە دابڕان و دوورکەوتنەوە. هەندێکیان هەر بەجارێك وازیان لە هونەر هێنا و لە داهاتوودا بەشداریی هیچ بزاڤێکی هونەرییان نەکرد. هەروەها مامۆستا (ئەنوەر قادر) نەیتوانی لە پرۆڤەی مۆسیقا بەردەوام بێت، بەڵام لە شانۆدا دانەبڕا.

هەرچەندە زۆر هەوڵماندا، کە هۆکاری دابڕانی ئەم مامۆستایانە بزانین، کەچی بێسوود بوو.!؟ تەنیا یەکێکیان نەبێت کە لەژێر فشاری براکەیدا کشایەوە، من لەو باوەڕەدام کە خۆی پێی خۆش نەبوو. بەپێی بۆچوون و لێکدانەوەی خۆم ئەو مامۆستایانەی کە دابڕان بەلای خۆیانەوە وایاندەزانی ئەگەر چوار کەمانجژەن لە تیپ داببڕێن، ئەوا تیپەکە ناتوانێت بەردەوام بێت و لەبارییەك هەڵدەوەشێتەوە..! بەڵام ڕۆژگار سەلماندی کە ئیرادەی ئێمە گەلێك لە پیلانی ئەوان بەهێزتر بوو. بۆیە بە دوورکەوتنەوەی ئەوان بەرهەمی تیپەکە لە زۆر کەموکوڕی و ناسازی ئاواز و تۆنی مۆسیقا ڕزگاری بوو.

8- ئاهەنگی یادی دامەزراندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان)، لە ڕێکەوتی (1973/8/16) لە ڕواندز.

9- ئاهەنگی یادی (11)ی ئەیلول، ساڵی (1973) لە ڕواندز.

**10- ئاهەنگی یادی (18)ی شوبات، ساڵی (1974) لە ڕواندز.**




ئاهەنگی یادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان (1973)



یادی شۆڕشی ئەیلول (1973)

لەو بزاڤە هونەری و ئاهەنگانەدا مامۆستا (سامی عەبدولقادر) زۆر خولیای شیعر و گۆرانی و ئاوازی کوردی بوو، پاڵپشتێکی باش و چالاك بوو، لە هەموو ئاهەنگەکاندا بە سروود یان بە گۆرانی بەشداری لەگەڵدا دەکردین و کۆمەڵێك ئاوازی بۆ شیعرەکانی خۆی ئامادەکردن و هەر خۆشی لە ئاهەنگەکاندا دەیگوتن. لەو گۆرانییانە (سوپاست دەکەم، ئۆخەی بەخێربێیت، پرسیارت لێدەکەم، پەری ئاسمان، پەرێشانم). هەروەها مامۆستا (سەردار محەمەد عەلی) بۆ ماوەیەك لەگەڵ تیپ بوو، گۆرانی ئامادەدەکردن و ئاوازیشی بۆ شیعری خۆی بە ناوی (با بچین بۆ بێخاڵ) و (11ی ئەیلول) دانا. هەروەها (سەید ڕەشید سەید نەبی، سالار سەبری، فەوزی محەمەد)یش زۆرجار بە سروود و گۆرانی بەشدارییان لەگەڵدا دەکردین، هەروەها (جەعفەر کوردستانی) لە زۆربەی ئاهەنگەکاندا لەگەڵماندا بەشداری بوو. چەندان لە گوڵخونچە تازە پشکوتووەکانی شارەکەمان بوون بە گوڵی جوانی بەر یەخەی ئەندامانی تیپ و بە دەنگە سازگارەکەیان ئاهەنگەکانیان خۆشتر و بەجۆشتر دەکرد. لەوانە:

کوردستان ئەسعەد خەیات، کە هەمیشە بە دەنگە سیحراوییەکەی سروودی نیشتمانیی بۆ دەگوتین، بە تایبەتی سروودی (پێشڕەوی کورد پارتییە)

| | |
|---|---|
| نازلی ئیسماعیل خەلیل | دڵخواز ئەحمەد مستەفا |
| شەرمین محەمەدەمین غەفور | پەیمان هادی |
| نیهایەت ئەحمەد مەلا یوسف | شیلان ئەحمەد مەلا یوسف |
| جیهان ئەسعەد خەیات | |

هەروەها ئەم لاوانەش بە دەنگە بەسۆزەکەیان وەکو گۆرانیبێژ و کۆرس هاوکارمان بوون:

| | |
|---|---|
| ڕەوەند محەمەدەمین | فەوزی محەمەد فەقێ حەسەن |
| عوسمان مستەفا سەعید | ئیسماعیل عومەر یوسف |
| کاوە برای عەبدولخالق | نەوزاد سەعید (لەدواییدا بوو بە کەمانجەژەن) |
| سالار قادر ئەحمەد | سەبری محەمەد |

ساڵی (1973) لە تیپەکەماندا، دوای دوورکەوتنەوەی بەشەکەی دیکە، تەنیا ئەم ژەنیارانە مانەوە:

| | |
|---|---|
| زرار محەمەد مستەفا (عود) | سیروان عومەر یوسف (ئەکۆردیۆن) |

شاكر سابیر (كەمان) | فوئاد محەمەد فەقێ حەسەن (كەمان)
فەوزی جەودەت (دەف) | دڵشاد غەفور (نای)
ڕەفیق زرار (تەپڵ)

**دەرەنجام:**

ئەگەر سەرنج لە چالاكییە هونەرییەكانی ساڵانی (1970–1974) بدەین، دەبینین لە ڕووی شانۆوە گەشەیەكی باشی بەخۆیەوە بینیوە و ژمارەیەكی زۆری شانۆگەری نمایشكراون، كە بەشی هەرە زۆریان لە ناوەڕۆكدا باس لە خەباتی كورد و بزاڤی كوردایەتی دەكەن و لە بۆنە نیشتمانییەكاندا نمایشكراون و ژمارەیەك گەنجیش چ وەكو نووسەر یان ئەكتەر بەشدارییان تێدا كردووە. ئەمەش دیارە نەوەیەكی تازە سەریان هەڵداوە و لە دواڕۆژدا ئەركەكە دەكەوێتە سەرشانی ئەوانەوە، لە ئاست خزمەتكردنی هونەری شانۆدا. هەروەها لەو ماوەیەدا وەكو تیپێكی شانۆگەری كارنەكراوە، بەڵكو كارەكان زیاتر وەكو حەز و ئارەزوومەندی بووە، دیارە ئەمەش لەبەر نەبوونی كادیری شانۆیی و كەسێكی ئەكادیمی تایبەت بەم بوارەوە بووە. كارەكانیش زیاتر كۆمەڵی بووینە و (میلۆدراما)یی نەبووینە و لایەنی (پانتۆمایم)ی تێدا دیارنییە.

لە بواری مۆسیقاشدا تەنیا گۆرانی و مۆسیقا (ترادسیۆن) بەكارهاتووە، تەنیا لە بۆنە نیشتمانییەكاندا ئاهەنگ سازكراوە و زۆر بە كەمی هونەرمەند لە دەرەوەی شار هاتووە، بەڵكو هەموو قورسایی لەسەر هونەرمەندە لاوەكانی شار بووە، بە كچ و كوڕەوە.

لە بواری شێوەكاریشدا تەنیا لە پیشانگەی قوتابخانەكاندا بەرهەمی منداڵان نمایش دەكران و زۆرجاریش مامۆستایان بە كارێكی دەستی یان تابلۆیەكی هونەری بەشدارییان تێدا دەكرد.

بەكورتی بزاڤی هونەری لەو ماوەیەدا تەنیا لە بواری شانۆ و مۆسیقادا كاری كردە سەر كۆمەڵگەی ڕواندز، ئەویش بوو بە هۆی دروستبوونی جەماوەری شانۆیی و چەند هونەرمەندێكی مۆسیقی لە ناو شاری ڕواندزدا، كە لە داهاتوودا كاریگەریی خۆیان لەسەر پێشوەچوونی بزاڤی هونەری لە ڕواندزدا دەبێت.

## 12- قۆناغی (1974-1975):

لەم قۆناغەدا باری سیاسی لە کوردستان بە گشتی و لە ڕواندز بە تایبەتی، لە ئەنجامی دەستپێکردنەوەی شەڕ و پێکدادان لە نێوان سوپای ڕژێمی بەعسی ڕەگەزپەرست و لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستاندا، زۆر ئاڵۆز و نالەبار بوو. سوپای بەعس کەوتە گیان و وێزەی هاولاتییانی کورد بە گرتن و کوشتن و بڕین و زیندەبەچاڵکردن. دەتوانم بڵێم شاری ڕواندز زۆرتر لە هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان، بوو بە گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادان! لەبەرئەوەی سوپای بەعس بە بەردەوامی شاری ڕواندزی تۆپباران دەکرد و فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێم بە تایبەتی (تۆبۆلیف) ناو شاری بۆمبباران دەکرد، بۆیە خەڵکەکە بەناچاری ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشت و وازیان لە موڵك و شتومەکەکانیان هێنا، تەنیا خۆیان و منداڵەکانیان دەربازکرد و ئاوارەی ناوچەی باڵەکایەتی بوون. لە ئەنجامیشدا (95٪)ی خەڵکی شار ئاوارەبوون و لە ئۆردوگاکانی ولاتی ئێران نیشتەجێ بوون.

ئا لەم بارودۆخەدا کێ هەیە بیر لە هونەر و بزاڤی هونەری بکاتەوە؟! شاری ڕواندز وێران و خاپوور بوو، تەنیا یەك خانووشی بە پێوە نەما و سووتێنران. ئێمەش هەموومان ئاوارە بووین و هەریەکە و کەوتە ئۆردوگا و شوێنێك و تیپەکەی مۆسیقا لەباریەك هەڵوەشایەوە و من لە بزاڤی مۆسیقا دوورکەوتمەوە، تەنیا (شاکر سابیر و فوئاد محەمەد حەسەن و سیروان عومەر) نەبێت، کە پێوەندییان بە (تیپی مۆسیقای شۆڕش)ەوە کرد.

بۆ من کارێکی زۆر سەخت و ئاستەنگ بوو، کە لە ناو ئۆردوگاکانی زێوە لە ئاوارەیی بیر لە کاری هونەری بکەمەوە! ڕۆژانە چەندان پێشمەرگە و هاولاتی بە دەستی ڕژێمی بەعسەوە شەهید دەکران و هەموو ڕۆژێکیش لە ناو ئۆردوگا کێشە و گریان و هات و هاوار بوو و دڵتەنگی و خەمباری باڵی بەسەر هەموو پەنابەراندا کێشابوو. هەرچەندە زۆر بە ئاسانی دەمتوانی لەو بزاڤەدا دانەبڕێم و تەنانەت لەو بارەیەوە زۆر ئاسانکاریشیان بۆ دەکردم، بەلام هەرچەند دەمکرد هیچ ئارەزووم نەمابوو..! ئەوەندە هەیە لە ئۆردوگای زێوە زۆر لەگەڵ هونەرمەند کاکە (حەمە جەزا)دا دادەنیشتین و باسی هونەر و مۆسیقامان دەکرد و زۆرجاریش دەچووینە شاری مەهاباد و سەردانی هونەرمەندی گەورە (محەمەدی ماملێ)مان دەکرد.

لە دوای نسکۆی ساڵی (1975) و هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول و پەرشوبلاوبوونی هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی شۆڕش، ئێمە بەناچاری گەڕاینەوە کوردستان و دووبارە لە ڕواندز خۆمان دیتەوە! ڕواندزێکی کاول و وێران و بۆنی مەرگی لێدەهات.!! هەتا خانوو نەبوو تێیدا

دابنیشین، مەگەر تەنیا ڕووسەکان ئەمەیان بە شاری ڕواندز کردبێت.!! بارەگاکانی (ئەمن و ئیستیخبارات) دەسەڵاتیان بەسەر هەموو شتێکدا داگرت و زۆر لەو کەسانەی کە خۆیان زۆر بە دڵسۆزی کورد دەزانی چوونە پاڵ ڕێکخراوەکانی بەعس و سیخوڕییان بەسەر خەڵکیدا دەکرد، تاکو ماوەیەك من هەر خەریکی ماڵ کۆکردنەوە و ڕێکخستنی کەلوپەلی ناو ماڵ بووم. بەشێکی زۆری خەڵکی شاری ڕواندز ڕوویان لە شاری هەولێ کرد و لەوێ نیشتەجێ بوون، تەنیا چەند ماڵێکی بێ دەرامەت لە شاردا مانەوە. هەر چۆنێك بوو، تا ماوەی ساڵێك هیچ بیرم لە بزاڤی هونەری نەکردەوە، بە تایبەتی مۆسیقا، چونکە من دەمزانی کە ڕژێم بە هەر شێوەیەك بێت، هەوڵدەدات کە هونەری کورد بشێوێنێت و بۆ ئارەزووە گڵاوەکانی بەکاری بهێنێت و ئەوەی مەبەستیانە بەسەرماندا بیسەپێنن. هەرچەندە عودێك و دوو کەمانچە و ئەکۆردیۆن و تەپڵێکم لە ئێران هێنانەوە، کە کاتی خۆی لەگەڵ خۆمدا بردبوونم. دیاریشە کە لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا ئەوەی باسی لێوە ناکرێت هونەرە، چونکە ئێمە هەموومان بە دڵشکاوی و بێ ئاکامی گەڕاینەوە ژێر دەستی دوژمنێکی دڕندەی سەرسەخت، بەڵام پیاو ئەو کەسەیە خۆی لەبەر هەموو تەنگ و چەڵەمە و ناخۆشییەکدا ڕابگرێت، لەبەرئەوەی مادام ئێمە بە هیوا دەژین و باوەڕمان بە میللەتی خۆمان هەیە، ڕۆژێك دێت ئەم تاریکستانە ڕووناك بێتەوە و ڕۆژ لە دەم کەل دەربکەوێتەوە.

بە یەك لیست هەموو فەرمانبەر و مامۆستا گەڕانەوە سەر کاری پێشوویان و منیش گەڕامەوە مامۆستایەتی و بە شێوەیەکی کاتی لە دواناوەندی ڕواندزی کوڕاندا وانەی نیگار و هونەرم دەگوتەوە.

## بەندی دووەم:

### قۆناغی نێوان ساڵانی (1976-1991):

لەبەرئەوەی مامۆستای هونەر بووم، بۆیە لە قوتابخانەکەماندا بۆ بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنانی مامۆستایانی هونەر لە مەڵبەندی کاری دەست لە شاری سلێمانی دەستنیشان کرام. ماوەی خولەکە چوار مانگ بوو، لە (1976/3/6) لەو مەڵبەندە دەستبەکاربووم و دوو مانگ ڕاهێنانمان لەسەر دارتاشی هونەری و دوو مانگیش لە بواری هونەری نیگار و خۆشنووسیدا کرد، لە ئەنجامدا لە دارتاشیدا پلەی زۆرباشە و لە نیگار و خۆشنووسیشدا پلەی یەکەمی نایابم بەدەستهێنا. لێرەدا ئەوەی بەلامەوە گرنگە لە نیگار و خۆشنووسی و دارتاشی هونەریدا شارەزاییەکی باشم پەیداکرد و سەرەڕای ئەمەش ماوەیەك بوو مامۆستا (فەرەیدون دارتاش)م دەناسی، هەر لە ساڵی (1960)ەوە ئەوکاتەی لە دیانا مامۆستا بوو. لە سلێمانی پێوەندیم پێوەکردەوە کە ئەوکات سەرۆکی (تیپی مۆسیقای سلێمانی)بوو، لە ڕێگەی ئەویشەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ بەڕێزان (ئەنوەر قەرەداغی و سەلاّح ڕەئوف و خالید سەرکار و فرەنسیس داود و هونەرمەندی پایەبەرز ولیام یۆحەنا) و هەموو ئەندامانی تیپی مۆسیقای سلێمانیدا پەیداکرد و لە ئەنجامی ئەو پێوەندییەم لەگەڵ ئەو هونەرمەندە بەڕێزانەدا، سەر لەنوێ ئارەزووی مۆسیقام نوێ بووەوە و زۆرتر هانیدام، کە جارێکی دیکە بە گوڕ و تینێکی زۆرەوە بگەڕێمەوە باوەشی مۆسیقا و خۆم بهاوێژمە ناو ئەو دەریا بێ سنوورە! ڕۆژانە سەردانی تیپی مۆسیقای سلێمانیم دەکرد و زۆرجار پرسیارم لەسەر هەندێك بابەتی شاراوە لەبارەی مۆسیقاوە، کە لەلای من دیار و ڕوون نەبوون لەو بەڕێزانە دەکرد و ئەوانیش بە دڵێکی فراوان و برایانە وەڵامیان دەدامەوە. لەم بارەیەوە من خۆم بە قەرزاری ئەو برا هونەرمەندانە دەزانم. لەو سەردەمەشدا مامۆستا خالید سەرکار و کاك نامدار عومەر لە چالاکیی قوتابخانەکانی سلێمانیدا سەرگەرمی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی تیپێکی منداڵان بوون لە بواری مۆسیقادا، منیش هەر لەوێ خولیای ئەوەم کەوتە سەر کە لە کاتی گەڕانەوەمدا هەوڵبدەم تیپێکی مۆسیقای منداڵان لە ڕواندز پێکبهێنم.

لەدوای ئەوەی بۆ ڕواندز گەڕامەوە و ساڵی نوێی خوێندن دەستی پێکردەوە، لە قوتابخانەی پاشای گەورە دەستبەکاربوومەوە، بۆئەوەی لە قوتابییەکان نێزیك ببمەوە. لەو قوتابخانەیەدا وانەکانی سروود و هونەر و زمانی ئینگلیزیم دەوتەوە. لە وانەی سروود لە پۆلەکانی چوارەم و پێنجەمدا چەندان قوتابی بەهرەمەند و بەتوانا هەبوون، کە بە زوویی سروودەکانیان ئەزبەر دەکرد و بەهرەیەکی مۆسیقییان تێدا بەدیدەکرا و بۆیە بۆ تیپی سروودی قوتابخانە هەڵمبژاردن. ئەم پۆلە قوتابییە ئەوەندە بەتوانا بوون و گوێچکەکانیان مۆسیقی بوون، کە هەر لە یەکەم وتندا ئاوازەکەیان ئەزبەر دەکرد، من بەلای خۆمەوە دڵنیا بووم، ئەگەر بێت و خولی فێربوونیان بۆ بکرێتەوە، ئەوا تیپێکی باش و سەرکەوتوویان لێهەڵدەکەوێت.

قوتابییەکانیش ئەمانە بوون:

| | |
|---|---|
| چەتۆ ساڵح نەورۆز (پۆلی پێنجەم) | ئامانج غازی شاکر (پۆلی پێنجەم) |
| بژار نوری سەعید (پێنجەم) | شێرزاد ئەکرەم حەیدەری (پێنجەم) |
| سیروان عەبدوڵلا (پێنجەم) | نیعمەت باپیر (پێنجەم) |
| ڕزگار جەودەت (پێنجەم) | سەید ئەحمەد سەید جەبار (پێنجەم) |



تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، لە سەرەتایی دامەزراندنیەوە (1977)

ڕێبوار نوری سەعید (چوارەم)        فاروق باپیر (چوارەم)

نەهرۆ ئاغا ڕەشید (پێنجەم)

لە کاتی ڕیزکردندا زۆرجار لێم دەپرسین، ئایا ئامادەن لە هاویندا خولێکی فێربوونی مۆسیقاتان بۆ بکەمەوە، تاوەکو فێری ژەنینی ئامێرە مۆسیقاییەکان بن؟ لە وەڵامدا زۆر بە خۆشی و حەز و ئارەزووەوە ئامادەیی خۆیان نیشان دا.

ساڵی (1974) چەند ئامێرێکم لەگەڵ خۆمدا بردبوون بۆ ئێران، لە کاتی گەڕانەوەشم بۆ کوردستان لەگەڵ خۆمدا هێنابوونەوە و لە ماڵەوە دامنابوون، کە عودێك و ئەکۆردیۆنێك و تەپڵێك و دوو کەمانچە بوون.

لە پشووی هاوینی ساڵی (1977)دا، ژوورێکم لە نهۆمی سەرەوەی قوتابخانەی پاشای گەورەدا ئامادەکرد و تەختەڕەشێك و چەند تەختەیەکی دانیشتنی قوتابیانم لێدانان. لە ڕۆژی (1977/7/1)دا، دەستمان بە یەکەم پرۆڤە کرد، ئەویش لەسەر چۆنیەتی گرتنی ئامێرەکان و دەنگی سیمەکان بوو. لە کاتی وانەی سرووددا هەموو قوتابییەکان سکێڵ (دۆمیێجەر)یان لەبەرکردبوو سەرکەوتن و دابەزین و هەموو ڕۆژێك لەسەر ئامێری ئەکۆردیۆن بۆ ڕاهێنانی گوێچکەکانیان دەنگەکانمان دووبارە دەکردنەوە. خوالێخۆشبوو کاك (جەلال ڕەشید عەلی) کەمانجێکی پێشکێش کردین و ماوەیەکی زۆر لای (چەتۆ) بوو.

ئەو بەهرەمەندانە بە ماوەیەکی کەم زۆر شتیان لەبەرکرد و زووزوو داوای شتی نوێیان دەکرد، زۆرجاری وا هەبوو من خۆم ناچاردەبووم پێوەندیم بە برایانی هونەرمەند مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی و مامۆستا وریا ئەحمەد و ئەوانی دیکەوە دەکرد و بە خۆشحاڵییەوە وەڵامیان دەدامەوە، چونکە هەروەکو لە پێشدا باسم لێوەکرد، زانیارییەکی کەمم لەبارەی مۆسیقاوە دەزانی و کەسێکی ئەکادیمی نەبووم، تەنیا وەکو ئارەزوومەندێك کارم کردووە. بەڵام سووربوون لەسەر کارکردن و باوەڕبوون بە ئەنجامی کارەکە هەر دەتگەیەنێتە ئامانج.! لە سەرەتای دەستپێکردنی ساڵی خوێندن لە (1977/10/1)دا، لە گۆڕەپانی قوتابخانەی پاشای گەورەدا بە سەرکەوتوویی یەکەم ئاهەنگ سازکرا بە سروودی (تا دەست لە مل هیوا نەکەم) و هەروەها لەگەڵ چەند پارچە مۆسیقایەك لە بەردەم مامۆستا و قوتابی و بەرپرسانی حکومی، کە جێگەی

سەرنجڕاکێشان و دڵخۆشیی ئامادەبووان بوو. ئەمەشمان لەیاد نەچێت، کە دژوارە لەو بارودۆخە ئاڵۆزە و لە ژێر سایەی حکومەتێکی نەتەوەپەرستی شۆڤینی و فاشیستدا وا بە ئاسانی و ئازادی ڕێگەت بدەن کاری هونەری ئەنجام بدەیت..! بە تایبەتی بە بوونی ڕێکخراوی (طلائع و شباب)، کە لە ڕێی ئەوانەوە بەعسییەکان دەیانویست بگەن بە مەرامی خۆیان لە پەروەردەکردنی نەوەی نویٚ بە بیروباوەڕی فاشییانەی خۆیانەوە. چونکە هەموو هەوڵ و کۆششیان بەر لە هەموو شتێك سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و داگیرکردنی کولتووری نەتەوەکەمان بوو، هەروەکو وتراوە: گەر بتەوێت ناسنامەی میللەتێك بسڕیتەوە، ئەوا دەبێت لە کولتوورەکەیەوە دەستپێبکەیت...

لەو ڕۆژگارە تاریك و ڕەشەدا دەبووایە ئێمەی خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی میللەتەکەمان، بەهەموو توانامان ڕووبەڕووی ئەو ڕەفتارە بوەستینەوە و بە ژیری و هۆشیاری و کەمۆیی کار بکەین و خۆمان نەدۆڕێنین و لاوە تازەپێگەیشتووەکانمان نەخەینە بەردەست و ژێر چەقۆی ژەهراوی ڕژێمی بەعس، تاکو بەپێی ئامانجە گڵاوەکانیان پەروەردەیان بکەن و ئاڕاستەیان بکەن.

لەو کێشە و کۆسپانەی، کە هاتنە بەردەم گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی تیپ ئەمانە بوون:

1- بەشێکی زۆری خەڵکی بیرتەسك و خێڵەکی و دواکەوتوو، هەمیشە هەوڵیان دەدا قوتابییەکان لە تیپ دووربخەنەوە و بە بیانووی بیٚ مانا پاشگەزیان بکەنەوە.

2- هەندێك کەسی دیکە هەبوون، کە لە دەرەوەی تیپەکە بوون و ئیرەییان بەو بەهرەمەندانە و تیپەکە دەبرد و تانە و تەشەریان تێدەگرتن.

3- منەزەمەی بەعس و دامودەزگای ئەمن و حکومی بە هەموو توانایان ڕێگربوون لە بەردەم دروستبوونی تیپێکی سەربەخۆ و دوور لە دەسەڵاتی ئەوان، دەیانویست قوتابییەکان لە ناو ڕێکخراوەکانی (طلائع و شباب)دا کار بکەن و بۆ مەبەستەکانی خۆیان بەکاریان بهێنن.

4- بیٚ دەرامەتی و نەبوونی ئامێری مۆسیقای پێویست.

5- لە هیچ لایێکەوە هاوکاریمان نەدەکرا و یارمەتی نەدەدراین، تەنیا خۆم ئەرکی بەخێوکردنی تیپم گرتبووە ئەستۆی خۆم.

6- دروستبوونی کێشە و ململانێ لە نێوان من و (شفیق) قائیمقامی ئەوسای ڕواندز، کە سەر بە بەعس بوو، تا گەیشتە ئەو ڕاددەیەی لەو ژووره دەرمان بکەن، کە پرۆڤەمان تێدا دەکرد.

لەگەڵ منەزەمەی بەعس کێشەکە گەیشتە ڕاددەیەك، تا لە ساڵی (1979)دا یەکسەر لە (شوعبەی هەولێر)ەوە گواسترامەوە بۆ (گوێڕ) لە دەشتی هەولێر، بە بیانووی ئەوەی کە هاوکارییان ناکەم و بوومەتە ڕێگر لە بەردەم پێشکەوتن و پەرەسەندنی (طلائع و شباب)، بەڵام باوەڕبەخۆبوون و بە گەورەیی و کاریگەریی هونەری مۆسیقا و ورەبەرزی و کۆڵنەدانی من و قوتابییە خۆشەویستەکان، شکستی بە هەموو پیلانەکانی بەعس و ناحەزانی کاروانە پیرۆزەکە هێنا. سەرکەوتن هەر بۆ ڕاستییە.

تیپەکەم ناونا (تیپی مۆسیقای پاشای گەورە)، لەبەر دوو هۆ:

یەکەمیان: هەموو ئەندامانی تیپ لە قوتابخانەی (پاشای گەورە) قوتابی بوون.

دووەمیان: بۆ بەرزڕاگرتنی ناوی (میر محەمەد)، کە پاشای گەورەی میرنشینی سۆران بوو.

بەهۆی ئەم ناوەشەوە لەگەڵ منەزەمەی بەعس تووشی کێشە بووم، چونکە ئەوان داوای گۆڕینی ناوەکەیان دەکرد و دەیانوت ئەو کەسە کابرایەکی دەرەبەگ و زۆردار بووە و نابێت تیپێکی مۆسیقای بەناوبکرێت، بەڵام من لەسەر ناوەکە سووربووم.

بۆ فراوانبوون و پێشکەوتنی تیپ (بژار نوری) گیتارێکی سۆلۆی کڕی و (ڕێبوار نوری)یش کەمانجەیەك و هەریەکە لە (ئەیوب نوری) بە فلوتێك و (عەزیز شاکر سەعید)یش بە سازێکەوە هاتنە ڕیزی تیپەکە و هەروەها (ئازاد عەلی عەبدوڵلا)ش وەکو لێدەری جاز پێوەندی بە تیپەکەوە کرد. لە ساڵی (1984)دا هەریەکە لە (ئەحمەد شێخە و مزەفەر عەبدوڵلا) وەك ژەنیاری ئامێری کلارنێت پێوەندییان بە تیپەوە کرد و (زەینەل خەیری و شوان عەبدوڵلا)ش وەکو گیتارژەن هاتنە ناو تیپ و بەم شێوەیە تیپەکە فراوان بوو و ئامێری مۆسیقای هەمەجۆری بۆ پەیداکرا و منیش لەو گەشتەی کە ساڵی (1979) بۆ ئەوروپا کردم، ئامێرێکی (چەلۆ)م لەگەڵ خۆمدا بۆ تیپ هێنا.

هونەرمەندی خۆشەویست کاکە (وەلید دۆسکی) هەر لە سەرەتای دامەزراندنی تیپ وەکو گۆرانیبێژ لەگەڵماندا بوو، هەروەها هونەرمەندانی گۆرانیبێژ (ئەحمەد محەمەد شەریف) و

مامۆستا (خدر بێجانی) و (سلێمان ئەحمەد) و (سەلام عەلی مراد) و (سامان عەلی مراد) لە گۆرانیبێژە دیارەکانی تیپ بوون.

هەروەها چەند خونچە گوڵێکی تازەپشکوتووی شارەکەمان لە کچە شۆخ و شەنگە نازدارەکان، کە هەمیشە گوڵی ڕازاوەی بەریەخەی ئەندامانی ئەم تیپە بوون، لێرەوە بە سوپاس و ڕێزەوە ناویان تۆمار دەکەم:

| | |
|---|---|
| شەهیدی جوانەمەرگ پەروین فەتاح شێخۆ | ئەمەل عەبدولخالق |
| چنار حاجی تێزەر | پەیمان تەها بەکر |
| سروە محەمەدەمین مەولود | جیهان حەمە نعمان |
| جوان حەمە نعمان | چیمەن عەبدوڵلا عەلی |
| بەفرین ڕەشید | دڵسۆز جەودەت |
| ئامینە خەلیل | جەمیلە سەید جەبار |
| ژیان سلێمان حوسێن | |

ئەم برایانەش وەکو کۆڕس هاوکاری تیپ بوون:

| | |
|---|---|
| موسلیح ئیبراهیم عەبدوڵلا | بێجان سلێمان |
| خالید عەبدوڵلا حوسێن | عەبدولڕەزاق مراد |
| هۆشیار عەبدوڵلا | |

بۆئەوەی زیاتر شارەزایی لە بواری مۆسیقادا پەیدابکەم و پەرە بە زانیاریەکانی دیکەم بدەم، تا باشتر ئەندامانی تیپ پێبگەیەنم و پەروەردەیان بکەم، لە ڕێکەوتی (1978/5/20 تا 1978/6/16) بەشداریم لە خولی مۆسیقا و سروود و فێربوونی خوێندنەوە و نووسینەوەی (نۆتەی مۆسیقا)دا کرد، کە بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی قوتابخانەکانی هەولێر کردبوویەوە. مامۆستایان (وریا ئەحمەد) و (شێرزاد عوزێری) وانەکانیان دەوتەوە، لەم خولەدا پلەی (نایابی یەکەم)م بەدەستهێنا، کە کاردانەوەیەکی کاریگەری لە بەرەوپێشچوونی باری زانیاریی مۆسیقا لە ناو تیپ و هەروەها لە بارەی چۆنیەتی کارکردن لەگەڵ چەندان جۆرە ئامێر و سکێڵەکانی ڕۆژئاواییدا هەبوو.

## کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی

لە مانگی ئابی (1977) چەند مامۆستا و لاوێکی ڕۆشنبیری شارەکەمان هاتنە لام و مزگینی ڕەزامەندیی کردنەوەی بەشێکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردییان لە شاری ڕواندز دامیٚ، بۆ پەرەپێدانی لایەنی هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە شارەکەماندا و کۆکردنەوەی بەهرەمەندانی شار لەناو ئەم کۆمەڵەیەدا. منیش زۆر بە گەرمی پێشوازیم لەو بیرۆکەیە کرد و پیرۆزباییم لێکردن و ئامادەیی خۆشم بۆ هاوکارییان نیشان دا. ئەو برایانەش ئەمانە بوون:

| | |
|---|---|
| شاکر سابیر | سامی عەبدولقادر |
| سەردار محەمەد عەلی | فەوزی جەودەت جەمیل |

بەپێی نووسراوی ژمارە (16756/27)ی ڕێکەوتی (1977/8/16)ی پارێزگای هەولێر/ کۆمەڵەکان، بەڕێزان (خەلیل یابە کەریم) کە ئەوکات سەرۆکی لقی هەولێر بوو، هەروەها کاك (فەرید زامدار) ڕاسپێردران بۆ پێکهێنانی دەستەی کارگێڕیی بەشی ڕواندز. ئەوەبوو لە ڕێکەوتی (1977/8/19) لە ئوتێلی گەشتیاریی ڕواندزدا، لەسەر ئەم بابەتە دانیشتین و لە ئەنجامدا بڕیاردرا، دەستەکە بەم شێوەیە بێت:

| | |
|---|---|
| 1- زرار محەمەد مستەفا | سەرۆکی بەش |
| 2- سەردار محەمەد عەلی | سکرتێر |
| 3- فەوزی جەودەت | ژمێریار |
| 4- شاکر سابیر | بەڕێوەبەری هونەری |
| 5- سامی عەبدولقادر | ئەندام |

بەم شێوەیە کۆمەڵە دامەزرا و بارەگامان بۆ بەکریٚ گرت. منیش ئەوەم بە هەلێکی لەبار زانی، بۆ ڕزگارکردنی (تیپی مۆسیقای پاشای گەورە) لە دەستتێوەردانی بەعسییەکان، بۆیە تیپەکەم خستە باوەشی کۆمەڵە و تاکو ئێستاش بە شێوەیەکی (فەرمی) تیپەکە هەر سەر بە کۆمەڵەوەیە.

ئەو هۆیانەی، کە پاڵیان پێوەنام تیپەکە بە کۆمەڵەوە ببەستمەوە ئەمانە بوون:

1- بە تێکەڵاوبوونی تیپ لەگەڵ کۆمەڵە هیچ بیانوویێك بەدەست ڕێکخراوی بەعسییەکان نەما، بۆ دەست بەسەر داگرتنی تیپ. چونکە کۆمەڵەی هونەر و وێژە مۆڵەتی (فەرمی) بۆ کارکردن پێدرابوو.

2- بەهۆی نەبوونی مۆڵەتی (فەرمی) بۆ کارکردنی تیپ بە شێوەیەکی سەربەخۆ، چونکە هیچ کامێك لە ئەندامانی تیپ دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان نەبوون و ئەوکاتیش بەپێی مەرجەکانی مۆڵەتدان، دەبووایە بەلای کەمەوە سێ کەس لە دەستەی دامەزرێنەران دەرچووی پەیمانگایەکی هونەری بوونایە.

3- بێ دەرامەتی تیپ لە ڕووی داراییەوە، بەمەش کۆمەڵە بوو بە سەرچاوەی بژێوی تیپ.

4- لەو ڕۆژگارە ڕەشەدا دامودەزگای بەعسییەکان لەڕێگەی ڕێکخراوی (طلائع و شباب)ەوە، دەیانویست هەرچی لاو و منداڵ هەیە لەژێر سێبەری ئەو ڕێکخراوانەدا کۆیان بکەنەوەو بەمەبەستی پەروەردەکردنیان بەئایدۆلۆژیاو بیروباوەڕی شۆڤێنیانەیان و کوشتنی گیانی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی لە ناخیاندا، بە چەندان جۆر و شێواز هەوڵی خەڵەتاندنیان دەدان و پارە و ئامێر و پێداویستییەکانی مۆسیقایان بە لێشاو هەڵدەڕشتە بەردەم ئەو لاوانە، تا بۆ لای خۆیان ڕایان بکێشن. ئەم بارە بە شێوەیەکی گشتی هەموو عێراقی گرتبووەوەو بەتایبەتیش کوردستان. شاری ڕواندزیش لەم گێژاوە بێ بەش نەبوو، بۆیە پەنام بردەبەر کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی.

5- منیش وەکو هونەرمەندێکی کوردی خاوەن هەڵوێست و ئازاد، هەمیشە دەمەویست لە شوێنێکدا کار بکەم کەوا هیچ گوشارێکم لەسەر نەبێت و بە ئارەزووی خۆم کاری هونەری ئەنجام بدەم، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵەم هەڵبژارد.

لە هاوینی ساڵی (1978)دا خولێکی دیکەی فێربوونی مۆسیقام بۆ قوتابیانی قوتابخانەی پاشای گەورە کردەوە، بەشداربووانی خولەکە ئەمانە بوون:

| | |
|---|---|
| ڕزگار سەبری نەجیب (کەمان) | سەفین ساڵح نەورۆز (کەمان) |
| فەیسەڵ ئاغا ڕەشید (کەمان) | نیاز حوسێن (عود) |
| هۆشیار عوسمان حاجی (ئەکۆردیۆن) | تاریق باپیر نیعمەت (تەپڵ) |
| نەهرۆ ئاغا ڕەشید (تەپڵ) | |

ئەمانەش بوون بە پاڵپشتی تیپی پاشای گەورە.

## چالاکییە هونەرییەکان

لەبەر زۆری چالاکییە هونەرییەکان، وام بە چاك زانی لێرەدا بەپێی ساڵەکان ڕیزیان بکەم و تۆماریان بکەم، لە هەر ساڵێکیشدا بزاڤی شانۆ و گۆرانی و مۆسیقا و شێوەکاری و کۆڕی هونەری و ئەدەبی لەیەکدی جیابکەمەوە و بەسەربەخۆ باسیان لێوە بکەم، تاکو بە ئاسانی چالاکییەکانی هەریەکە لەو بزاڤە هونەرییانە دیاربکەین.
ئەم چالاکییانەش لە ساڵی (1978) بەدواوە بە ناوی (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی/بەشی ڕواندز) و دواتریش بە ناوی (کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد)ەوە ئەنجامدراون.

## ساڵی (1977–1978):

**شانۆگەری:**

1– شانۆگەریی (کاریکاتێر)، لەلایەن (حەسەن نانەوا)، لە ڕێکەوتی (1977/3/21)دا نماییش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| یاسین ئەحمەد یاسین | حەسەن حوسێن |

2– شانۆگەریی (دواڕۆژی زوحاك)، ئامادەکردن و دەرهێنانی (زرار محەمەد)، لە ڕێکەوتی (1977/3/21)دا نماییش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| ئەزهەر قادر (کاوە) | سەباح خەیری (زوحاك) |
| ئیسماعیل عومەر (لاو) | |

3– شانۆگەریی (پەشیمانی)، نووسینی (حەسەن نانەوا)، لە (1978/3/23) لە قوتابخانەی پاشای گەورەدا نماییش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| حەسەن حوسێن | عەبدوڵڵا محەمەد مەجید |
| دڵشاد جەمشید | خالید ئیسماعیل باپیر |
| بارزان حوسێن | ئیسماعیل ئەکرەم حەیدەری |
| عوسمان مستەفا | محەمەد سەعید مەلا مەحمود |
| مەهدی ئیبراهیم عەبدوڵڵا | |



شانۆگەریی (دواڕۆژی زوحاك) (1977)

4- شانۆگەریی (دواڕۆژی زوحاك)، نووسینی (زەکی ئەحمەد هەناری)، دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە ڕێکەوتی (1978/3/21)دا لە گۆڕەپانی قوتابخانەی پاشای گەورەدا نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| فەوزی جەودەت | خالید ئیسماعیل باپیر |
| ڕەشید سەید ئەحمەد | عەبدوڵڵا سەید محەمەد |
| حەسەن حوسێن نانەوا | محەمەد سەعید مەلا مەحمود |
| سەباح خەیری | حەسەن عەبدوڵڵا |
| ئیسماعیل ئەکرەم حەیدەری | ئیسماعیل عومەر یوسف |
| بارزان حوسێن سەید ئەحمەد | لوقمان ڕەشید محەمەد عەلی |
| نوری عەزیز | |

5- لە ئاهەنگی (11)ی ئاداری ساڵی (1978)دا، شانۆگەرییەك لە هۆڵی قوتابخانەی سەرەتایی کچاندا نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| شێخە فەتاح | پێشڕەو نوری |

مەهدی ئیبڕاهیم سوبحی خەیری



شانۆگەریی (دواڕۆژ زوحاك) نەورۆز (1978)

6- لە ڕێکەوتی (1978/8/10)دا، شانۆگەرییەکی کۆمێدی نماییش کراوە، لەلایەن:

حەسەن حوسێن نانەوا بارزان حوسێن نانەوا

7- شانۆگەریی کۆمێدی (بێ ناو و نیشان)، نووسینی (حەسەن حوسێن نانەوا)، لە (1978/12/22)دا نماییش کراوە. ئەکتەرەکان:

حەسەن حوسێن نانەوا ئازاد شاکر

محەمەد سەعید مەلا مەحمود

**ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا:**

1- ئاهەنگی (11)ی ئاداری (1978) لەلایەن تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، بە هاوکاری:

زرار محەمەد مستەفا سەردار محەمەد عەلی

فوئاد محەمەد فەقێ حەسەن شاکر سابیر

گۆرانیبێژان:

وەلی دۆسکی ئەحمەد محەمەد شەریف سەدرەدین محەمەد

2- جەژنەکانی تەمموز (1978/7/21)، تیپی مۆسیقای پاشای گەورە. گۆرانیبێژان:

وەلی دۆسکی جەمال حوسێن

تەڵعەت سلێمان کۆڕس

3- ئاهەنگی (ڕۆژی زانست)، لە (1977/12/1)، تیپی مۆسیقای پاشای گەورە: (چەتۆ ساڵح، ئامانج غازی، سەید ئەحمەد سەید جەبار، بژار نوری، ڕێبوار نوری، نیعمەت باپیر، ئەحمەد شێخە، سیروان عەبدوڵڵا، شێرزاد ئەکرەم، فاروق باپیر، ئەیوب نوری باویل).

بە هاوکاری:

زرار محەمەد (عود) شاکر سابیر (کەمان)

سیروان عومەر (ئەکۆردیۆن) فوئاد محەمەد (کەمان)

گۆرانیبێژان:

محەمەد جەزا جەمال حوسێن وەلی دۆسکی

خدر بێجانی ڕەشید ئەحمەد سلێمان کۆڕس



ئاهەنگی ڕۆژی زانست (1977)

**کۆڕ:**

1- کۆڕێك بۆ شاعێر و چیرۆکنووسەکان، لە ڕێکەوتی (1978/9/14)دا لە یانەی فەرمانبەرانی ڕواندز. هەڵسوڕێنەری کۆڕ (نزار خەیلانی)، شاعێرە لاوەکان:

| | |
|---|---|
| عومەر مستەفا سەعید | سامی عەبدولقادر |
| حەسەن نانەوا | نزار خەیلانی |
| فەیزوڵلا برایم خان | سەدیق حەبیب |
| سەلام نەورۆز | ئیسماعیل ڕەشید جندیانی |
| زرار جۆلا | وەلی حەسەن دۆسکی |
| جەمال یوسف ڕەشید | |

چیرۆکنووسەکان: (لوقمان تەها، ئازاد جندیانی، ناهیدە نیعمەت).

**خولی فێربوونی مۆسیقا:**

لە ڕێکەوتی (1978/7/21)دا، بە سەرپەرشتی (زرار محەمەد مستەفا) خولێکی فێربوونی مۆسیقا کرایەوە، بۆ ڕاهێنان لەسەر ئامێرەکانی (عود، کەمان، گیتار، کلارنێت، فلوت، کیبۆرد، ئەکۆردیۆن، تەپڵ). بەشداربووانی خولەکەش ئەمانە بوون:

| | |
|---|---|
| مستەفا سلێمان (کەمان) | بێجان سلێمان (کەمان) |
| قاسم ئەحمەد (کەمان) | نەزیر عەبدوڵلا (کەمان) |
| ڕزگار شێرکۆ (کەمان) | کاکەمین کەریم فەرەج (کەمان) |
| ئەردەلان ئەلیاس (کەمان) | فەیسەڵ ئەحمەد (کەمان) |
| شیراز نەجم عەبدوڵلا (کەمان) | نیشتمان عوسمان (کەمان) |
| هوشیار عوسمان (ئەکۆردیۆن) | بەختیار عوسمان (ئەکۆردیۆن) |
| وەسیم مەمدوح (ئەکۆردیۆن) | خونچە جەلال (ئەکۆردیۆن) |
| ئامینە خەلیل (ئەکۆردیۆن) | جەمیلە سەید جەبار (ئەکۆردیۆن) |
| ساڵح ئەکرەم (ئەکۆردیۆن) | سەعدەددین عەزیز (تەپڵ) |
| نەهرۆ ئەحمەد (تەپڵ) | تارق باپیر (تەپڵ) |
| نەورۆز باپیر (تەپڵ) | ئیدریس ئیبڕاهیم (عود) |

زاهد سامی (عود) — ئەسمهان جەلال (عود)

ڕزگار عەبدوڵلا (گیتار) — حەیدەر ڕەسول (کیبۆرد)

یوسف عومەر یوسف (کیبۆرد) — فەریق قادر (فلوت)

ئەیوب نوری (فلوت) — بەفرین ڕەشید (کلارنێت)

فەرهاد ئەحمەد سەعید (ئەکۆردیۆن)

ئەم تیپە سەر بە لاوان بوو.

## ساڵی (1979):

**شانۆگەری:**

1- شانۆگەریی (ئۆپەرێتی گەشت)، نووسینی (حەسەن حوسێن نانەوا)، لە ڕێکەوتی (1979/3/21) لە سەیرانگەی بێرۆیا نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

حەسەن حوسێن — بارزان حوسێن

فەوزی محەمەد — محەمەد سەعید مەلا

ئیسماعیل حەیدەری — ئازاد شاکر

خالید ئیسماعیل باپیر



شانۆگەریی (ئۆپەرێتی گەشت) حەسەن نانەوا (1979)

2- ئۆپەرێتی (داستانی شۆڕش)، شیعری (مەدحەت بێخەو)، ئامادەکردن و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1979/4/7)دا لە گۆڕەپانی پاشای گەورە نمایيش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| ڕەشید سەید ئەحمەد | بارزان حوسێن |
| سالار محەمەد ڕەسول | نەژاد ئەکرەم |
| وریا عوسمان | عەبدولقادر فەتحوڵلا |
| ئیسماعیل حەیدەری | سەرباز حوسێن |
| کامەران حاجی ئەلیاس | کەریم قادر |
| کاوە حەبیب | ڕەسول ئیبراهیم ڕەسول |
| مزەفەر عەبدوڵلا | حوسێن مستەفا |
| حەمەدەمین مستەفا | ڕەشاد سەید ئەحمەد |
| ئیسماعیل ئەحمەد سەعید | وەسیم مەمدوح |
| سەید ئەحمەد حوسێن | هوشیار فریاد |
| ڕزگار شێرکۆ | عەلی ئەحمەد عەلی |
| کامەران عەبدولخالق | ئیسماعیل عومەر یوسف |
| شێخە فەتاح شێخۆ | |

دەنگەکان:

| | |
|---|---|
| تارق فەتاح | هوشیار عوسمان |
| تەڵعەت سلێمان | عەبدولڕەزاق مراد |
| مەهدی ئیبراهیم | |

3- شانۆگەریی (خۆڕاگرتن تا سەرکەوتن)، وەرگێڕانی لە عەرەبی و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە (1979/7/17)دا لە گۆڕەپانی پاشای گەورە نمایيش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| نەریمان حوسێن | کامەران حاجی ئەلیاس |
| ئیبراهیم حوسێن | هوشیار عوسمان |

**ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا:**

1- بەشداریکردن لە میهرەجانی هەرێمی (هەولێر)دا، لە ڕێکەوتی (1979/2/1).

2- لە ڕێکەوتی (1979/3/21)دا، لە سەیرانگەی بێرۆیا بە بۆنەی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز، لەلایەن تیپی مۆسیقای پاشای گەورە ئاهەنگێك سازکرا.

بە بەشداری هونەرمەندان: (وەلی دۆسکی، ڕوشدی ئەحمەد، شێرزاد سەعید، خدر بێجانی، کۆرس).

3- لە ڕۆژی (4/7)ی هەمان ساڵدا لە گۆڕەپانی قوتابخانەی پاشای گەورەدا ئاهەنگێك بەڕێوەچوو، کە قوتابیانی قوتابخانەکان چەند گۆرانییەکیان پێشکێشکرد و چەند سروودێکیش لەلایەن (ژیان شەفیق)ەوە وتران.

4- تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، لە ڕێکەوتی (1979/4/15)دا، لەگەڵ چالاکیی قوتابخانەکانی هەولێردا، لە پارێزگای (موسەنا) بەشداری لە مهرەجانی گۆرانی و مۆسیقادا کرد.

5- لە ڕێکەوتی (9/30 تاکو 1979/10/2)، تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، لە شاری هەولێر لە هۆڵی (ابن المستوفی)دا، بە بەشداری هونەرمەندان (فەیسەڵ ئەحمەد، ڕەحیم حەسەن، کۆرسی تیپ) بەشداری لە میهرەجانی ساڵی منداڵان کرد.



میهرەجانی منداڵان، ڕەحیم حەسەن، هەولێر (1979)

**شێوەکاری:**

کردنەوەی پیشانگەیەکی هاوبەشی (پۆستەری سیاسی)، لە ڕێکەوتی (1979/7/30)دا، لە قوتابخانەی کچانی ڕواندز لەلایەن:

| | |
|---|---|
| زرار محەمەد (1) پۆستەر | سەید ئەحمەد جەبار (5) پۆستەر |
| ئەحمەد شێخە (1) پۆستەر | چەتۆ سالْح (6) پۆستەر |
| سیروان عەبدوڵلا (2) پۆستەر | |

**کۆڕ:**

1- ڕێکخستنی کۆڕێك بۆ شاعێرە لاوەکان، لە ڕێکەوتی (1979/4/20)دا، لە یانەی فەرمانبەرانی ڕواندز، کە دەقە شیعرییەکان لەلایەن (دلْشاد مەریوانی)یەوە هەلْدەسەنگێنران، بەشداربووان:

| | | |
|---|---|---|
| نزار خەیلانی | زرار جۆلاٚ | سەدیق حەبیب |
| جەمال عەزیز | ئیسماعیل جندیانی | سەلام نەورۆز |
| سامی عەبدولقادر | ئازاد جهانگیر | حەسەن نانەوا |
| وەلی دۆسکی | | |



کۆڕی شیعری، دلْشاد مەریوانی (1979)

2–گێڕانی کۆڕێك لەلایەن مامۆستا (عومەر شێخەڵڵا)ەوە، لەبارەی (فۆلکلۆری کوردی)، لە ڕێکەوتی (1979/7/11)دا، لە یانەی فەرمانبەران.



کۆڕ (فۆلکلۆری کوردی)، عومەر دەشتەکی (1979)

## ساڵی (1980):

### ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا:

ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە ڕێکەوتی (1980/3/21)دا، لە قوتابخانەی سەرەتایی کچانی ڕواندز، لەلایەن تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، بە بەشداری گۆرانیبێژان:

| | |
|---|---|
| مەهدی ئیبڕاهیم | سالح محەمەد سالح |
| ڕوشدی ئەحمەد | وەلی دۆسکی |
| خدر بێجانی | کۆرسی تیپ |

### کۆڕ:

1- گێڕانی کۆڕێك لەلایەن (زرار محەمەد مستەفا)وە، لە ڕێکەوتی (1980/1/7)دا، لە هۆڵی قوتابخانەی پاشای گەورە، لەبارەی (پەروەردەی مۆسیقا).



خولی فێربوونی مۆسیقا (1980)

2- ڕێکخستنی کۆڕێك بۆ شاعێرە لاوەکان، لە ڕێکەوتی (1980/6/30)دا، لە یانەی فەرمانبەرانی ڕواندز، دەقە شیعرییەکان لەلایەن مامۆستا (کەریم شارەزا)وە هەڵدەسەنگێنران، بەشداربووان:

| | |
|---|---|
| ئەمین چاوڕەش | سامی عەبدولقادر |
| وەلی دۆسکی | سەدیق حەبیب |
| عومەر مستەفا سەعید | حەسەن نانەوا |
| جەمال یوسف ڕەشید | سەلام نەورۆز |

3- سازدانی کۆڕێك بۆ (ئازاد جندیانی)، لە ڕێکەوتی (1980/12/8)دا، لە قوتابخانەی سەرەتایی کچانی ڕواندز، بە ناونیشانی (جوولانەوەی ڕۆشنبیری لە ڕواندز لە کۆنەوە تاکو ئێستا).



کۆڕ (جوولانەوەی ڕۆشنبیری)، ئازاد جندیانی (1980)

## ساڵی (1981):

**مۆسیقا:**

کردنەوەی خولی فێربوونی مۆسیقا، بە سەرپەرشتی (زرار محەمەد مستەفا)، ڕاهێنان لەسەر ئامێرەکانی (عود، کەمان، ئەکۆردیۆن، تەپڵ، گیتار، فلوت)، کە (22) قوتابی لە خولەکەدا بەشداربوون.

**شێوەکاری:**

1- پیشانگەیەکی تایبەتی هونەرمەند (ڕزگار فەقێ عەولا)، لە ڕێکەوتی (1981/8/25)دا، لە قوتابخانەی سەرەتایی کچانی ڕواندز، کە (27) تابلۆی لەخۆگرتبوو و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو.

2- پیشانگەی هونەرمەند (دارا محەمەد عەلی)، لە ڕێکەوتی (1981/9/24)دا، لە هۆڵی قوتابخانەی پاشای گەورە، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو.

## ساڵی (1982):

### شانۆگەری:

شانۆگەریی (نهێنیی پیشە)، نووسینی (محەمەد بودشیشە)، وەرگێڕان و ئامادەکردن و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە ڕێکەوتی (28-1982/8/29)دا، لە هۆڵی پاشای گەورە نماییش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| زرار محەمەد (کەریم) | سەباح خەیری (بەڕێوەبەر) |
| نەژاد ئەکرەم (خێزانی بەڕێوەبەر) | کامەران حاجی ئەلیاس (فەرمانبەر) |
| دارا عەبدوڵڵا ئەلیاس (فەرمانبەر) | زەینەل خەیری (فەرمانبەر) |
| لوقمان تەها (فەرمانبەر) | سەلاح عەلی حەمید (فەرمانبەر) |



شانۆگەریی (نهێنی پیشە)، عەبدوڵلا بودشیشە (1982)

### ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا:

تیپی مۆسیقای پاشای گەورە، لە ڕێکەوتی (1982/5/18)دا، لە هۆڵی ڕۆشنبیریی جەماوەری–هەولێر، بەشداری لە میهرەجانی هونەر و ڕۆشنبیریی کورد–دەسگای ڕۆشنبیریی کورددا کرد، بە هاوکاریی گۆرانیبێژان: (ئەحمەد محەمەد شەریف و خدر بێجانی و کۆڕسی تیپ).

**شێوەکاری:**

کردنەوەی پیشانگەیەکی هاوبەشی هونەرمەندان (ڕزگار فەقێ عەولاّ و سەلام نەورۆز)، لە ڕێکەوتی (1982/9/2)دا، لە هۆڵی پاشای گەورە، کە (33) تابلۆی لەخۆگرتبوو و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو.

## سالّ (1983):

**شانۆگەری:**

شاۆگەریی (بانێکە و دوو هەوا) (القاعدة و الاستثناء)، نووسینی (برتۆڵد برێخت)، وەرگێڕان و ئامادەکردن و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە ڕێکەوتی (4–1983/5/5)دا، لە هۆڵی پاشای گەورە و لە ڕێکەوتی (1983/5/7)ش، لە هۆڵی (لاوانی سەدیق)دا نمایش کراوە.

ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| زرار محەمەد مستەفا (بازرگان) | کامەران حاجی ئەلیاس (خاوەنی ئوتێل) |
| خالید عەبدوڵلاّ حوسێن | زەینەل خەیری |
| محەمەد سەعید مەلا مەحمود | دارا عەبدوڵلاّ ئەلیاس (جەمال) |
| فەوزی جەودەت (حیکایەتخوان) | ڕزگار عەبدوڵلاّ |
| مەغدید حەمەد | سەتار موسا |
| عەبدولعەزیز محەمەد عەلی | سەلاّح عەلی حەمید (دادوەر) |
| سەباح خەیری (دادوەر) | نەبەز فەقێ عەولاّ (خێزانی جەمال) |
| هوشیار عوسمان (کۆمبارس) | زریان عەبدولقادر (کۆمبارس) |
| ڕەزاق مراد (کۆمبارس) | بێجان سلێمان (کۆمبارس) |



(شانۆگەریی (بانێکە و دوو هەوا)

**ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا:**

1- ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە شاری چۆمان، لە ڕێکەوتی (1983/3/21)دا، بە بەشداری تیپی مۆسیقای پاشای گەورە و گۆرانیبێژان: (ئەحمەد محەمەد شەریف، وەلی دۆسکی، کۆرسی تیپ).

2- کردنەوەی خولی فێربوونی مۆسیقا، بە سەرپەرشتی (زرار محەمەد مستەفا)، لە ڕێکەوتی (1983/6/25)دا، کە (22) قوتابی لە خولەکەدا بەشداربوون بۆ ڕاهێنان لەسەر ئامێرەکانی (عود، کەمان، جمبش، تەپڵ، ئەکۆردیۆن، گیتار، فلوت).



خولی فێربوونی مۆسیقا (1983)

**شێوەکاری:**

1– کردنەوەی یەکەمین پیشانگەی تایبەتیی هونەرمەند (سەلام نەورۆز)، لە ڕێکەوتی (1983/10/7)دا، لە بارەگای کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی ڕواندز، کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو.

2– کردنەوەی پیشانگەیەکی تایبەت بە وێنەی دەستکردی منداڵان، لە ڕێکەوتی (1983/11/30)دا، لە هۆڵی پاشای گەورە، کە (80) تابلۆی لەخۆگرتبوو و ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو.

3– میوانداری کردنی دەسگای ڕۆشنبیری و بلاْوکردنەوەی کوردی و کردنەوەی پێنجەمین پیشانگەی ڕۆژنامەگەریی کوردی، لە ڕێکەوتی (1983/9/29)دا، لە بارەگای کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی ڕواندز و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو.

## **ساڵی (1984):**

ئەم ساڵە لە مێژووی بزاڤی هونەری مۆسیقا لە شاری ڕواندزدا ساڵێکی وەرچەرخان بوو، لەبەرئەوەی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە پێگەیشت و فراژی بوو و گەیشتە ئەو ڕاددەیەی کە چەند گۆرانییەك ئامادەبکات بۆ تۆمارکردن.

جاری یەکەم کاك عوسمان هەوڵیدا، کەوا بە (مۆنتاربۆ) گۆرانییەکان تۆماربکات، ئەوە بوو خستمانە سەر کاسێت و بۆ ئێستگەی کوردیی بەغدا ناردمان، بەلاْم دیار بوو لە ڕووی تۆماری دەنگەوە سەرکەوتوو نەبوو.

جارێکی دیکە هەوڵماندا لە ستۆدیۆی تیپی مۆسیقای هەولێر تۆماریان بکەین. لەوێ هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (سەید ئەحمەد بەرزنجی) زۆر خۆی لەگەڵ کارەکەدا ماندووکرد، کە جێگەی ڕێز و سوپاسی ئێمە بوو، بەلاْم دیار بوو لەو هەوڵەشدا لە ڕووی دەنگەوە سەرکەوتوو نەبووین. دوای ئەوەی لیژنەی هەڵسەنگاندنی (گۆرانی و مۆسیقا) لە ئێستگەی کوردیی بەغدا ئاواز و گۆرانییەکانیان لا پەسند بوو، داوایان لێکردین کە بچینە بەغدا تا لەوێ گۆرانییەکان تۆمار بکەین.

لێرەدا دەمەوێت رۆڵی بەڕێز (عەبدولوەهاب تاڵەبانی) لەبیرنەکەم، کە ئەوکات سەرۆکی لقی (کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد) بوو لە هەولێر، کە زۆر لەگەڵماندا ماندوو بوو، هەروەها کارئاسانیی زۆری بۆ کردین تا بچینە بەغدا و بەرهەمەکانمان تۆمار بکەین.

لە ڕۆژی (1984/11/14)، یەکەم بەرهەمی تیپ لە ئێستگەی کوردیی بەغدا تۆمارکرا، کە بریتی بوو لە نۆ گۆرانی و لەگەڵ سروودێك بۆ (نەورۆز)، ئەندازیاری دەنگیش (یەحیا حەمدی) بوو، گۆرانییەکانیش ئەمانە بوون:

وەلی دۆسکی:

1- کۆچەرێ فۆلکلۆر

2- لێ لێ کنێ فۆلکلۆر

3- لێ گدیێ فۆلکلۆر

ئەحمەد محەمەد شەریف:

1- ساقی بەهارە شارۆخی

2- مەندانە فۆلکلۆر

3- هەورۆ فۆلکلۆر

خدر بێجانی:

1- ڕازۆ فۆلکلۆر

2- دیسان وا هات فۆلکلۆر

کۆڕس:

1- لە بانان فۆلکلۆر

2- سروودی نەورۆز هۆنراوە: گۆران ئاواز: چەتۆ ساڵح

هەر لەو ساڵەدا و لە ڕێکەوتی (1984/3/21)دا، بە بۆنەی جەژنی نەورۆز ئاهەنگێك لەلایەن تیپی مۆسیقای پاشای گەورەوە سازکرا.

**شێوەکاری:**

1- کردنەوەی پیشانگەیەکی تایبەت بە وێنەی دەستکردی منداڵانی ڕواندز، لە ڕێکەوتی (1984/5/2)دا لە هۆڵی پاشای گەورە، کە (98) تابلۆی لەخۆگرتبوو و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو.

2- پیشانگەی وێنەی فۆتۆگرافیی (جەمال محەمەدەمین)، ڕێکەوتی (1984/9/1) لە بارەگای کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد-ڕواندز، کە (35) وێنەی لەخۆگرتبوو و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو.



پێشانگەی وێنەی فۆتۆگرافی، جەمال محەمەدەمین (1984)

## ساڵی (1985):

**شانۆگەری:**

بە مەبەستی نمایشکردنی شانۆگەریی (دایکی سەرلێشێواو)، لە سەرەتای مانگی ئابی ساڵی (1985)دا، بۆ ماوەی هەفتەیەك پرۆڤەمان کرد و خۆمان ئامادەدەکرد، بەڵام بەداخەوە بە هۆی شەهیدبوونی خوشکی بەڕێزمان هونەرمەند (شلێر محەمەد مەحمود)، بە کارەساتێکی دڵتەزێن لە

دوای گەڕانەوەی لە پرۆڤەدا لە ئێوارەی (1985/8/15)، کە ڕۆڵێکی سەرەکی لە شانۆگەرییەکەدا هەبوو، کارەکەمان ڕاگرت و نمایش نەکرا. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە ناوی ئەو بەڕێزانە بکەم، کە لە شانۆگەرییەکەدا وەك ئەکتەر بەشداربوون:

شلێر محەمەد مەحمود　　سامان عەلی مراد
ئاوات یونس　　ڕێژیار ئەحمەد مراد
ڕزگار عەزیز یونس　　سەلام عەلی مراد
شوان ئەحمەد خدر



شەهید (شلێر محەمەد) (1985)

**ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا:**

1- دۆبلاژکردنی حەوت گۆرانی لە ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی کەرکوك بۆ هونەرمەندان: (وەلی دۆسکی، ئەحمەد محەمەد شەریف، خدر بێجانی).
لەلایەن دەرهێنەر (سەباح ڕەشاد)، لە ڕێکەوتی (1985/2/7)دا.

لێرەدا دەمەوێت چیرۆکی چوونمان بۆ کەرکوك و ئەو بەلا و ناخۆشی و ئاستەنگانەی لەو سەفەرەدا هاتنە پێشمان بگێڕمەوە:

لەسەر بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی تەلەفزیۆنی کەرکوك ڕۆژی (1985/2/7) بۆ دۆبلاژکردنی حەوت گۆرانی بۆ تیپی مۆسیقای پاشای گەورە دیاری کرابوو. ئەوەبوو لە ڕۆژی (1985/2/5) وتووێژکرا و بەرنامە بۆ ڕۆژی دواتر دارێژرا. (هەرچەندە من لەلایەن (یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان)ەوە ئاگادارکرامەوە، کەوا دەبێت ڕەت (بایکۆت)ی چالاکییەکانی تەلەفزیۆنی کەرکوك بکەین و بۆ ئەم مەبەستەش هەموو تیپ و هونەرمەندانی کوردستان ئاگادارکرابوونەوە). من لە سەرەتادا کاسێتی گۆرانییە تۆمارکراوەکانم لای خۆم هەڵگرتبوو، ئەگەرچی چەند جارێکیش لەلایەن ئەندامانی تیپەوە داواکرا، بەڵام من نەمدەویست کار بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك بکەم، لەبەرئەوەی ئەم تەلەفزیۆنە تەنیا بۆ شێواندنی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی دامەزرابوو و بەردەوام کۆسپ و تەگەرەیان دەخستە بەردەم تیپە باشەکان و هەروەها لە بواری دەرهێنانی دەنگ و ڕەنگیشدا کارمەندی زۆر لاوازیان هەبوو، بەڵام لەژێر فشاری برادەرانی تیپ و هەروەها بە هۆی ئەوەی کە یەکەم جاریش بوو بەرهەمی ئەم تیپە دۆبلاژ بکرێت، ڕەزامەندیم لەسەر کارەکە دەبڕی.

دەبووایە ڕۆژی (1985/2/6) بەرەو کەرکوك بڕۆین، بەلای منەوە هەموو ئەندامانی تیپ هەر بەدەم ئەم خەیاڵەوە شەوەکەیان بردەسەر! چونکە دەمێك بوو بە ئاواتەوە بوون ڕۆژێك بێت و بەرهەم و ڕەنجیان لە تەلەفزیۆن تۆماربکرێت.

بەیانی ڕۆژی چوارشەممە (1985/2/6) هەمووومان خۆمان ئامادەکرد و ناردمان بە شوێن ئۆتۆمبێل، بەڵام دەستمان نەکەوت! هەروەها چەند کۆسپێکی دیکەشمان هاتە پێش کە خەریکبوو هەموومان لەسەر کارەکە سارد بکاتەوە و هیوا بڕاومان بکات (بێ هیوایی ژیان، مانای مردنە). بۆ ئۆتۆمبێل بە دوای (عەزیز شاکر)ماندا نارد، بەڵام ئەویش لە ڕواندز نەبوو، هاوکات سازژەنیش بوو لە تیپ. ئەو ئۆتۆمبێلەی کە ڕامان سپاردبوو بمانبات بۆ کەرکوك، سەر لە بەیانییەکەی خۆی لە ئۆتۆمبێلێکی سەربازیدا بوو، بۆیە نەیتوانی لەگەڵماندا بێت! هەروەها ئەوەی لە هەمووی ناخۆشتر (لە بەختی ڕەشی ئێمەدا!) ڕێگەی گەلی عەلی بەگ لەسەرەوەی تاڤگەی گەلی، چەنە لێیدابوو، ڕێگەی ڕواندز و هەولێری داخستبوو! بەڕاستی بۆ ئێمە

بارودۆخێکی ناخۆش بوو، بەڵام بێ ئومێد نەبووین و لە ڕێگەچارەیەك دەگەڕاین، یەکێك هاتە لامان و پێی وتین دەبێت لێرەوە تاکو تاڤگەی گەلی بە ئۆتۆمبێلێك بڕۆن و لەوێشدا ماوەیەك بە پێیان بڕۆن، بڕیارماندا ئەگەر لە تاڤگەوە تا خەلیفانیش بە پێ بڕۆین هەر دەچین. لەناکاو (عەزیز شاکر) پەیدابوو، ئاگاداری کردین کەوا تاکو زووە دەبێت بڕۆین، کۆستەرێکمان بۆ تاڤگەی گەلی گرت. دەمژمێر (4) لە (قەزای سەدیق) بە دوای برادەرانی گۆرانیبێژ گەڕاین و ئەوانیش لە بێ ئومێدیدا بلاوەیان لێکردبوو، بەم شێوەیە تاکو هەموومان کۆکردنەوە بوو بە دەمژمێر (5)ی ئێوارە. کەوتینە ڕێ و بەفریش وردە وردە دەباری و لە پێچەکانی سەرەوەی تاڤگە کەلوپەلمان دابەزاند و یەك دووانێکیش لە ئەندامانی تیپ، کچەکانی کۆرسیان لە ناو قوڕ و چڵپاودا پەڕاندەوە و ئێمەش هەر یەکە و ئامێر و کەلوپەلی پێویستمان پەڕاندەوە و بەفریش وەکو ئاردی ناو هێڵێنگ دەهاتە خوارەوە، کچەکان لە سەرمادا دەلەرزین، کەچی لات وابوو بۆ شایی و زەماوەند دەڕۆن! تاکو ئۆتۆمبێلمان لەوبەر گرت کە کۆستەری (سەباح ئاغا مەعروف) و لاندگرۆزەری (عەزیز شاکر) بوون ئێوارەمان بەسەردا هات و بە ڕێکەوتین و نانمان لە شەقلاوە خوارد و شەوەکەش لە هەولێر لە ئوتێلی (مێرگەسۆر) ماینەوە.

بەیانی کە چووینە تەلەفزیۆنی کەرکوك هیچ شتێك لە دیکۆر و کامێرا ئامادە نەکرابوون، جەنابی (ڕێجیسۆر) هێشتا هەر خەریك بوو.

لە ڕۆژی (1985/2/7)دا لە دەمژمێر (12:10) یەکەمین گۆرانی دۆبلاژکرا، کە گۆرانیی (هەورۆ) بوو. تاکو دەمژمێر (6:30)ی ئێوارە حەوت گۆرانی دۆبلاژکران، ئەوانی دیکەش دواخران بۆ مانگی نیسانی هەمان ساڵ، کە لە ڕواندز دۆبلاژ بکرێن. ئا ئەمەیە ماندووبوون و سەرئێشەی بزاڤی هونەری بە تایبەتی لە ڕواندزی دوورەدەست و نەبوونی ئامێر و پێداویستییەکان.



تیپی مۆسیقای پاشای گەورە (1986)

2- تیپی مۆسیقای پاشای گەورە لە ڕێکەوتی (1985/3/30)دا، بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە ئاهەنگێکی لە هاوینەهەواری پیرمام سازکرد. بە بەشداری هونەرمەندان: (وەلی دۆسکی، ئەحمەد محەمەد شەریف، خدر بێجانی، کۆرس).

3- تۆمارکردنی حەوت گۆرانی لە ئێستگەی کوردیی بەغدا، لە ڕێکەوتی (1985/9/19)دا، کە ئەمانە بوون:

| | |
|---|---|
| خدر بێجانی | گۆرانی: گۆڤەندێ، مانگ |
| ئەحمەد محەمەد شەریف | گۆرانی: شایی، کچی کوردستانێ |
| وەلی دۆسکی | گۆرانی: مازی چنێ، نە کورتی نە بلّندی |
| سامان و سەلام مرادی | گۆرانی: وەز هاتم لەگەلّ کۆرس |

ئەندازیاری دەنگ (جەمیل قشتە) بوو.

4- تۆمارکردنی دوو گۆرانی و یەك پارچە مۆسیقا، لە ستۆدیۆی تیپی مۆسیقای سلێمانی، لە ڕێکەوتی (1985/10/31)، کە ئەندازیاری دەنگ بەڕێز (سەلاّح ڕەئوف) بوو. هونەرمەندان:

| | |
|---|---|
| وەلی دۆسکی | گۆرانی: دەسمالّێ، لەگەلّ سامان مرادی و کۆرس |
| سامان و سەلام مرادی | گۆرانی: وەز هاتم لەگەلّ کۆرس |
| چەتۆ سالّح | پارچە مۆسیقای: ولاّتێ مە |

## سالّی (1986):

لەبەرئەوەی شەش برادەر لە ئەندامانی تیپی مۆسیقا خوێندنیان لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی موسلّ بە پلەی زۆرباش تەواوکرد، لەسەر دەستی هونەرمەندی بە توانا مامۆستا (ئەحمەد جەوادی) پەروەردە بوون و فێری زۆر لایەنە زانستییە شاراوەکانی ناو مۆسیقای کردن، بە تایبەت شێوازی ژەنین و مامەلّەکردن لەگەلّ بەرهەمی مۆسیقا زانانی جیهان و شێوەی ژەنینی شێوازی مۆسیقای ئۆرکێسترالی و دابەشکردنی هارمۆنی و شارەزابوونیان بە سکێلّەکانی ڕۆژئاوایی و دەسگاکانی ڕۆژهەلاّتی، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پێشکەوتنی تیپ و کارامەبوونیان هەبوو، بە تایبەت لە ڕووی دانانی ئاواز و دابەشکردن و بە هارمۆنی کردنی. سەرەڕای ئەمەش لەلایەنی شانۆشەوە جۆرە تیپێکی شانۆیی پێگەیشت، کە بەڕاستی

کارامەبوون لە مەبەست و مانای شانۆ دەگەیشتن و لە داهاتووشدا بە شێوەیەکی باش ڕەنگی دایەوە و کادیری باشمان لە بواری شانۆدا بۆ هەڵکەوتن. هەروەها لە بواری شێوەکاریشدا بە شێوەیەکی بەرچاو بزاڤەکە پێشکەوت و هونەرمەندی لێهاتوو و بەدیارکەوتن، بە تایبەتی هونەرمەند (سەلام نەورۆز) کە کۆلێژی هونەری لە بواری شێوەکاریدا تەواوکرد.

**شانۆگەری:**

شانۆگەریی (شاری ئەوین)، نووسینی (تەڵعەت سامان)، دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە ڤیستیڤاڵی هونەر، لە ڕێکەوتی (1986/7/22)دا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە هۆڵی لاوانی (سەدیق) نمایش کراوە. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| فەوزی جەودەت (بیرلێدەر) | ڕێژیار ئەحمەد مراد (شاگردی عاشق) |
| دارا عەبدوڵڵا ئەلیاس (بازرگان) | شوان خدر ئەحمەد (بازرگان) |
| سەتار موسا (شا) | مەغدید حەمەد ئیسماعیل (وەزیر) |
| کامەران ئەلیاس | سروە محەمەدەمین |
| سامان عەلی مراد | سەلاح عەلی حەمید |



شانۆگەریی (شاری ئەوین)، تەڵعەت سامان (1986).

سەلام عەلی مراد هونەر ئەلیاس عەبدوڵڵا

شێرزاد ئەکرەم خالید عەبدوڵڵا حوسێن

سلێمان ئەحمەد عەزیز کەمال محەمەد ڕەسول

کامەڕان حوسێن

منداڵان:

شاخەوان سامی ئیسماعیل محەمەد ساڵح

هەمان شانۆگەری لە ڕێکەوتی (1986/7/25)دا لە هۆڵی پاشای گەورە بۆ ماوەی (2 ڕۆژ نمایشکرایەوە.

**ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا:**

1- ئاهەنگی ڕۆژی هونەر، لە ڕێکەوتی (1986/1/9)دا لە هۆڵی ئیبن مستەوفی لە هەولێر.



ئاهەنگی (ڕۆژی هونەر)، هەولێر (1986)

2- دروستکردنی ستۆدیۆی تۆمارکردنی دەنگ لە ڕواندز و کڕینی مۆنتاربۆ و تەسجیل و کەلوپەلی پێویست، لە شوباتی (1986)دا.

3– ئاهەنگی جەژنی نەورۆز، لە ڕێکەوتی (1986/3/19)دا لە هۆڵی ئیبن مستەوفی لە هەولێر، بە بەشداری گۆرانیبێژان: (وەلی دۆسکی، خدر بێجانی، ئەحمەد محەمەد شەریف، سلێمان ئەحمەد عەزیز، سامان و سەلام مرادی).

4– لە ڕێکەوتی (1986/4/12)دا لە تەلەفزیۆنی (نەینەوا)، هەریەکە لە سروودەکانی (زەنگە زەنگە)ی (وەلی دۆسکی) و سروودی (ئەی نیشتمانم)ی (سلێمان ئەحمەد) و چەند گۆرانییەکی دیکە تۆمار و دۆبلاژکران. بۆ هونەرمەندان:

| | |
|---|---|
| وەلی دۆسکی | سامان و سەلام مرادی |
| ئەحمەد محەمەد شەریف | سلێمان ئەحمەد |
| خدر بێجانی | کۆرسی تیپ |

ئەندازیاری دەنگ: فەرقەد مەلیکۆ        دەرهێنەر: غازی فەیسەل

5– خولێکی فێربوونی مۆسیقا لە ڕێکەوتی (1986/5/25)دا، بۆ (20) قوتابی کرایەوە.

6– دۆبلاژکرنی حەوت گۆرانی لە تەلەفزیۆنی کەرکوك، لە ڕێکەوتی (1986/6/30)دا، دەرهێنەر: لیبرۆن سیمۆن.



میهرەجان لە هۆڵی لاوانی سەدیق (1986)

7– میهرەجانی هونەری، لە ڕێکەوتی (1986/7/24)دا لە هۆڵی لاوانی (سەدیق). بە بەشداری هونەرمەندان: (وەلی دۆسکی، ئەحمەد محەمەد شەریف، خدر بێجانی، سلێمان ئەحمەد عەزیز،

سامان و سەلام مرادی، کۆرسی تیپ). لەم میهرەجانەدا هەریەکە لە (مزەفەر عەبدوڵلاّ) بە کلارنێت و سەکسیفۆن و (ئیبڕاهیم حەسەن خدر) بە فلوت بەشدارییان کرد.

دواتر هەمان میهرەجان لە ڕواندز لە هۆڵی پاشای گەورەدا دووبارە پێشکێش کراوە.

8- بۆ یەکەم جار لە ستۆدیۆی تیپدا، دە گۆرانی و یەك پارچە مۆسیقا تۆمارکران، لە ڕێکەوتی (1986/9/17)دا. بۆ هونەرمەندان:

| | |
|---|---|
| وەلی دۆسکی | گۆرانی: سینەم، کانی ل بەر کانی |
| سلێمان ئەحمەد عەزیز | گۆرانی: گوڵیٚ، بەهاری کوردستان |
| سامان و سەلام مرادی | گۆرانی: دونیایە |
| ئەحمەد محەمەد شەریف | گۆرانی: خۆشەویست، بیٚ تۆ |
| سەلام مرادی | گۆرانی: قیبلەی ئاوات |
| چەتۆ نەورۆز | پارچە مۆسیقای: دولبەر |

دەرهێنەری دەنگ: زرار محەمەد مستەفا.

**شێوەکاری:**

1- کردنەوەی پیشانگەیەك بۆ وێنەی دەستکردی مندالاّنی ڕواندز، لە ڕێکەوتی (1986/3/11)دا لە هۆڵی پاشای گەورە، کە (78) تابلۆی لەخۆگرتبوو و بۆ ماوەی سیٚ ڕۆژ بەردەوام بوو.

2- میوانداری کردنی پیشانگەی مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری تەوزیمی لە ڕواندز، لە ڕێکەوتی (1986/4/7)دا، لە بارەگای (کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد-ڕواندز)، کە (85) تابلۆی لەخۆگرتبوو.

3- کردنەوەی پیشانگەی (پۆستەری سیاسی) لە میهرەجانی هونەردا، لە ڕێکەوتی (1986/7/17)دا، لە هۆڵی لاوانی سەدیق، کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو.

بە بەشداری:

| | |
|---|---|
| سەلام نەورۆز (9) پۆستەر | سەید ئەحمەد سەید جەبار (8) پۆستەر |
| مەغدید حەمەد ئیسماعیل (8) پۆستەر | ئەحمەد شێخە (6) پۆستەر |

خدر بێجانی (8) پۆستەر

هەمان پیشانگە لە ڕێکەوتی (1986/7/19)دا، لە ڕواندز لە هۆڵی پاشای گەورەدا کرایەوە و ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو.



پێشانگەی پۆستەری سیاسی (1986)

## ساڵی (1987):

### ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا:

1- کۆڕی هونەرمەند (ئامانج غازی) بە ناونیشانی (سیمفۆنیای نۆیەمی بیتهۆڤن).

پێشکێشکردنی پێنج پارچە مۆسیقای جیهانی لەلایەن ئۆرکێسترای پاشای گەورە، لە ڕێکەوتی (1987/3/15)دا، لە هۆڵی ڕۆشنبیریی جەماوەر لە هەولێر.

2- گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز لە ڕێکەوتی (1987/3/21)دا لە هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد-بەغدا، بە بەشداری گۆرانیبێژان: (وەلی دۆسکی، ئەحمەد محەمەد شەریف، سەلام مرادی، سلێمان ئەحمەد عەزیز).

3- تۆمار و دۆبلاژکردنی حەوت گۆرانی لە تەلەفزیۆنی (نەینەوا)، لە ڕێکەوتی (1987/5/13)دا، بۆ هونەرمەندان: (ساڵی 86یش)

وەلی دۆسکی | گۆرانی: سینەم، کانی ل بەر کانی.
سلێمان ئەحمەد عەزیز | گۆرانی: گوڵێ، بەهاری کوردستان
سامان و سەلام مرادی | گۆرانی: دونیایە
ئەحمەد محەمەد شەریف | گۆرانی: خۆشەویست، بێ تۆ
سەلام مرادی | گۆرانی: قیبلەی ئاوات
ئەندازیاری دەنگ: فەرقەد مەلیکۆ | دەرهێنەر: غازی فەیسەل

4- تۆمارکردنی هەشت گۆرانی بۆ هونەرمەند (ئەبوبەکری لەگزی)، لە ستۆدیۆی تیپی پاشای گەورەدا، لە ڕێکەوتی (1987/7/8). دەرهێنەر: زرار محەمەد مستەفا.

5- بەشداری ئۆرکێسترای پاشای گەورە لە ئاهەنگی ڕۆژی مۆسیقای جیهانیدا بە پێنج پارچە مۆسیقا، لە ڕێکەوتی (1987/10/1)دا لە هۆڵی ئیبن مستەوفی لە هەولێر. بە بەشداری گۆرانیبێژان:

(وەلی دۆسکی، ئەحمەد محەمەد شەریف، هاوتا ئەسعەد، سامان و سەلام مرادی).



ئاهەنگی ڕۆژی مۆسیقای جیهانی، هەولێر (1987)

لەگەڵ سروودێك و پارچە مۆسیقایەك لەلایەن تیپی منداڵانی ڕواندز، کە لە خولی (1986/5/25)دا فێری مۆسیقا ببوون. منداڵەکانیش ئەمانە بوون:

| | |
|---|---|
| هێمن سەدیق | ئیسماعیل محەمەد ساڵح |
| ماردین حوسێن جۆلا | هێمن خالید |
| سەردار محەمەد سەبری | هەوراز سەدیق |
| هەرێم سەدیق | هەتاو عوسمان |
| دلزار عارف | سەفین ساڵح عەبدوللا |
| شادیە حەسەن | ڕەفیق حەسەن |
| سەعید ئەسعەد | ئەنوەر حەسەن |
| حەمدیە عەلی حاجی | ئەمیرە ئەسعەد عەلی |
| نەریمان ڕەفیق | ئیبراهیم قادر |
| دلێر بایز | سەرکەوت عەبدوللا |
| ئاکۆ زرار | شۆڕش ساڵح ئیسماعیل |



ئاهەنگی منداڵان، بەشداری لە ڕۆژی مۆسیقا (1987)

6- چلەی ماتەمینی هونەرمەند (تاهیر تۆفیق)، لە ڕێکەوتی (1987/11/30)دا، لە هۆڵی ئیبن مستەوفی لە هەولێر و پێشکێش کردنی پارچە مۆسیقای (کراس زەردێ)، لە ئامادەکردنی (چەتۆ نەورۆز).

7- ئامادەکردن و تۆمارکردنی هەشت گۆرانی بۆ هونەرمەند (وەلی دۆسکی)، لە ستۆدیۆی تیپدا لە ڕێکەوتی (1987/9/10). گۆرانییەکان:

(دولبەر، دلۆ بخازە، ڕواندز، دمێ کەینە بیك، خۆزیا دلی، ئەی یارا من، هەی بزداندن، هەی دۆتامێ).

دەرهێنەر (زرار محەمەد مستەفا).

8- تۆمارکردنی حەوت گۆرانی بۆ هونەرمەند (ئەبوبەکری لەگزی)، لە ستۆدیۆی تیپ لە ڕێکەوتی (1987/12/27). دەرهێنەری دەنگ (زرار محەمەد مستەفا).

**شێوەکاری:**

1- پیشانگەی هێڵکاری بۆ (ئەحمەد شێخە)، لە ڕێکەوتی (1987/3/1)دا لە هۆڵی پاشای گەورە، کە (35) تابلۆی لەخۆگرتبوو.



هێڵکاریی (ئەحمەد شێخە)، ڕواندز (1987)

2- پیشانگەی هونەریی منداڵانی ڕواندز، لە ڕێکەوتی (1987/12/1)دا لە هۆڵی پاشای گەورە، کە (80) تابلۆی لەخۆگرتبوو.

**کۆڕ:**

کۆڕێك بۆ شاعێری لاو (ئەمین چاوڕەش)، لە ڕێکەوتی (1987/12/10)دا لە هۆڵی پاشای گەورە، بە ناوی (فۆلکلۆری کوردی، گۆڕەپانی بەرفراوانی ئەدەبی گەلەکەمانە).

## ساڵی (1988):

**شانۆگەری:**

1- شانۆگەریی (ئەو پیاوەی مەرگ لێی سڵەمیەوە)، نووسینی (د. ئیبڕاهیم بەسڕی)، وەرگێڕانی بۆ کوردی (مەحمود زامدار)، دیکۆڕ و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە ڕێکەوتی (27-1988/3/28)دا لە ڕۆژی شانۆی جیهانی لە هەولێر لە هۆڵی ڕۆشنبیریی جەماوەری نمایش کراوە. مۆسیقای شانۆگەرییەکەش بە شێوەیەکی زیندوو لەلایەن تیپی مۆسیقای پاشای گەورە پێشکێشکرا. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| کامەران حاجی ئەلیاس | دارا عەبدوڵلا ئەلیاس |
| سەلام عەلی مراد | سەلاح عەلی حەمید |
| خالید عەبدوڵلا حوسێن | مەغدید حەمەد ئیسماعیل |
| ئیبڕاهیم حەمەد | لوقمان کاکەمین |
| نژاد ئەکرەم | زەکیە عەلی حاجی |
| خوناو ساڵح | ژیان عەلی مراد |
| ئاوات یونس | |

هەمان شانۆگەری لە ڕێکەوتی (1988/7/21)دا لە هۆڵی ڕۆشنبیریی جەماوەری لە شاری دهۆك نمایش کراوە و پلەی دووەمی هێناوە.

هەوەرها لە ڕێکەوتی (16-1988/11/17)دا لە هۆڵی لاوانی سەدیق نمایش کراوە.

دواتریش لە ڕێکەوتی (19-1988/11/20)دا لە هۆڵی پاشای گەورە لە ڕواندز جارێکی دیکە نمایش کراوەتەوە.

2- تابلۆی(شانۆگەری) (شەهید) بۆ مندالآن، ئامادەکردنی (زرار محەمەد مستەفا)، لە ڕێکەوتی (1988/12/1)دا.



شانۆگەریی (ئەو پیاوەی مەرگ لێی سڵەمیەوە)

**گۆرانی و مۆسیقا:**

1- بەشداریکردنی ئۆرکێسترای پاشای گەورە، لە شانۆگەریی (کەمانجەی ڕۆتشیڵد)دا، لە دەرهێنانی هونەرمەند (کەریم عوسمان)، لە شاری هەولێر.

2- تۆمارکردنی چوار گۆرانی بۆ هونەرمەند (ئەبوبەکری لەگزی)، لە ستۆدیۆی تیپ لە ڕێکەوتی (1988/1/20). دەرهێنەر (زرار محەمەد مستەفا).

3- بەشداریکردنی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە لە میهرەجانی گۆرانی و مۆسیقا لە شاری هەولێر، لە ڕێکەوتی (1988/3/15)دا.

4- تۆمارکردنی شەش گۆرانی بۆ هونەرمەند (هاوتا ئەسعەد)، لە ستۆدیۆی تیپ لە ڕێکەوتی (1988/5/10). گۆرانییەکان:

(تەنیا من بووم، کۆچ، گوڵ و خونچەی بەهاران، ئەی کچ، هەر من ڕەنجەڕۆم، هەموو شەوێ).

5- تۆمارکردنی سێ گۆرانی بۆ (سلێمان ئەحمەد)، دوو گۆرانی بۆ (سەلام مرادی)، لە ستۆدیۆی تیپدا لە ڕێکەوتی (1988/5/10).

6- بەشداریکردنی تیپی مۆسیقای منداڵان، لە ئاهەنگی (1988/7/30)دا.

7- دۆبلاژکردنی سێ گۆرانی بۆ هونەرمەندان:

| | |
|---|---|
| وەلی دۆسکی | گۆرانی: ڕواندز |
| سەلام مرادی | گۆرانی: قیبلەی ئاوات |
| سلێمان ئەحمەد | گۆرانی: بەهار |

لە هاوینەهەواری جندیان و بێخاڵ، بۆ بەرنامەی (نسمات من بلادي)، لە ڕێکەوتی (1988/8/8)دا. دەرهێنەر (فەرقەد مەلکۆ).

8- بەشداریکردنی تیپ لە ئاهەنگی ڕۆژی سەرکەوتندا، لەگەڵ تیپی مۆسیقای منداڵاندا، ڕێکەوتی (1988/8/21) لە قەزای سەدیق و ڕێکەوتی (1988/8/24) لە ڕواندز.

9- تۆمارکردنی چەند سروودێك بۆ (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان- ئێران) لە ستۆدیۆی تیپدا، لە ڕێکەوتی (12-1988/8/15)دا. گۆرانیبێژان:

| | |
|---|---|
| ڕەزا | فاتیمە |
| ئەبوبەکری لەگزی | کاڵێ |

10- بەشداریکردنی تیپ لە ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی هونەرمەند (تایەر تۆفیق)دا، لە ڕێکەوتی (1988/10/20)دا لە هۆڵی میدیا لە هەولێر.

11- بەشداریکردنی تیپی مۆسیقای منداڵانی ڕواندز، لە شانۆگەریی (تابلۆی شەهید)دا، لە ڕێکەوتی (1988/12/1)دا لە هۆڵی پاشای گەورە.

**شێوەکاری:**

1- بە سەرپەرشتی هونەرمەند (سەلام نەورۆز)، خولێکی هونەری شێوەکاری بۆ ژمارەیەك منداڵی بەهرەمەند لە بارەگای کۆمەڵەدا کرایەوە، کە لە ڕێکەوتی (1988/1/1) تا (1988/4/1) خایاندی.

2- کردنەوەی یەکەمین پیشانگەی هونەرمەندی بەهرەمەند (ئەمیر حەمەدەمین)، لە ڕێکەوتی (1988/4/7)دا لە هۆڵی پاشای گەورە.

دواتر هەمان پیشانگە لە ڕێکەوتی (1988/4/28)دا، لە هۆڵی لاوانی سەدیق نمایش کراوەتەوە.



ئەمیر محەمەدەمین، لە تەمەنی حەوتساڵیدا

3- کردنەوەی پیشانگەی هونەرمەند (محەمەد عەبدولـمەناف)، لە ڕێکەوتی (1988/12/13)دا لە هۆڵی پاشای گەورە، کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو.

**کۆڕ:**

1- کۆڕێك بۆ هونەرمەند (ئامانج غازی)، بە ناونیشانی (هونەری مۆسیقا)، لە ڕێکەوتی (1988/3/1)دا لە ڕواندز.

2- کۆڕێك بۆ هونەرمەند (چەتۆ نەورۆز)، بە ناونیشانی (تیپی مۆسیقای پاشای گەورە و گۆرانیی کوردی)، لە ڕێکەوتی (1988/2/24)دا لە ڕواندز.




کۆڕ (هونەری مۆسیقا)، ئامانج غازی، ڕواندز (1988)

**شانۆگەری:**

1- هاوکاریکردنی یەکێتی قوتابیان لە شانۆگەریی (هەڵەی دکتۆر)، لە هۆڵی پاشای گەورە، لە ڕێکەوتی (6-1989/1/7)دا.

2- نمایشکردنی شانۆگەریی (نەفرەتلێکراو)، لەلایەن تیپی شانۆی (شەهید شلێر)، کە سەر بە کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد بەشی ڕواندز بوو، لە نووسینی (تەڵعەت سامان)، دیکۆر و دەرهێنانی (زرار محەمەد مستەفا)، لە ڕێکەوتی (1989/4/30)دا، لە هۆڵی پاشای گەورە، کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو. ئەکتەرەکان:

| | |
|---|---|
| نەژاد ئەکرەم | دارا عەبدوڵڵا ئەلیاس |
| ئیبراهیم محەمەد حەسەن | سەلام عەلی مراد |
| لوقمان کاکەمین | زەکیە عەلی حاجی |
| مزەفەر عەبدوڵڵا | دڵشاد سمکۆ |
| هوشیار عوسمان | ئیدریس جەلال |


کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد / بەشی ڕواندز

* تیپی شانۆی شلێر *

شانۆگەری / نەفرەت لێکراو

پێشکەش دەکات

نووسینی / طلعت سامان

دەرهێنانی / زرار محمد مصطفى

هۆڵی باشاگەوره ڕۆژانی 30/4/1976

کات (4)ی ئێوارە 1/5/1976

ئەکتەرەکان

١- کامەران حاجی الیاسی / یاریدەر

٢- نژاد اکرم حەیدەری / نەفرەت لێکراو

٣- دارا عبدالله الیاسی / خواوەندی سۆز

٤- ابراهیم محمد حسین / خواوەندی هۆش

٥- سلام علی مراد / پەیکەرتاش

٦- لقمان کاکە امین محمود / بەرگدروو

٧- زکیة علی حاجی / پەیکەر

٨- مظفر عبدالله خضر / کۆرس

٩- دلشاد سکۆ حسین / =

١٠- هوشیار عثمان / =

١١- ادریس جلال / =

کارە هونەرییەکان

* بەڕێوەبەری شانۆ
احمد شیخە حسین

* دیکۆر : زرار محمد مصطفى، نژاد اکرم، صلاح علی حمید، کامەران حاجی، احمد شیخە

* هەڵبژاردن و جێبەجێ کردنی مۆسیقا / زرار محمد مصطفى

* گۆرانی / احمد محمد شریف

* ئارایشت / ابراهیم محمد امین

* ڕووناکی / خلیل زرار سلیمان

* جل و بەرگ / بەشداران

* دەمامک / زرار محمد، احمد شیخە

* بەڕێوەبەری بەرهەم /

چاودێری هۆڵ :

١- سالار عزیز نعمت

شانۆگەریی (نەفرەت لێکراو)، تەڵعەت سامان

**لە دووەمین ڕۆژی نمایشکردنی شانۆگەرییەکەدا، لەدوای ئەوەی شانۆگەرییەکە تەواوبوو و ئامادەبووان و بینەران هۆڵەکەیان جێهێشت، من لەبەر دەرگای قوتابخانەی پاشای گەورەدا ڕاوەستابووم، نێزیکەی دەمژمێر (5)ی ئێوارە بوو، دوو جێبی سەربازی هاتن و چەند چەکدارێکی لێوە دابەزین و بە پەلە خۆیان بە هۆڵی نمایشکردندا کرد و ئەفسەرێك لە جێبەکە دابەزی و بۆ لای من هات و زۆر بە تووڕەییەوە وتی (ئەوە چیتان لەو هۆڵەدا هەبوو؟) منیش زۆر بە هێوری پێم وت شانۆگەرییەکمان پێشکێش کرد. وتی بە فەرمان و قسەی کێ شانۆگەری پێشکێش**

دەکەن؟ بۆ ئێمە ئاگادار نیین؟ وتم ئێمە کۆمەڵەیەکی هونەریین و مۆڵەتمان لە حکومەت پێدراوە و هەروەها ڕەزامەندیی (دائیرەی ئەمن) و (پارێزگاری هەولێر) و (بەڕێوەبەری ناحیەی ڕواندز) و ئەمانەی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان و مەنزومەی حزبیم خستنە بەردەم، سەرەڕای ئەمەش پێناسەی کۆمەڵەم پیشاندا، کە لە ژێرەوەیدا نووسرابوو "اِن هذه الجمعية من الجمعيات ذات الفتح العام بحسب قرار رئاسة الجمهورية المرقم...". کابرا نەختێك هێور بووەوە و زۆر بە تووڕەیی وتی (ئەگەر جارێکی دیکە ئەم جۆرە چالاکییانەتان کردن، ئەوا دەبێت ئێمە ئاگاداربکەنەوە...).

لە دواییدا زانیم، کە ئەو کابرایە بەرپرسی (ئەمنی) هەموو ناوچەکەیە و خەڵکی موسڵە و ناوی عەقید (سەروی)یە. ئەوجا ئاگادارکرامەوە، کە لەمەوپاش زۆر وشیار بین، چونکە زۆر قسەمان لەسەر کراوە ... .

**گۆرانی و مۆسیقا:**

1- ئاهەنگێك بە بۆنەی (ڕزگارکردنی فاو)، لە ڕێکەوتی (1989/4/18)دا، لە هۆڵی پاشای گەورە.

2- بەشداریکردنی تیپی مۆسیقای منداڵان لە ئاهەنگی ڕۆژی (خەلیفان)دا، لە ڕێکەوتی (1989/5/2).

3- تۆمارکردنی بەشی یەکەمی گۆرانییەکانی هونەرمەند (ئەحمەد محەمەد شەریف)، لە ستۆدیۆی تیپدا لە ڕواندز، لە ڕێکەوتی (1989/5/22)دا، کە بریتیبوون لە چوار گۆرانی:

(خەمێکی شێت (بە هاوبەشی لەگەڵ فاتیمە)، نەمردم من، خان و مان، کێ وەکو من).

4- ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا لە ڕێکەوتی (1989/7/30)، لە هۆڵی لاوانی سەدیقدا.

5- دۆبلاژکردنی دوو گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا، بۆ هونەرمەندان (وەلی دۆسکی و هاوتا ئەسعەد)، لە ڕێکەوتی (1989/8/2)دا.

6- سازدانی ئاهەنگی ڕۆژی سەرکەوتن، لە ڕێکەوتی (1989/8/8)دا.

7- هاوکاریکردنی مەڵبەندی گشتی لە سلێمانی، بۆ تۆمارکردنی چەند پارچە مۆسیقایەك بۆ تیپی مۆسیقای مەڵبەند، لە ڕێکەوتی (1989/8/15)دا.

8- بەشداریکردن لە کۆڕی (غەمگین فەرەج) بە ئامێری مۆنتاربۆ، لە هۆڵی کرێکارانی سلێمانی، لە ڕێکەوتی (1989/8/17)دا.

9- تۆمارکردنی چەند سروود و گۆرانییەك بۆ منداڵانی (حزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران)، لە یادی شەهید قاسملۆدا، لە ڕێکەوتی (1989/8/26)دا.

10- تۆمارکردنی هەشت گۆرانی بۆ تیپی مۆسیقای کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد- مەڵبەندی گشتیی سلێمانی، لە ڕێکەوتی (1989/8/28)دا، بۆ هونەرمەندان: (عەدنان کەریم، بەهجەت یەحیا، عەبدولقادر حەسەن، ڕازاو).

11- تۆمارکردنی حەوت گۆرانی بۆ هونەرمەند (نەجمەدین غولامی) لە ستۆدیۆی تیپ لە ڕواندز، لە ڕێکەوتی (1989/8/30)دا. گۆرانییەکان:

(ئەستێرە، یاد، بەژن ڕێك، شلێرە، پایز، فرمێسك، سەرکەوتن).

12- تۆمارکردنی بەشی دووەمی گۆرانییەکانی هونەرمەند (ئەحمەد محەمەد شەریف) لە ستۆدیۆی تیپ، لە ڕێکەوتی (1989/9/4)دا. گۆرانییەکان:

(کۆچی شەم، بێ تۆ، گیان مەرجان، لەو ڕۆژەوە).

13- بەشداریکردنی تیپ لە ماتەمینی هونەرمەندی گەورە (تاهیر تۆفیق)دا، کە بە بۆنەی دووەمین ساڵیادی کۆچی دواییەوە لە شاری کۆیەدا ڕێکخرابوو، لە ڕێکەوتی (1989/10/20)دا.

14- تۆمارکردنی چەند پارچە مۆسیقایەك بۆ هونەرمەند (ئامانج غازی) بە ئامێری عود لە ستۆدیۆی تیپ، دەهێنەر (زرار محەمەد مستەفا)، ڕێکەوتی (1989/10/25).

15- بڵاوکردنەوەی کاسێتی هونەرمەند (ئەحمەد محەمەد شەریف)، لە ڕێکەوتی (1989/11/6)دا.

16- بەشداریکردنی تیپ لە کۆڕی ماتەمینی هونەرمەندی گەورە (محەمەد عارف جزراوی)دا، لە شاری دهۆك لە ڕێکەوتی (1989/12/27)دا.




بەرهەمی هونەرمەند (ئەحمەد محەمەد شەریف)، (1989)

**شێوەکاری:**

1- کردنەوەی پیشانگەی (کەلوپەلی فۆلکلۆری کوردی)، لەلایەن (نەژاد ئەکرەم و مەحمود کاکەمین)ەوە لە هۆڵی پاشای گەورەدا، لە ڕێکەوتی (28-1989/4/29)دا.

2- دووەمین پیشانگەی تایبەتیی هونەرمەندی تازەپێگەیشتوو (ئەمیر حەمەدەمین) لە باخچەی کۆمەڵە، لە ڕێکەوتی (1989/7/30)دا، کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو.

3- پیشانگەی ئەرشیفی چالاکییەکانی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد- بەشی ڕواندز، بە بۆنەی یادی دامەزراندنیەوە لە باخچەی کۆمەڵەدا، لە ڕێکەوتی (1989/8/20)دا.

## ساڵی (1990):

**شانۆگەری:**

نمایشکردنی شانۆگەریی (قارەمانێتی جەنگاوەرێکی عێراقی)، بە بۆنەی جەژنی سوپای عێراقەوە، لە ڕێکەوتی (1990/1/6)دا، لە هۆڵی پاشای گەورە.

**گۆرانی و مۆسیقا:**

1- ئاهەنگی تیپی مۆسیقای منداڵانی ڕواندز بە بۆنەی جەژنی سوپای عێراقەوە، لە ڕێکەوتی (1990/1/8)دا، لە هۆڵی پاشای گەورە.

2- بەشداریکردنی تیپی مۆسیقای منداڵانی ڕواندز لە ئاهەنگەکانی (11)ی ئاداردا، لە ڕێکەوتی (1990/3/13)دا، لە هۆڵی لاوانی سەدیق.

3- بەشداریکردنی تیپی مۆسیقای منداڵانی ڕواندز لە میهرەجانی لاوانی هەولێر، لە ڕێکەوتی (1990/6/20)دا، لە گەردەگەردی ڕواندز.

4- ئاهەنگی تیپی مۆسیقای منداڵانی ڕواندز، لە ڕێکەوتی (1990/7/8)دا.

5- دۆبلاژکردنی چوار گۆرانی بۆ گۆرانیبێژاان: (وەلی دۆسکی، سلێمان ئەحمەد عەزیز)، کۆمپانیای (الشمس) لە ڕواندز، لە ڕێکەوتی (1990/7/23)دا.

6- تۆمارکردنی دوو لاوك و گۆرانییەك بۆ هونەرمەند (هاوتا ئەسعەد) لە ستۆدیۆی تیپ، لە ڕێکەوتی (1990/8/20)دا. لاوکەکان:

(قەلاّی دمدم، جەعفەر ئاغا)

لە تۆمارکردنی لاوکەکانەدا ئەم هونەرمەندانە بەشداربوون:

چەتۆ نەورۆز (کەمان) فارۆق باپیر (گیتاربێژ)

ڕەحیم (باڵەبان و زوڕنا)

دەرهێنەر (زرار محەمەد مستەفا)

7-کردنەوەی خولێکی فێربوونی مۆسیقا بۆ سی منداڵ لە بارەگای کۆمەڵەدا، لە ڕێکەوتی (1990/10/1)دا.




ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا-منداڵان، ڕواندز (1990)

**شێوەکاری:**

**پیشانگەی هاوبەشی پۆستەری سیاسیی هونەرمەندان (زرار محەمەد مستەفا و سەلام نەورۆز)، لە ڕێکەوتی (1990/4/17)دا، لە باخچەی کۆمەڵە.**

**ئەنجام:**

**1- لەدوای ئەوەی تیپی مۆسیقای پێگەیشت و کەوتە چالاکی، هونەری مۆسیقا و گۆرانی گوڕوتینێکی باشی بەخۆیەوە بینی و شاری ڕواندز بەرەبەرە دەگەیشتە ئاستی شارەکانی دیکەی کوردستان، کە لە ڕووی بزاڤی هونەری مۆسیقا و گۆرانی پێشکەوتوو بوون.**

**بەتایبەتی لەدوای تۆمارکردنی یەکەمین بەرهەمی تیپ و دۆبلاژکردنی گۆرانییەکانی بۆ تەلەفزیۆنەکانی کەرکوك و نەینەوا و دەرچوونی ئەندامانی تیپ لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی موسڵ و وەرگرتنی بڕوانامە بە پلەیەکی زۆر باش، کە ئەو دەرچووانە لەسەر دەستی مامۆستای پایەبەرز هونەرمەند (ئەحمەد جەوادی) پێگەیشتن و شارەزایەکی زۆر باشیان لە بواری بەکارهێنانی ئامێرەکان و خوێندنەوەی نۆتە و دابەشکردنی هاڕمۆنیا و چەند لایەنێکی دیکەی مۆسیقا پەیداکرد، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بەرهەمەکانی داهاتوو و گێڕانی کۆڕ و**

ڕێکخستنی میهرەجان و پێکهێنانی (ئۆرکێسترای پاشای گەورە)دا هەبوو. کە بۆ یەکەمین جار لە شاری هەولێردا لە کۆڕی هونەرمەند (ئامانج غازی)، لە ساڵی (1987)دا پێنج پارچە مۆسیقای جیهانی پێشکێشکران، کە بوو بەجێی سەرسامی و ڕەزامەندیی هونەرمەند و هونەردۆست و ڕۆشنبیران بوو.

سەرەڕای ئەمەش چەند کاسێتێکی گۆرانی بۆ هونەرمەندان: (وەلی دۆسکی و ئەحمەد محەمەد شەریف و هاوتا ئەسعەد) تۆمارکران و هەروەها هاوکاریی هونەرمەندانی پارچەکانی دیکەی کوردستان کرا. کە لەلایەن تیپەوە کاسێتێکی گۆرانی بۆ هونەرمەند (نەجمەددین غولامی) و کۆمەڵێك گۆرانی بۆ هونەرمەند (ئەبوبەکری لەگزی) ئامادە و تۆمارکران. هەروەها تۆمارکردنی چەند سروود و گۆرانیی (کوردی و فارسی) بۆ هونەرمەندان: (ڕەزا، فاتیمە، کاڵێ) لە ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستانی ڕۆژهەلات، تۆمارکردنی چەند گۆرانییەکی مندالان بۆ (حزبی دیموکراتی کوردستان).


بەبڕوای من ئەگەر بهاتبایە، تیپەکە هەروا بەیەکبوونی بمابایەوە و پارچەپارچە نەبووبا و بە هەمان ئامانج و گوڕوتینی جاران کاری بکردایە، ئەمڕۆ لە تیپە هەرە پێشکەوتووەکانی کوردستان دەبوو.

هەروەها کڕینی ئامێری تۆماری دەنگ و دامەزراندنی ستۆدیۆی دەنگ، ڕۆڵێکی باشی لە هاندانی هونەرمەندان و پەرەپێدان و گەشەسەندنی هونەری گۆرانی و مۆسیقادا هەبوو.

خۆ ڕۆڵی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی/ بەشی ڕواندز (کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد/ بەشی ڕواندز) نابێت لەیادبکرێت، چونکە لە ڕێگەی ئەو کۆمەڵەوە ئەو تیپە گەشەی کرد و توانی خۆی ڕابگرێت. سەرەڕای بەرەوپێشچوونی هونەری مۆسیقا، بەشەکانی دیکەی هونەریش پەرەیان سەند و سەریان هەڵدا. ئەوتا لەو ماوەیەدا، چەندان هونەرمەندی شانۆکار و پێگەیشتن و چەندان شانۆگەریش، لە شارەکانی ڕواندز و هەولێر و دهۆك پێشکێشکران.

لەڕووی شێوەکارییشەوە چەند هونەرمەندێکی بەتوانا پێگەیشتن، کە گەلێك پێشانگەی شێوەکاری و پۆستەریان کردەوە. هەروەها چەندان کۆڕی هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری سازکران، کە شاعێر و چیرۆکنووسە لاوەکان بەرهەمەکانیان تێدا دەخستنەڕوو.

هەروەها مێوانداری چەندان هونەرمەندی شێوەکار کرا و پێشانگەیان بۆ کردوونەتەوە لەوانە: (دارا محەمەد عەلی) و هونەرمەندی گەورەی کورد (عەزیز سەلیم).
بەم کار و چالاکییە هونەرییانە شاری ڕواندز شانبەشانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و تیپەکانی (سلێمانی و دهۆك و هەولێر و باواجی) لە گۆڕەپانی خزمەتی هونەر کوردیدا بوو بە ناوێکی دیار و بە چاوی ڕێز و خۆشەویستییەوە سەیری ڕۆڵەکانی شارەکە دەکرا و ناو و ناوبانگی هونەرمەندانی، سنووری شاری ڕواندزیان بەزاند و لە سەرتاسەری کوردستان و عێڕاقیش هونەرمەندانی ڕواندز ناسران و ناوبانگیان دەرکرد. هەروەها لە بەشەکانی دیکە کوردستانی گەورەش هونەرمەندان ڕوویان دەکردە شاری ڕواندز، تا گەیشتە ئەو ڕاددەیەی، ڕواندز بە شاری (هونەر) ناوببرێت.
2- ئەوەی جێی سەرنجە، لە نێوان سالآنی (1980-1988)دا، زۆرترین چالاکیی هونەری ئەنجامدراوە، کە لە سالّی (1987)دا گەیشتە ترۆپکەی گەشەسەندن و بەرەوپێشچوون، ئەویش بە دامەزراندنی (ئۆرکێسترای پاشای گەورە) بوو، کە بۆ یەکەمین جار توانرا (5) پارچە مۆسیقای، مۆسیقاژەنە بەناوبانگەکانی جیهان، وەکو مۆزارت و باخ و بتهۆڤن پێشکێش بکەن.
3- لەبەر باری ژیان و سەختیی بارودۆخی سیاسی و گواستنەوەی مالّی چەند هونەرمەندێکی تیپی پاشای گەورە، لە سالّی (1989-1990)دا بزاڤە هونەرییەکان بەرەو کزی ڕۆیشتن و دەتوانم بلّێم لە (1990)دا تیپی مۆسیقا، بەرهەم و چالاکیی هونەریی بەرچاوی نەما.
لە کۆتایی ئەم بەرهەمەدا پێم خۆشە ئەوە ڕابگەیەنم، کە بە نیازم لە داهاتوودا بزاڤ و چالاکییە هونەرییەکانی شاری ڕواندز، لە دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی بەهاری (1991)دا بنووسمەوە و چاپیان بکەم.



سال یکم | ژماره ۱

# زار کرمانجی

گڤـاریکی اجتماعی تاریخی فنی ادبیه

صاحب امتیاز و مدیر مسؤل
سید حسین مکریانی

مدیر اداره
عبدالرحمن گیو

بو نچتیك مخابره لەتك اداره خانه دە كریت

مز آبونه پیشین نیه قبول نا کریە

سالی ١٢ روپیه

بودره وه مز پوستەی دیتە سر

تاریخی درکوتنی
١٢ ذی القعدة الحرام سال ١٣٤٤ ھ

لەمطبعەی زار کرمانجی لە رواندز چاپ کرا

گۆڤاری زاری کرمانجی، لە ساڵی (1926) لە ڕواندز دەرچووە





کتێبی وێنەگەری و کۆڵێن، یەکەمین کتێبی کوردییە لەسەر هونەری گرافیك. لە ڕواندز




شایی ڕواندزیان. ساڵی (1941)



ئاهەنگ (عید الشجره)، 1958\3\17



کاکە زرار پاش ڕێز و سڵاو، ئەم شتێکە کە دەبێتە دوو یادەم جیاوەرە
لەکەم و کورتی .. خۆشی بە پێچەوانە سوودی بە نووسینی ڕاستی، کە بەچونکە
تۆ بۆ مێژوو دەنووسی، بە ڕادووردی بکەوە لەگەڵ ئەمەی چێگەت دەکرێ
ئەوەش بزانە:
هونەر، ژیانەوە، ژیانیشی بە ڕزگاریی دەبێتە پێگا، واتە هونەریش
بەم جۆرە دەکەوێتە بووژانەوە و گزی، وەک هەر چەرخێک لە مێژووی ئاوەدیار
هونەر جێگە گیر دەبێت و دەبێتە ناوەرۆک بۆ مێژووی ڕاستەقینەی گەل..

لە مامۆستا گۆیزرامەوە "ڕەواندز" ساڵی ١٩٥٧، بووم بە مامۆستای
"هونەر" لە قوتابخانەی "پاشای گەورە" کە بەڕێز مامۆستا ئەنوەر عەلی بەڕێوەبەری
بوو. کاک (فەوزی جەمیل صاحب) قائیمقام بوو ڕۆژێک ناردی بەدوامدا، کە چووم
بۆ خزمەتی فەرمووی: سابیر ئەگەر هاتوو ئەم کۆمەڵە دارانەت ① بدەمێ
چی لێیان دەکەی؟! دەستبەجێ گوتم شانۆیەکی باشیان بۆ دروست دەکەم
لە قوتابخانە ناوەندییە. گوتی: وا ئەوەندەکەم بە گواستنەوەی
دارەکانە خۆڵ و دەچە یارمەتی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی کوڕان
مامۆستا "ئەنوەر ڕەسووڵ بەگی" و نووسەری (کاتی) قوتابخانە خوالێخۆشبوو
"حەبیب ڕەسوول ئاغا" .. هیمەتی چەند قوتابییەکی چالاکی ناوەندی لەوانە
ئەوەی دێتەوە یادم زرار عەبدوڵڵا و شێرکۆ سەعید، زۆرێکی تریشی دەبێ
لێم ببوورن ناویان نایەتەوە یادم بەڵام بە ڕەوتێک وا لەبەرچاوم دان..
ئەم شانۆیە دروست کرا وەک بەسەردا شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ، ئەمەش هەر لەگەڵ شاد-
گەل و هەموو گەل، بەتایبەتی ئێمەی کورد کە وتنە دەرپەڕینی شادی و جێژنیان.
من لەگەڵ کاک عەبدولڕەزاق بیمار، کە زۆر زیرەک بەڵک لەوەندی و لێهاتوو، ئەم
شانۆیە بکەینە "هەڵمەت" ئەم کۆمەڵێکی شیعری داناو و هەندێ
چیرۆکی شانۆگەری (صلاح الدين) ئەمەی توندوتیژیشم گۆڕیم بە کوردی بە ناوی
"زانا و نەشیا" ... گەورەم تێدا دەبێت، ئەمیش (دەوری) زانا"

① ئەم دارانە کاتی خۆی لۆتات بەکارهاتبوو بۆ پێشوازی شا بچووکی وڵاتە
کە بۆ گەشت و (فەرەزیارەت) هاتبوو ئەم ناوە.


نامەی مامۆستا (سابیر عەبدوڵڵا) بۆ (زرار محەمەد)

کە هەموو زانیاری خۆی بۆ ئاشتی و خزمەتی لوزانی گەل بەکار دەهێنێ ..
وەک دەوروبەرەکانی تر. (قەشە) .. قوتابییەکانی ناوەندی ئەو مانەی زۆر
تریش شاد بوون وەریان گرت و زۆر بە چالاکی توانیمان وەسەرکەوتوو بوون
بۆ چەندەها شەو و ڕۆژ ئەم شانۆگەرییەمان پێشکەش کرد .. جار
وا بووە شەو دوو دەورمان دیبوو. لەو کاتەدا زۆرماوەندی
هونەری، دەستەی پەرەشیەکێک لە گیرە جوانەکانی ڕەواندز لەگەڵ
ئاشتیانەکان، چ پیاو و چ ئافرەت، ئەم هەموویان دەدەزراندەوە لە دەم
چەپڵە لێدانی بینەران، هەڵەی لە بەشداری دەنگی خۆشیان بە گۆرانی و
سروودی بە جۆش.
وە بۆ مێژوو هونەری ئەم خۆشکانەم لەیاد ناچێت، دایکی کوردستان
(خێزانی عەقید شەوکەت)، برای خانا و گوێزانە خان ..
وە ئەمەی جێگای داخە. لەبەر ڕێز "خۆزی جمیل صائب" ئەم بەرهەمانەی
نەدیت چونکە گوێزرابووەوە بۆ شوێنێکی تر. وە بەڕێز .. زۆر خزمەتی
شاری ڕەواندزی کرد هەر ئەم بوو (ناحیۆ تە لالار فەرمەندی) ڕازاندەوە
بە پەیژەکان بەرزو کردی بە گوڵ و میرخوزار، وە لەیادم دایە ئەم پرۆژە
تیپی فلیمی نیو خەنزەر بەڕێز هونەرمەند سالی عەبدولحمید و ئەوانی تر وێنەی
شانۆکەیان گرت، وەک ئەمانە بیدیا، زۆر بە قەشەنگی بەرەو هەڕوازی
باخەکەدا دە چووون و تێلیفزیۆن دەوریانت گەیاندبووە کوردستانی.

ئەمەیە کە هاتەوە یادم کاکە زرار تۆ شتی باشت لێکۆڵیوەتەوە لەگەڵ
ئەوەی جێگەی دەکەی بەراورد بکەوە لە پاکی ... سەرکەوتووی
پەیمانا بە خوا بۆ ئەوەستی لاپەڕەیەکی قەشەنگ بێ بۆ مێژووی کوردمان .

براتان
سابیر عەبدوڵڵا
١٩٨٩/٩/٧
هەولێر

نامەی مامۆستا (سابیر عەبدوڵڵا) بۆ (زرار محەمەد)



بۆ بەڕێز کاک زرار

- لاوێکی گەرم و گوڕ باشی هەبوو هەروەکو زۆر ئەوا ئەم
ناوی ئەم تەمسیلانەی کە تێدا بەشداریم کردووە بۆت بنووسم
براات کوردۆ غەفوور ڕواندزی.

(١)
لە ساڵی ١٩٥٩ تەمسیلی قاوەی باشکەرمان پێشکەش کرد
لە هۆڵی تەوریز من دەوری صحاکم (لە ئێرانیا)م وەرگرت بوو
مەنگوری دەوری قاوەی وەرگرت بوو حەمید مصطفی دەوری
پزیشکی صحاکی وەرگرت بوو. جەلال عثمان و ئەکرەم عباس دەوری
جەلادیان وەرگرت بوو. ئەم تەمسیلە لە گۆڕەپانی (گەردە شەزل)
پێشکەش کرا پاشان چووین بۆ گەلالە و زێنوو پاشان خەڵکی
گوندەکانی بالەکایەتیان بانگ کرد کە بێنە چۆمان بۆ دیتنی ئەم
شانۆگەرییە لەوێش پێشکەش کرا.

(٢) تەمسیلی (ڕۆژی ئازادی) لە ساڵی ١٩٥٨ لە مانگی ئاب
لە دەرەوەی قەڵای ڕواندز لە بۆنەی تێپەڕبوونی مانگێکدا
لە سەر شۆڕشی ١٤ گەلاوێژی ١٩٥٨ پێشکەش کرا.
من دەوری حاجی غلامم وەرگرتبوو کە ئەم دە هەشت کورەکەم
لە سیاسەت کار بکا لە کتەرەکان ١- مەنگوری بوو ٢- یوسف
دەرزی ...بوو ٣- ظاهر شەنگە بوو ٤- عزیز حسین.

(٣) تەمسیلی سەرتاشی
ئەم تەمسیلە لە هۆڵی قوتابخانەی پاشای گەورە کرا لە ساڵی
١٩٥٩ من دەوری سەرتاشم وەرگرتبوو مەنگوری شاگردم بوو
ئەکتەرەکانی تر ١- جەلال عثمان ٢- ئەکرەم عباس

(٤) تەمسیلی میرات
کاک زرار لێت خۆش ئەبم بەشدار نەبووم لەم تەمسیلە وە
تەمسیلەکە هی خۆم بوو بە خۆت حەوالی لە سەر بدۆزیتە

نامەی (کوردۆ غەفور) بۆ (زرار محەمەد)

(٥)

شانۆگەری شێوەی کۆتایی

کە لە ساڵی ١٩٧٠ لەماڵانی جۆرەرداڵ پێشکەش کرا.


کاک زرار تۆش بەشداریت تێدا کرد من دەوری
شەهید (خێراللە) وەرگرت بوو.

کاک زرار لە ساڵی ١٩٥٩ لە دوای ئەوەی وەرگیرام لە خانەی
مامۆستایان لە هەولێر ئیتر ڕەواندزم بەجێ هێشت ئیتر
جووڵانەوەی شانۆگەری هەر هەبوو لە شاری پیرۆزم وە
منیش توانیم لە هەولێر لە هەولی گەڵێ چەند شانۆگەری
پێشکەش بکەم.

کاک زرار ئەو ماوە دوورو درێژە کە بەسەرم چووە ئیتر
من هەر ئەوە ئەڵێم بەو ماوە ئەگەر لە براوەران بشتی
زیان ... سەریان زیاتر ئەوا باشترە ئیتر لە کۆتاییدا
داوا لە خودای مەزن دەکەم کەوا ئەم کەمیانەی لە ئێستادا هاتوبا
لە جووڵانەوەی هونەری دا لە شاری قسیلەم ڕواندزدا دەبینیان
بۆ کردوە هەر بەردەوام بێت ئەوەیش هەموو بە ڕاستی
کاک زرار لە کۆتاییدا سەرکەوتوو هیمەتی تۆیە یا خوا ئەمەش
هەر دەبێ بێت.

برات
مامۆستا کوردۆ غەفور کوردە
ڕواندزی

نامەی (کوردۆ غەفور) بۆ (زرار محەمەد)


بسم الله الرحمن الرحیم

زۆر بەڕێز و خۆشەویست ماجۆستا زرار ......

سڵاوی گەرم و ڕێزم پێشکەش بە جەنابت [illegible] و هیوام گەورەیە شاد و بەختیار بن ...

خۆم بە بەختەوەر ئەزانم دەست خۆشی و پیرۆزبایتان لێ ئەکەم بۆ

ئەم بەرهەمەی گرتووتە ئەستۆی خۆت بۆ خزمەتی هونەر و شارەکەمان ... [illegible]

جێگای خۆیەتی لەگەڵ ئەوەی دا [illegible] ئاگادارمی بە ڕێزتان و ... [illegible]

سوود بەخش و خۆشەویست بوێت و ڕێگای هونەر ... بۆ چەندەها [illegible]

خوێنی گەرم ڕۆشن کردەوەو لە ئەرکی پیرۆزی ... [illegible]

و ... خۆمان بە ... چاپتان بزانین ...

دەمێکە وەڵامی نامەیەکی بەڕێزتم داوەتەوە کە بۆ ... [illegible]

... بەڕێزتان ... [illegible]

... [illegible]

لە هەموو یاد و بیرەوەریە ... [illegible]

① ... ② ... ③ ... ④ ... ⑤ ... ⑥ ... ⑦ ... ⑧ ... ⑨ ... [illegible]

یاد و بیرەوەریەکان :

① ١٨ی شوبات ② ١١ی ئازار ③ ٢١ی ئازار ④ ١٩ی حوزەیران

نامەی (حەسەن ڕەمەزان) بۆ (زرار محەمەد)

بســـــم اللـــه الرحمن الرحيم

محضـــر تشكيل قســـم لجمعية الفنون والاداب الكردية / فرع اربيل . في راوندوز .

بناءً على موافقة محافظة اربيل ـ الجمعيات بكتابها المرقم ٤٦٧٦٠ في ١٦/٨/٩٧٢ تم تكليف السادة المدرجة اسمائهم ادناه للقيام بأعمال من قبل الهيئة الادارية لجمعية الفنون والاداب الكردية فرع اربيل للقيام بأعمال ادارة قسم راوندوز وبحضور ممثلي الجمعية كل من السيدين (خليل بابة كريم) رئيس الجمعية والسيد (فريد بكر زامدار) عضو الهيئة الادارية :

١ـ السيد زرار محمد مصطفى رئيسا للقسم

٢ـ السيد سردار اسماعيل سكرتيرا للقسم

٣ـ السيد فوزي جودت جميل محاسبا للقسم

٤ـ السيد شاكر صابر طـــه مديرا فنيا

٥ـ السيد سامي عبد القادر عضو هيئة القسم

---

بسم اللـــــه الرحمن الرحـــــيم

جمعية الفنون والاداب الكردية
فرع اربيل / قسم راوندوز .

العدد / ....١٠....
تاريخ / ٢٠/٩/٩٧٢

الى / جمعية الفنون والاداب الكردية / اربيل .

الموضـــوع / محضـــر تشكيل قســـم .

طيا نسخة من محضر تشكيل قســـم للجمعية في راوندوز للتفضـــل بالعلـــم والاطلاع .

زرار محمد مصطفى
رئيس القســـم

صورة منه الى :
قائمقامية قضاء راوندوز ـ التحرير .
مع نسخة من المحضر اعلاه للتفضل بالعلم والاطلاع مع التقديـــــــر .

نوسراوی پارێزگای هەولێر، بۆ کردنەوەی بەشێکی کۆمەڵە لە ڕواندز و یەکەم دەستەی کارگێڕی



کۆڕی (پەروەردە و مۆسیقا)، زرار محەمەد (1980)

هاوكاری

قسەی خۆمان بێ

ژمارە ٧٧٢ پێنج شەممە ١٩٨٥/١/١٧

## تیپی پاشای گەورە ..

كارێكی ئاسان نیە ، لە شارۆچكەیەكی وەكو «ڕەواندز»دا كە ئەوەی بیری لێ نەكەنەوە هونەرە ، بەتایبەت هونەری مۆزیقا .. ئەوەی كەمانجەیەكی بە دەستەوە بێ ، هەر لە قوتابخانەی «پاشای گەورە»وە تا دەگاتە «گەردە گەردە»و «كانی‌یە قوڕ»خۆی چاو بەرەژێر دەبینێ‌و تەنانەت لە ڕووی نەدەهات ئاوڕ لەم بەرو ئەو بەری شەقام بداتەوە ... ئاسان نیە لە «گوند»ێكی وا ، كە ئەوەی دەنگ خۆش‌و ئامێرژەن بووایە ، بە گۆیندەو چاوەش لە قەڵەم دەدراو گەلێ نرخی كۆمەڵایەتی‌ی لە كیس دەچوو .. كارێكی ئاسان نیە ، تیپێكی مۆزیقای لێ پێك بهێندرێ‌و نەك هەر لە چوارچێوە تروسكەكەی دەورو بەردا مەشوور بێ ، بگرە ڕادیۆی بەغدا بە شانازی‌یەوە ، دەعوەتی پایتەختیان بكاو هونەرمەندی پسپۆڕو زانا ناچار بكەن گوێ لە گۆرانیەكانیان بگرن‌و تۆمار بكرێن .

ئەم كارە ئەگەر هەر مانایەك ببەخشێ ، بەر لە هەموو شتێك ، دەوری سەرفرازانەو كۆششی بێ وچانی مامۆستای چاودێری ئەم تیپە دەگرێتەوەو بەدەر دەخا . خوا قەبوول ناكا ، پیاوێكی كارامەو دڵسۆزە ... ئەگینا دەمێك بوو «ئەویش»كۆڵی دەداو ژێی «عوود»ەكەی دەپچڕاندو «ئەویش» وەكو هەموو مامۆستاو لاوەكانی دیكەی شاری پاشای گەورە ، ئێواران ڕێگەی یانەی فەرمانبەرانی دەگرتە بەرو ، بە ڕۆژیش تا ئەستۆی شل دەبوو ، دڵتەڕی‌ی لە «بێخاڵ»و «جندیان»و پێچەكانی سەرووی «كاولۆك»ان دەكرد ..

ئەگەر ئاشق‌و سەرداسەری هونەر نەبووایە ، ئەویش سەرگەرمی كاری ڕۆژانەی خۆی دەبوو .. ڕەنگە ئەو چەند ساڵانەی لە فێركردن‌و هاتوچۆ كردنی ئەم شارو ئەوشاردا خەرج كردن‌و بەرگەی سەدەها توانج‌و قسەی بێ جێی ئەم خەڵكەی خۆمانی كردو كردەوەی بێ سەرو بەر وەرەیان پێ‌ی بەر نەدا .. ئەگەر بە تەنگ بەرژەوەندی‌ی تەسكی خۆی بووایە ، شتێكی دیكەی لێ دەردەچوو !.

بەڵێ .. كە مرۆڤ سوور بێ لە سەر بەدی هێنانی ئامانج‌و لە پێناو ئەو شتەی بڕوای پێ‌یەتی ، كۆڵ نەدا ، چ ئەمڕۆ چ سبەینێ بەو ئامانجە دەگات‌و ئەوەی كۆسپ‌و تەگەرەن خۆیان دەبەری ناگرن .

ئەمەتا مامۆستا «زرار»یش دەستەیەك نەوجەوان‌و لاوی بەهرەداری پێگەیاندو هەندێكیان بەمەش نەوەستان‌و هەوەسی پترکردنی ڕادەی زانیاریان هەڵساو لە پەیمانگەی هونەرە جوانەكاندا نێو نووس كران .

لە ئەندازە بەدەر خۆشحاڵ‌و كەیفسازم .. ئەم كارەی ئێوە پێوەندی‌یەكی ڕاستەوخۆی بە منەوە هەیە ، كە لە بارێكی تایبەت‌و دەوروبەرێكی وا نەگونجاو ، تۆوی ئەم بیرۆكەیە ڕواو ئەمەتا بەرهەمی هاتە كایەوەو ئەمڕۆ دڵی خەڵكێكی زۆر لەگەڵ ئاوازتان دێنە خرپە . .

'زارتان خۆش‌و پەنجەكانتان نەڕزن .. دەنگ‌و خرۆشە بەجۆشەكەی ئێوە ، لە نێو دۆڵ‌و سەر لوتكە بەرزەكانی «كوڕەك»و «هەندرێن»و «زۆزك»و «بێجان»دا دەنگ دەداتەوە .. فرە خۆشتر لە قاسپە قاسپی كەوەكانی ئەو ناوە . . .

سەعید یحیی

نووسینێكی (سەعید یەحیا)،
ڕۆژنامەی هاوكاری (ژ 774)،
(1985).

## سەرچاوەکان:

لە نووسینی ئەم بەرهەمەدا سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

کوردی: کتێب:

1- مێژووی میرانی سۆران، حوزنی موکریانی، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، 1962.

2- مێژووی ئەردەلان، مەستورەی کوردستانی، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاْوکردنەوەی کوردی- بەشی ڕۆشنبیری، 1989 .

3- مێژووی شانۆ لە ئەدەبی کوردیدا لە کۆنەوە تاکو (1975)، د.فەرهاد پیربالْ، دەزگای چاپ و بلاْوکردنەوە ئاراس، 2001.

4- ڕواندز- توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە (1918_1939)، ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر، چاپی دووەم، 2008.

5- مێژووی موزیکی کوردی، محەمەد حەمە باقی، چاپی سێیەم، دەزگای موزیك و کەلەپوری کورد، 2009.

کتێب: گۆڤار:

6- گۆڤاری هەولێر، ژمارە (9)ی سالْی (2001).

7- گۆڤاری کۆوار، ژمارە (1)ی سالْی (2004).

عەڕەبی:

8- فن الرسم اليدوي، د.محمد عارف سيامةنسوري، بغداد، 1981.

9- تاريخ الكرد القديم، د.جمال رشيد احمد، و: د.فوزي رشيد، 1990.

10 - ظهور الكرد في التاريخ، د.جمال رشيد احمد، جزء الاول، الطبعة الثانية، دار اراس، اربيل، 2005.

11- تراث الموسيقي العالمية، كورت زاكس.

## پاشکۆ

بۆ زێتر خستنەڕوو و باسکردن لە ڕەوتی هونەر لە شاری ڕواندز و بەتایبەتیش رۆڵی کۆمەڵەی هونەر و وێژەیی کوردی/ لقی ڕواندز و بە دیاریکراویش رۆڵ و کاریگەریی (تیپی مۆسیقای پاشای گەورە)، بە پێویستم زانی لە کۆتاییدا، بەشێك لە لێکۆڵینەوەکەی قوتابیان (کاروان ئەحمەد ئەلیاس و کاروان عوسمان تەها)، کە لەبارەی (تیپی مۆسیقای پاشای گەورە)یە، وەك باسی دەرچوون پێشکێش بە (کۆلێژی هونەر/ بەشی میوزیك)یان کردووە، بکەم بە (پاشکۆ)ی باسەکەم. هەڵبەتە پێوەندیی ڕاستەوخۆشی بە باسەکەی منەوە هەیە.

**بیرۆکەی دامەزراندنی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە**

لە سەرەتای ساڵانی شەستەکاندا مامۆستایەك لە ڕواندز بە ناوی (سەردار بێ بەخت) هەبوو، کە ئامێری میوزیکی هێنایە شاری ڕواندز و ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ دانانی بناغەی موزیك لە ڕواندز و تیپی موزیکی پاشای گەورە.

لەدوای ساڵانی حەفتاکاندا دوای ئەوەی مامۆستا (زرار محەمەد مستەفا) چوو بۆ سلێمانی، بۆ بەشداری لە خولی کاری دەست و دوای ئاشنابوونی لەگەڵ تیپی موزیکی سلێمانیدا، کە (فەرەیدون دارتاش) سەرپەرشتی دەکرد و ئەوکات تیپی مۆسیقای منداڵان لە چالاکیی قوتابخانەکاندا هەبوو، دوای گەڕانەوەی مامۆستا زرار لە ساڵی (1977) بۆ ڕواندز بیرۆکەی تیپێکی موزیکی لا دروست بوو، لەوکاتدا لە قوتابخانەی پاشای گەورە وانەی سروودی لە هەموو قۆناغەکان دەوتەوە، لە پۆلی چوارەم و پێنجەم لەم قوتابخانەیەدا چەند قوتابییەکی بەهرەداری بۆ پێکهێنانی گرووپێکی موزیکی منداڵان هەڵبژارد، لەو کاتەدا مامۆستا زرار سێ کەمانجە و ئەکۆردیۆن و عودێکی هەبوو، کە لە ئێراندا لەگەڵ خۆی هێنابوونی، هەر لەو ساڵەدا لە پشووی هاویندا قوتابییە بەهرەدارەکان ئاگادارەکاتەوە، کە بە نیازە خولێکی موزیکی بکاتەوە، لە ئەنجامدا قوتابییەکان زۆر بە دڵخۆشییەوە ڕوو لە خولەکە دەکەن و بەشدارییان کرد.

سەرەتا مامۆستا زرار ڕاهێنەری هونەری و سەرپەرشتی تیپ بوو، قوتابییە بەشداربووەکانیش لەوکاتەدا ئەمانەی خوارەوە بوون:

1- چەتۆ ساڵح نەورۆز (کەمان)

2- شێرزاد ئەکرەم (کەمان)

3- فاروق باپیر (کەمان)

4- سیروان عەبدوڵڵا (کەمان)

5- ڕێبوار نوری (کەمان)

6- ئامانج غازی (عود)

7- بژار نوری (گیتار)

8- نیعمەت باپیر (تەپڵ)

9- ڕزگارجەودەت (ئەکۆردیۆن)

10– سەید ئەحمەد جەبار (ئەکۆردیۆن)

لێرەوە خۆری هەڵهاتنی ئەم گرووپە لە خۆنەبڕاوە دەست پێدەکات و دەست بەکار و چالاکی دەکەن، کە تا ئەمڕۆش ئەم گرووپە موزیکییە بەردەوامن لە کارەکانیان و بە پەنجە زێڕینەکانیان ڕوحیان بە بەر موزیکی کوردیدا نایەوە.

## ئەو گرووپە موزیکییانەی پێش تیپی پاشای گەورە کاریان کردووە

لەو کاتەی کە تیپی پاشای گەورە لە سەرەتای کار و چالاکییەکانیدا بوو، چەند گرووپێکی موزیکی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا هەبووینە، کە هاندانێك بووینە بۆ تیپی موزیکی پاشای گەورە. ئەو گرووپانەش بریتی بوون لە: (تیپی مۆسیقای هەولێر، تیپی مۆسیقای سلێمانی، تیپی مۆسیقای دهۆك، تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە، لە کەرکوك تیپی ئێزگە و تەلەفزیۆن)، ئەم گرووپانە شان بە شانی تیپی موزیکی پاشای گەورە کاریان دەکرد و خزمەتێکی بەرچاوی موزیکی کوردیان کردووە.

شێوازی تیپی پاشای گەورە بە جیاوازی لەگەڵ تیپە موزیکیەکانی ئەوکات ئەوە بوو، کە تایبەتمەندی خۆی هەبوو لە شێوازی دابەشکردنی موزیك و زیندووکردنەوەی گۆرانییە کوردییەکان بە شێوازی نوێ.

## شێواز و تایبەتمەندییەکانی تیپی مۆسیقای پاشای گەورە

**هۆکارەکانی سەرکەوتنی:**

تیپی مۆسیقای پاشای گەورە جیا لەگەڵ گرووپە موزیکییەکانی دیکەدا، کار و چالاکییەکانی دیار و ئاشکران و ڕەنگدانەوەی کارەکانی گەیشتە ترۆپکی ئەفراندن و ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی دروست کرد، کە هەرکەسێك گوێ لە بەرهەمەکانی بگرێت زوو هەست دەکات ئەم کارە هی تیپی پاشای گەورەیە.

تیپی موزیکی پاشای گەورە، یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە سەرەکییەکانی ئەوە بوو، کە بەشێوازیکی هونەری و زانستییانە لەڕووی میلۆدی و هارمۆنییەوە، کاری لە سەر موزیك و گۆرانی فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی دەکرد، هەروەها کارە فۆلکلۆرییەکانی تایبەت بە ڕواندز و ناوچەکانی

دەوروبەری وەك باڵەكایەتی و سیدەكان، بە نموونە ئەو گۆرانییانەی، كە ناویان هاتووەو كاریان لە سەر كردووە مۆركی ڕەسەنایەتییان پێوە دیارە وەك: (مەندانە، سینەم، كانی لبەر كانی، هەورۆ، كۆچەرێ، مانگ هەلات، دیسان واهات بای شەماڵ). هەروەها كاریان لە سەر بەرهەمی فۆلكلۆری ناوچەی بادینانیش كردووە. تیپی پاشای گەورە بوو بە ئەڵقەی بەیەكگەیاندنی هونەری بادینی و سۆرانی، كە هەموو ئەو كارە فۆلكلۆرییانە كاریگەریی ناوچەكەی بە سەرەوە بوو. هەروەها لەبەرئەوەی ناوچەی ڕواندز ناوچەیەكی شاخاوییە و ڕاستەوخۆ كاریگەریی زۆری بەسەر جۆری میلۆدی و ئیقاع و مەقاماتەوە هەبووە، وەك لاوكە شاخاوییەكان و حەیرانی چیاكان، بێگومان ئەمەش یەكێكە لە هۆكارەكانی سەركەوتنی ئەم تیپە.

یەكێكی دیكە لە تایبەتمەندییەكانی تیپی پاشای گەورە و هۆكاری سەركەوتنی كارە موزیكی و گۆرانییەكانیان، سەلیقەی هەڵبژاردنی دەقی شیعری گۆرانییەكان بوو، گەر سەیرێكی شیعرەكان بكەین دەبینین زۆر جۆری شیعریان بەكارهێناوە، وەك شیعری: (كلاسیك، فۆلكلۆر، نوێ، ...تد).هەروەها سادەیی لە جۆری شیعرەكانیان، چونكە زوو دەكەوتنە بەرگوێی گوێگران و زوو بڵاودەبوونەوە، هەندێك لە دەقەكانیان بابەتی نیشتمانپەروەری بوون و باسیان لە كێشە و ئازارەكانی خەڵكی دەكرد، بەتایبەت لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا.

چەند نمونەییێك لە هۆنراوەكان:

*(خان و مان)*

*خان و مان و خان ومان*

***هەیلێ هەیلێ خان و مان***

شیعر و ئاوازی فۆلكلۆرە و لە دابەشكردنی چەتۆ نەورۆز و وتنی (ئەحمەد محەمەد شەریف)، ساڵی (1989).

ئەمەش نمونەی هۆنراوەی كۆنە:

***(گۆڤەندێ)***

***هەی گۆڤەندێ  هەی گۆڤەندێ***

***هەی شل و ملێ هاتنە گۆڤەندێ***

ئاواز و هۆنراوەی (كۆن) ئامادە و دابەشكردنی (چەتۆ نەورۆز)، وتنی هونەرمەند (خدر بێجانی)، ساڵی (1985).

هەروەها دەقەکان لە شاعێری لاو و شیعری سەردەمییانە بەدوور نەبووینە، بۆ نموونە هۆنراوەی (شایی):

*شایی و ڕەشبەڵەکە هەی هەی چۆپی کێشانە*

*سەیری دۆڵ و سەرکێوان کە پڕ بووە لەکچی کوردانە*

لە هۆنراوەی (رەنجدەر دەرگەڵەیی) و ئاوازی (ئەحمەد محەمەد شەریف) و دابەشکردن و ئامادەکردنی (چەتۆ نەورۆز)ە، لە وتنی (ئەحمەد محەمەد شەریف) لە ساڵی (1985).

هەروەها دەقی گۆرانییەکانیان بابەتی نەتەوەییشیان تێدایە، بە نمونە (یادی نەورۆز):

*(نەورۆز)*

*نەورۆزەکەم نەورۆزەکەم*

*نەورۆزێکی بە سۆز ئەکەم*

*جەژنی گەلی پیرۆز ئەکەم*

*وەك کوردێکی دڵسۆز ئەکەم*

هۆنراوەی (گۆران)، ئاواز و دابەشکردنی (چەتۆ نەورۆز)، وتنی (کۆرس) لە ساڵی (1984).

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی تیپی پاشای گەورە ئەوە بوو، کە یەکەم گرووپ بوون توانییان لە هەندێك لە گۆرانییەکانیاندا (ایقاع) لەگەڵ میلۆدی لێنەدرێت، بەڵکو تەنیا بە دابەشکردن بە ئامێری موزیکی کاریان دەکرد.

تیپی پاشای گەورە سەرەڕای کارە شەرقییەکانیان، هاوکات کاری کلاسیکیشیان ئەنجامداوە، کە بۆ ئەوکات کارێکی تایبەتمەند بووە لە ناوچەکانی کوردستان، چونکە کاری کلاسیك پێویستی بە ژەنیاری باش و شارەزا لە ستایلی کلاسیك هەبوو، هۆی سەرکەوتنی کارە کلاسیکییەکانیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە چەند ژەنیارێکی ئەم تیپە ڕوویان لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی موسڵ کرد و لەوێ وانەی کلاسیکیان بە شێوەی تیۆری و پراکتیکی لەلای مامۆستای بە توانا (ئەحمەد جەوادی) خوێند. ئەو قوتابیانە سەرجەمیان بوون بە یەکێك لە باشترین ژەنیارەکانی کوردستان و توانییان کاری کلاسیکی زۆر لە زۆربەی شارەکانی کوردستان ئەنجام بدەن. بۆ نموونە لە شاری هەولێر لە کۆرێکی (ئامانج غازی)دا، بە ناوی (سیمفۆنیەی نۆیەمی بتهۆڤن) لە ڕێکەوتی (1987/3/15)، بۆ یەکەم جار (5) پارچە موزیکی جیهانییان

پێشکێش کرد و ئەمەش بوو بە بناغەی دامەزراندنی ئۆرکسترای پاشای گەورە. هەروەها لە ڕۆژی جیهانیی مۆسیقادا، کۆنسێرتێکی موزیکیان لە ڕێکەوتی (1987/10/1)دا سازکرد، لە ڕێکەوتی (1991/9/22)دا، کۆنسێرتێکی کلاسیکییان لە ڕواندز لە هۆڵی پاشای گەورەدا، کە بریتی بوو لە (سرینادەی مۆزارت) سازکرد.

## ئەو مەقام و ڕیتمانەی تیپی پاشای گەورە کاری لەسەر کردوون

تیپی پاشای گەورە زۆرترین مەقامەکانی شەرقییان بەکارهێنانەوە و هەروەها مەقامی ڕۆژئاواش لە گۆرانییەکانیان بەدیدەکرێت. یەکێك لەو مەقاماتانەی، کە زۆر بەکارهاتووە (بەیات ) بووە، چونکە زیاتر مامەڵەیان لەگەڵ گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان دەکرد، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە کاریان لەسەر مەقامەکانی دیکە نەکردووە، بەڵکو ئەم مەقامانەشیان بەکار هێناوە وەك: (حیجاز، موحییەر، چارگا، ڕەست،....تد).

هەروەها بەکارهێنانی ڕیتم لە تیپی پاشای گەورە بەپێی گۆرانییەکان بووە، بەڵام زیاتر (دهۆڵی و ڕۆك و سامباو و بەلەدی و ڤالس و پاسا نۆڤار) بوو، بەڵام ڕیتمی دهۆڵی لەچاو ڕیتمە موزیکەکانی دیکەدا کەمتر بەکار هاتووە، تیمپۆکان زیاتر لەم ئاڕاستەدا بوون (خاو، مامناوەندی، تیژ).

## ئەوانەی سەپەرشتیی تیپی پاشای گەورەیان دەکرد

سەرەتا مامۆستا زرار سەرپەرشتی هەموو کارەکانی دەکرد، لە هێنانی میلۆدی و دابەشکردن، بەڵام دواتر کە زانی توانای قوتابییەکانی لە ئاستێکی پێشکەوتوو دایە، ئەم کارە کەوتە ئەستۆی: (چەتۆ نەورۆز، ئامانج غازی، سید ئەحمەد سەید جەبار، فاروق باپیر، سیروان سیرینی، شێرزاد حیدەری).

بەڵام دیارترینیان، کە کار و چالاکییەکانیان شاهێدی ئەم ڕاستییەن (چەتۆ نەورۆز و ئامانج غازی)ین، کە ئەستێرەی درەوشاوەی ڕواندز و تیپی پاشای گەورە بوون، زۆرترین کار و چالاکییەکانیان لە ئەستۆ گرتبوو، لەو کاتەوە تا ئێستاش وەك دابەشکردن و ئامادەکردنی گۆرانی و بەستنی کۆڕ و سمیناری هونەری و بڵاوکردنەوەی بابەت و دەرکردنی کتێب ڕۆڵی بەرچاویان هەیە.

هەروەها چەند کەسێکی تریش هەبوون، کە لە دوور و نزیکەوە هاوکاری تیپەکەیان کردووە وەك لەمانە:

(ئەحمەد شێخە، شوان، ڕزگار سەبری، یوسف عومەر، بژار نوری، پشتیوان جەمال).

### ئەو هونەرمەندانەی کاریان لەگەڵ تیپی پاشای گەورەدا کردووە

تیپی پاشای گەورە بۆ سەرجەم هونەرمەندانماڵێکی هونەری بوو و دەرگەی کاری بۆ زۆربەی هونەرمەندانی کوردستان واڵابوو. هەندێك لەو هونەرمەندانە خۆیان ئەندامی ئەو تیپە بوونە و لەناو ئەم تیپەدا پێگەیشتوونە و ناوبانگیان دەرکردووە، هەندێك لە هونەرمەندە دیار و ناسراوەکانیش بە هۆی ناو و کار و زۆری چالاکیی تیپی پاشای گەورەوە، حەزیان کردووە لەگەڵ ئەم تیپەدا کار بکەن و هەندێکیشیان تیپ خۆی بانگهێشتی کردوون.

گۆرانیبێژانی تیپ:

1– وەلی حەسەن عەلی (دۆسکی)
2– ئەحمەد محەمەد شەریف (هەڵەشە)
3– خدر فقێ عوڵا (بێجانی)
4– سلێمان ئەحمەد عەزیز
5– سەلام عەلی مراد (مرادی)
6– سامان عەلی مراد (مرادی)
7– کاکەڕەش ئەسعەد (هاوتا ئەسعەد)

ئەو هونەرمەندانەی کە ئەندامی تیپ نەبووینە، بەڵام تیپ کاری بۆ کردوون:

1– ناسری ڕەزازی
2– شڤان پەوەر
3– نەجمەددین غولامی (کاسێتی بۆ تۆمارکراوە)
4– کاڵێ
5– بەکری لەگزی (کاسێتی بۆ تۆمارکراوە)
6– فاتێ– کوردستانی ئێران (کاسێت و گۆرانی بۆ کراوە )

7- بەهجەت یەحیا
8- حەسەن گەرمیانی
9- خەسرەوی ماملێ
10- لالۆ ڕەنجدەر
11- زانا جەبەلی
12- شێروان شەیدا
13- هەڤالێ ئیبڕاهیم
14- دوارۆژ هادی
15- تەمەن سید ئەحمەد جەبار
16- ئیدریس جەبار
17- جەردیس چۆمانی
18- خۆشەوی عەزیز
19- فەرهاد مستەفا
20- نەجات برایم
21- فازل ئیبڕاهیم

**جیاوازیی دەق و میلۆدی لە نێوان سالآنی حەفتاکان و دوای نەوەتەکاندا**

لە بەرهەمەکانی تیپی پاشای گەورەدا، جیاوازی لە دەق و میلۆدی لە سالآنی حەفتاکان و دوای نەوتەکان بەدیدەکرێت و ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە.

لە سالآنی حەفتاکان تا سالآنی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، گۆرانی و موزیکی تیپی پاشای گەورە نەکەوتبووە ژێر کاریگەریی موزیکی بیانی، بەڵکو بەهزر و توانای خۆیان و خودی ژەنیاران ئامادە دەکران، بەڵام دوای نەوەدەکان بەهۆی کرانەوەی سنوورەکان و تێکەڵبوونی وڵآتانی دراوسێ و نەبوونی چاودێری لەسەر گۆرانیدا، ڕەسەنایەتیی موزیکی کوردی لە کارەکاندا کاڵبووەوە، ئەمەش خاڵێکی دیار و ئاشکرایە کە بەدیدەکرێت.

ئەگەر لە ڕابردوودا سەیری دەق بکەین، ئەوا دەبینین زۆربەی ئەو دەقانەی، کە بەکارهێنراون شیعری کلاسیك و فۆلکلۆر بوونە، یان لەسەر ئەم شێوازە بوونە. هەرەوها شیعرەکان مانای جوانی بەخشیوە و سادە بوون و لەگەڵ میلۆدیەکاندا دەگونجان، بەڵام ئێستا دەقی گۆرانییەکان زۆر کات لەگەڵ میلۆدیدا ناگونجێت. بۆ نموونە زۆر کات شیعرەکە کوردییە، بەڵام ڕەنگە میلۆدییەکە زۆر کوردی نەبێت، یان بە پێچەوانەوە. هەروەها زۆربەی کارەکانی ئەو کات زانستیانەتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، بە تایبەت لەڕووی دەق و میلۆدی و ڕەسەنایەتییەوە.

**هۆکاری پەرتەوازەبوونی ئەندامانی تیپی پاشای گەورە لە ساڵی (1993)دا**

ساڵی (1993) لە کوردستان بەگشتی باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵك بە شێوەیەکی زۆربەرچاو ڕووی لە خراپی کرد و بژێوی خەڵك قورستر بوو و پێوەندی نێوان تاکەکانی خەڵك بەرەو لاوازی چوو بوو، هەروەها تیپی پاشای گەورە لە کێشمەکێشمی سیاسی نێوان حزبەکان بەدوور نەبوو، سەرەڕای نەبوونی پێوەندییەکی پتەو لە نێوان ئەندامانی تیپ و هەندێك هۆکاری دیکە.

تیپی پاشای گەورە ئەندامانی پەرتەوازەبوون، بە تایبەت لەبەر هۆکاری سیاسی، چونکە بیروباوەڕی تەسکی حزبایەتی کاریگەریی کردە سەر پێوەندی کۆمەڵایەتیی نێوان ئەندامانی تیپ و بەم هۆیەشەوە ئەم گرووپە بەرەو لاوازی چوو و بەرەبەرە لەلایەنی هونەرییەوە بە پاشکەوت. هەروەها باری سەختی ژیان و گوزەرانی ئەندامانی تیپ بەرەو خراپی دەڕۆیشت و بەرەی کوردستانیش پشتگیری تیپی پاشای گەورەی نەدەکرد. هۆکارێکی دیکەی پەرتەوازەبوون و دوورکەوتنەوەی ئەندامانی تیپ، بە هۆی گواستنەوەی ماڵ و جێگەی هەندێك لە ئەندامان بوو بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان. هەروەها چوونی هەندێك لە ئەندامانی تیپ بۆ هەندەران ئەمەش کاریگەریی زۆری کردە سەر ئەم تیپە، چونکە ئەستەم بوو بۆ کارێك ژەنیارەکان بتوانن بێنەوە یان لە هەندەران کاری موزیك لەگەڵ تیپدا بکەن. ئەمانە کاریگەری زۆری لە هونەرمەندە گوانیبێژەکانیش کرد، لەوانە (وەلی دۆسکی)، کە لەم بارەیەوە ئاماژەی بەوە کردووە: نەم دەتوانی لە غەیری تیپی پاشای گەورەدا، کار لەگەڵ هیچ گرووپێکی دیکەدا بکەم. ئەمەش هۆکاری خۆی هەبووە، کە دیارترین ئەمانەن:

1- دەست تێوەردانی حزبەکان لە کاروباری هونەری تیپ.

2- ڕاکێشانی هونەرمەندانی تیپ بۆئ ەوەی ببن بە هونەرمەندی حزب.

3- نەبوونی بودجەی سالانە، بۆئەوەی تیپ بتوانێت چالاکی ئەنجام بدات.

4- لەیەك كاتدا دوو تیپ بەناوی تیپی پاشای گەورە کاریان دەکرد، یەکێکیان لە ڕواندز و ئەوی دیکەشیان لە سۆران.

5- ململانێی هەندێك لە ئەندامانی تیپ، بۆئەوەی دەسەلاتی تیپ بگرێتە ئەستۆ.

6- نەبوونی ڕۆشنبیرییەکی پتەو بۆ ئەندامانی.

7- بوونی چەند ڕێکخراوێکی هونەری.

**بۆچی لە دوای ئەو نەوەیە، ژەنیاری بە تواناتر بەدەرنەکەوتن؟**

هەرچەندە هونەر بەهرەیە، ڕەنگە هەموو کەسێك لە گرووپێکدا نەبێت بە ژەنیاری بەهێز و بەتوانا، بەلام زۆر هۆکاریش هەن، کە کاریگەرییان لەسەر توانستی ژەنیارەکانی ئەوکات هەبوو، بۆ نموونە زۆربەی ژەنیارە چاکەکان پەروەردەی دەستی مامۆستای شارەزا (ئەحمەد جەوادی) بووینە و توانیویەتی پێیان بگەیەنێت. هەروەها چوونی قوتابییەکان بۆ کۆلێژ و پەیمانگەکان کاریگەریی بۆ سەر توانای ژەنیارەکان هەبوو.

تیپی پاشای گەورە دوو نەوەی دیکەی لەبەردەست دایە و پەروەردەیان دەکەن، هەروەها هۆکارێکی دیکە بریتییە لەوەی، کە نەوەی ئێستا بە شێوەیەکی گشتی و بەبێ بنەما شەیدای ژەنینی شەرقی بووینە و زۆر حەز بە ئیشی کلاسیك و زانستی ناکەن! بێگومان ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر ئاستی ژەنیار دەبێت. لەسەر هەموو ژەنیارێك پێویستە زانستییانە موزیك بخوێنێت و دواتر دیراسەی شەرقی بکات.

**ڕۆڵی مامۆستا زرار**

وەك هەمووومان دەزانین، مامۆستا زرار دامەزرێنەری ئەو تیپە بووە و خەمخۆری سەرەکی ئەو گرووپە بووە، هەمیشە ئەو گرووپە قەرزاری مامۆستا زرارە.

مامۆستا زرار کاریگەریی باش و زۆری لەسەر تیپ هەبووە، بەتایبەت لەڕووی یارمەتیدانی هەموو ئەندامان لە ڕووی مەعنەوی و مادییەوە. هەروەها مامۆستا زرار کاری دابەشکردن و ئامادەکردنی موزیکی بۆ زۆرێك لە گۆرانییەکان دەکرد و هەمیشە هەوڵی داوە چالاکیی بەردەوامیان هەبێت. لە نێوان ژەنیاران و تیپی پاشای گەورەدا لەگەڵ تیپ و گرووپەکانی دیکەدا خاڵی پێوەندی بووە و بۆ ئەو گرووپە وەك سومبولێك وابووە.

## تیپی مۆسیقای پاشای گەورە

ناوی تیپ: تیپی مۆسیقای پاشای گەورە.

ڕۆژی دامەزراندن: (1977/7/1).

شوێنی دامەزراندن: ڕواندز .

دامەزرێنەرو ڕاهێنەری تیپ لە ڕووی هونەرییەوە: زرار محەمەد مستەفا.

سەرەتای لەسەر ئامێرەکانی (کەمان، عود، ئەکۆردیۆن، گیتار، تەپڵ) دەستیان بە ڕاهێنان کردووە.

سەرەتا ئەم تیپە وەك تیپێکی منداڵان لە ناو قوتابخانەی پاشای گەورەی سەرەتایی کوڕاندا لە ڕواندز دامەزراوە، هەر بەناوی قوتابخانەکەوە ناونراوە و بەم ناوەش ناسراوە. هەموو ئەندامانی ئەم تیپەش، قوتابیی سەرەتایی بوون، ئەندامی تیپی سروودی قوتابخانەکەش بوون.

لە هاوینی ساڵی (1977)دا بوو، کۆمەڵێك منداڵی چاوگەش، لە گۆڕەپانی یاری تۆپانێدا، بۆ نێو هۆڵی پڕ ترسی شانۆی قوتابخانەی پاشای گەورە گواسترانەوە! لە هیکڕا مامۆستایەك دەمبەخەندە و لەخۆبردوو هاتە نێو هۆڵەکە و دیار بوو هەر لە دوورەوە سەیری دەست و پەنجەکانی دەکردین، واماندەزانی سەیری پاکوخاوێنی نینۆك و دەستەکانمان دەکات، بەڵام ئەو بە دوای ئەو پەنجانەدا دەگەڕا، کە بیخاتەسەر ئەو ژێیە بێ نازانەی، کە لە ژووری سەرەوەی قوتابخانەی پاشای گەورەدا خەویان لێ کەوتبوو، (چەتۆ و سیروان و فاروق و شێرزاد و سەید ئەحمەد و ئامانج) پاش ماوەیەك بوون بە هەڵگری ئەو هزرە، کە دەبێت ئەوان لە خەڵکی سادە جیابکرێنەوە، چونکە تازە کەوتنە باوەشی گەورەی هونەری مۆسیقا.

مامۆستا زرار ڕابەر و مامۆستا و باوك، بەوپەڕی لەخۆبردووییەوە، کاتی لە ڕۆژگار قەرز دەکرد و دەیخستە سەر یەك و بڕوای وابوو چەند ماندووتر بێت زووتر دەگاتە ئەو ڕۆژەی، کە ئۆخەیەکی پڕ حەسانەوە بداتە بەربای مێژووی پڕ ڕەسەنایەتیی ئەو گەلە ستەم دیدەیە.

لە شارێکی دوورەپەرێز و هەنگاو نێزیکی شاخ و دەشت و خەرەند و گەلی، لە مەڵبەندی میری سۆران و لەسەر دەستی هونەرمەندی گەورە زرار محەمەد مستەفا، تیپی مۆسیقای پاشای گەورە وەك کۆرپەیەکی بێناز، کەوتە باوەشی ڕواندز.

ساڵ ساڵی (1977) بوو، کۆمەڵێك منداڵی چاوگەش لە تیپی سروود، هەنگاوێك چوونە پێشەوە و دەست لەملانێی ئامێری مۆسیقا بوون، یەکەم چالاکی دوای دوو مانگ پێشکێش کرا. لە ساڵی (1979)دا، لەگەڵ منداڵانی هەولێر بەرەو شاری (سەماوە) چوون و بە یەکەمی سەر هەموو چالاکیی قوتابخانەکانی عێڕاق دەرچوون.

ئەندامانی سەرەتای:

| | | |
|---|---|---|
| 1-. چەتۆ ساڵح نەورۆز | کەمان | (پۆلی پێنجەمی سەرەتایی) |
| 2-. سیروان عەبدوڵلا ئیسماعیل | کەمان | (پۆلی پێنجەمی سەرەتایی) |
| 3-. شێرزاد ئەکرەم حەیدەری | کەمان | (پۆلی پێنجەمی سەرەتایی) |
| 4-. فاروق باپیر نیعمەت | کەمان | (پۆلی چوارەمی سەرەتایی) |
| 5-. ڕێبوار نوری سەعید | کەمان | (پۆلی چوارەمی سەرەتایی) |
| 6-. ئامانج غازی شاکر | عود | (پۆلی پێنجەمی سەرەتایی) |
| 7-. سەید ئەحمەد سەعید جەبار | ئەکۆردیۆن | (پۆلی پێنجەمی سەرەتایی) |
| 8-. ڕزگار جودت جەمیل | ئەکۆردیون | (پۆلی پێنجەمی سەرەتایی) |
| 9-. بژار نوری سەعید | گیتار، سۆلۆ | (پۆلی پێنجەمی سەرەتایی) |
| 10- . نیعمەت باپیر نیعمەت | تەپڵ | (پۆلی پێنجەمی سەرەتایی) |

دوابەدوای کردنەوە (کۆمەڵەی هونەرو وێژەیی کوردی لە ڕواندز لە (1977/8/20)دا)، ئەم تیپە بوو بە تیپی کۆمەڵە و پێوەندی بەم کۆمەڵەیە کرد و هەر لەژێر سایەی ئەم کۆمەڵەدا کار و چالاکییەکانی ئەنجامدەدا.

لەساڵی (1979)شدا چەند قوتابییەکی ئارەزوومەند پێوەندییان بە تیپەکەوە کردوو و دواتریش خولی ڕاهێنان و فێربوونی مۆسیقایان بۆکرایەوە، کە پێکهاتبوون لە:

| | |
|---|---|
| 1- ئەحمەد شێخە حوسێن | کلارنێت |
| 2- ئەیوب نوری باویل | فلوت |
| 3- ئازاد عەبدوڵلا عەلی | درامس |
| 4- عەزیز شاکر سەعید | ساز |
| 5- زەینەل خیری زەینەل | گیتار – بێز |
| 6- شوان عەبدوڵلا ئەلیاس | گیتار – سۆلۆ |
| 7- ئیبڕاهیم حەسەن خدر | فلوت |
| 8- مزەفەر عەبدوڵلا خدر | کلارنێت |
| 9- تاریق باپیر نیعمەت | تەپڵ |
| 10- ڕزگار سەبری | کەمان |
| 11- یوسف عومەر یوسف | ئۆرگ |

گۆرانیبێژانی تیپ:

1- وەلی حەسەن عەلی (دۆسکی)

2- ئەحمەد محەمەد شەریف (هەڵەشە)

3- خدر فەقێ عەولا (بێجانی)

4- سلێمان ئەحمەد عەزیز

5- سەلام عەلی موراد (مرادی)

6- سامان عەلی موراد (مرادی)

6- کاکەڕەش ئەسعەد (هاوتا ئەسعەد)

کۆرسی تیپ:

کچەکان: (پەروین فەتاح شێخۆ، ئەمەل عەبدولخالق، چنار حاجی تێزەر، پەیمان تەها بەکر، سروە محەمەدئەمین مەولود، جیهان حەمە نعمان، جوان حەمە نعمان، چیمەن عەبدوڵلا عەلی،

بەفرین سید ڕەشید، دڵسۆز جەودەت جەمیل، ئامینە خەلیل، جەمیلە سید جەبار، ژیان سلێمان حوسێن).

کوڕەکان: (موسلیح ئیبڕاهیم عەبدوڵڵا، بێجان سلێمان حوسێن، خالد عەبدوڵڵا حوسێن، ڕەزاق موراد، هۆشیار عەبدوڵڵا، هۆشیار عوسمان حاجی).

**هەندێك لە كار و چالاكییەكانی تیپی پاشای گەورە**

1– بۆ یەكەم جار لە (1977/10/1)دا، بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی خوێندن، لە قوتابخانەی پاشای گەورەدا ئاهەنگیان گێڕاوە و بە چەند سروودێكی نیشتمانی لەوانە (تادەست لەملی هەیوا نەكەم)، كە ئەو كاتە هەموو ئەندامانی تیپەكە قوتابیی پۆلی چوارەم و پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی هەمان قوتابخانە بوون.

2– لە ڕێكەوتی (1979/4/15) بەهاوبەشی لەگەڵ چالاكیی قوتابخانەكانی هەولێر بەشداری لە میهرەجانی مۆسیقا و گۆرانی لە پارێزگای (موسەننا)دا كردووە.

3– لە (30/9–1979/10/2) لە كۆمەڵەی هونەر و وێژەیی كوردی/لقی هەولێر، بەشداری میهرەجانی ساڵانەی منداڵانی كردووە

4– بۆ یەكەم جار لە ڕێكەوتی (1984/11/14)دا، كۆمەڵێك گۆرانی لە ئێستگەی كوردی بەغدا تۆمار كردووە.

| گۆرانیبێژ | ناوی گۆرانی | ئاواز | هۆنراوە | ئامادەكردن | دەرهێنەر | دۆبلاژی تەلەڤزیۆن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وەلی دۆسكی | كۆچەرێ | فۆلكلۆر | كۆن | چەتۆ نەورۆز | یەحیا حەمدی | سەباح ڕەشاد 1985/2/6 |
| وەلی دۆسكی | لێ لێ كنێ | فۆلكلۆر | كۆن | زرار محەمەد | یەحیا حەمدی | سەباح ڕەشاد 1985/2/6 |
| وەلی دۆسكی | لێ گولێ | فۆلكلۆر | كۆن | شێرزاد حەیدەری | یەحیا حەمدی | سەباح ڕەشاد 1985/2/6 |
| ئەحمەد محەمەد | مەندانە | فۆلكلۆر | كۆن | زرار محەمەد | یەحیا حەمدی | سەباح ڕەشاد 1985/2/6 |
| ئەحمەد محەمەد | ساقیە بەهارە | شاروخی | شارۆخی | چەتۆ نەورۆز | یەحیا حەمدی | سەباح ڕەشاد 1985/2/6 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەحمەد محەمەد | هاورۆ | فۆلکلۆر | کۆن | سەید ئەحمەد | یەحیا حەمدی | سەباح ڕەشاد 1985/2/6 |
| خدر بێجانی | لەسەرچی | فۆلکلۆر | کۆن | چەتۆ نەورۆز | یەحیا حەمدی | سەباح ڕەشاد 1985/2/6 |
| خدر بێجانی | دیسان واهات | فۆلکلۆر | کۆن | چەتۆ نەورۆز | یەحیا حەمدی | سەباح ڕەشاد 1985/2/6 |
| کۆرس | لەبانان | فۆلکلۆر | کۆن | سیروان عەبدوڵلا | یەحیا حەمدی | سەباح ڕەشاد 1985/2/6 |
| کۆرس | نەورۆز | چەتۆ | گۆران | چەتۆ نەورۆز | یەحیا حەمدی | سەباح ڕەشاد 1985/2/6 |

لەم بەرهەمانەدا ئەم مۆسیقا ژەن و کۆرسە بەشدارییان تێدا کردووە:

1- چەتۆ ساڵح نەورۆز کەمان
2- سیروان عەبدوڵلا ئیسماعیل کەمان
3- شێرزاد ئەکرەم حەیدەری کەمان
4- فاروق باپیر نیعمەت کەمان
5- ڕێبوار نوری سەعید کەمان
6- ئامانج غازی شاکر عود
7- سەید ئەحمەد سەعید جەبار ئەکۆردیۆن
8- ئەحمەد شێخە حوسێن کلارنێت
9- ئەیوب نوری باویل فلوت
10- عەزیز شاکر سەعید ساز
11- زەینەل خیری زەینەل گیتار- بێز
12- شوان عەبدوڵلا ئەلیاس گیتار- سۆلۆ
13- ئیبراهیم حەسەن خدر فلوت
14- مزەفەر عەبدوڵلا خدر کلارنێت

15- تاریق باپیر نیعمەت تەپڵ

16- کارۆخ زرار کەمان

کۆڕس:

کچەکان: (پەروین فتاح شێخۆ، ئەمەل عەبدولخالق، چنار حاجی، پەیمان تەها، سروە محەمەدەمین، جیهان حەمە نعمان، جوان حەمە نعمان، چیمەن عەبدوڵڵا عەلی، دڵسۆز جودەت جەمیل).

کوڕەکان: (موسلیح ئیبراهیم عەبدوڵڵا، بێجان سلێمان حوسێن، خالد عەبدوڵڵا حوسێن، ڕەزاق موراد، هۆشیار عەبدوڵڵا، هۆشیار عوسمان حاجی).

لە هەشتاکاندا ئەندامانی ئەم تیپە بەشی زۆریان چوونە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی موسڵ و بڕوانامەی پەیمانگەیان وەرگرتووە و بەشی زۆریشیان بە پلەی زۆر باشە. لەوانە:

(چەتۆ ساڵح نەورۆز، سەید ئەحمەد سەید جەبار، سیروان عەبدوڵڵا، فاروق باپیر، شێرزاد ئەکرەم، ئامانج غازی، موزەفەر عەبدوڵڵا).

ئەو بەرهەمانەی کە لە 1985/9/19 لە ئێستگەی بەغدا تۆمارکراون:

| گۆرانیبێژ | گۆرانی | ئاواز | هۆنراوە | ئامادەکردن | دەرهێنەر | دۆبلاژکردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وەلی دۆسکی | دەسماڵێ | فۆلکلۆر | کۆن | زرار محەمەد | سەلاح ڕەئوف | 1986/6/3 |
| وەلی دۆسکی | نەگوتیە بلندی | وەلی حەسەن | خەیری بۆتانی | چەتۆ نەورۆز | | 1985/10/31 |
| سامان و سەلام | وەز هاتم | فۆلکلۆر | کۆن | زرار محەمەد | | 1986/6/30 |
| سامان و سەلام | هۆی نارێ | فۆلکلۆر | کۆن | زرار محەمەد | سەلاح ڕەئوف | 1985/10/31 |
| وەلی دۆسکی | مازن چنێ | فۆلکلۆر | وەلی دۆسکی | چەتۆ نەورۆز | جەمیل قشتە | 1986/6/31 |
| ئەحمەد محەمەد | شایی | ئەحمەد محەمەد | رەنجبەر | چەتۆ نەورۆز | جەمیل قشتە | 1986/6/30 |
| ئەحمەد | کچی | فۆلکلۆر | رەنجبەر | چەتۆ | جەمیل | 1986/6/30 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| محەمەد | کوردستان | | | نەورۆز | قشتە | |
| خدر بێجانی | گۆڤەندێ | فۆلکلۆر | کۆن | چەتۆ نەورۆز | | 1986/6/30 |
| خدر بێجانی | مانگ | فۆلکلۆر | کۆن | چەتۆ نەورۆز | زمناکۆ | 1986/6/30 |

بەرهەمی ساڵی (1986) لە ستۆدیۆی تیپدا تۆمارکراون لە ڕواندز، کە لە (1986/2/10) دروستکراوە.

| گۆرانیبێژ | گۆرانی | ئاواز | هۆنراوە | ئامادەکردن | دەرهێنەر | د.تەلەڤزیۆن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| وەلی دۆسکی | سیقەم | فۆلکلۆر | کۆن | سید ئەحمەد | زرار محەمەد | | ستۆدیۆی تیپ |
| وەلی دۆسکی | کانی بەرکانێ | فۆلکلۆر | کۆن | زرار محەمەد | زرار محەمەد | | |
| وەلی دۆسکی | سرودی زەنگە | چەتۆ نەورۆز | خێری بۆتانی | چەتۆ نەورۆز | فرقد ملکۆ | عادل عەبدوڵلا | 1986/4/12 |
| سلێمان ئەحمەد | گوڵ مایەی حەیاتم | سلێمان ئەحمەد | سلێمان ئەحمەد | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | | |
| سلێمان ئەحمەد | بەهاری کوردستانە | سلێمان ئەحمەد | هێمن | چەتۆ نەورۆز | فرقد ملکۆ | | 1987/5/13 |
| کۆڕس | ئەی نیشتمانم | سلێمان ئەحمەد | سلێمان ئەحمەد | چەتۆ نەورۆز | فرقد ملکۆ | لیبرۆن سیمۆن | 1985/2/6 |
| سامان وسەلام | دونیایە | فارس | | چەتۆ نەورۆز | فرقد ملکۆ | | لە 1987/5/13 لە تەلەڤزیۆنی نینوی تۆمارکراون |
| سەلام موڕادی | قیبلەی ئاوات | چەتۆ نەورۆز | سەلام نەورۆز | چەتۆ نەورۆز | فرقد ملکۆ | | |
| پارچە موسیقا | دولبەر | چەتۆ نەورۆز | سەلام نەورۆز | چەتۆ نەورۆز | فرقد ملکۆ | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەحمەد محەمەد | خۆشەویستی | ئەحمەد محەمەد | خدر بێجانی | چەتۆ نەورۆز | فرقد ملکۆ | | |
| ئەحمەد محەمەد | بیٚ تۆ | | خدر بێجانی | سید ئەحمەد | فرقد ملکۆ | | |

هەروەها هەندێك گۆرانی دووبارە لە ڕێکەوتی (1986/4/12)دا، لە تەلەڤزیۆنی نەینەوا تۆمارکراونەتەوە، لەلایەن دەرهێنەر (فرقد ملکۆ).

لەو بەرهەمانەدا، ئەم مۆسیقاژەنانە بەشدارییان تێدا کردووە:

(چەتۆ سالّح، شێرزاد ئەکرەم، فاروق باپیر، سیروان عەبدوللاّ، سید ئەحمەد جەبار، نەوزاد سەعید، ڕزگاری خەیری، سەفین سالّح، حەیدەر ڕەسول، موزەفەر عەبدوللاّ، ئەحمەد شێخە، عەزیز شاکر، ئیبڕاهیم حەسەن، نیعمەت باپیر، تاریق باپیر، زەینەل خەیری، شەعبان عەبدوللاّ، ئامانج غازی).

یەکێك لە چالاکییە هەرە دیارەکان، هەروەکو مامۆستا زرار ئاماژەی پێکردووە: (سازکردنی ئەو میهرەجانە هونەرییە گەورەیە بوو، کە هەموو بەشەکانی هونەری لە مۆسیقا و گۆرانی و پێشانگەدا گرتەوە. لەم میهرەجانەدا، کە (10) ڕۆژی تەواوی خایاند، تەنیا لەشانۆگەریی (شاری ئەوین)دا، دووهەزار کەس بۆ بینینی هاتن، ئەمەش دیارەدەیەکی گەشی شارستانییە بۆ پێشوازیی هونەر. لەهەمان کاتدا خۆمان ئامادە دەکرد، کە لە وەرزی داهاتوودا چەندان چالاکیی دیکەی جۆراوجۆر بنوێنین، کە زۆربەی بەشەکانی هونەر بگرێتەوە. لەوانەی ئامادەکردنی (8) گۆرانی بۆ تۆمارکردن و پێشکێش کردنی شانۆگەریی (دایکی سەر لیٚ شێواو).

لە (1987/3/15)دا لە هەولێر، کۆڕی (ئامانج غازی) بە ناوی (سەمفۆنیای نۆیەمی بتهۆڤن) بەڕێوەچوو، کە بۆ یەکەم جار پێنچ پارچە مۆسیقای جیهانی پێشکێش کران و بوو بە هۆی گەلاّلەبوونی بیرۆکەی دامەزراندنی ئۆرکێسترای پاشای گەورە.

هەر لە سالّی (1987)دا لەئێوارە ئاهەنگێکدا، لەژێر دروشمی (ئاوازی کوردی و سیمفۆنیای جیهانی لەسەر یەك ژێی داهێناندا)، بەئامادەبوونی بەڕێز ئەمینداری گشتیی پەروەردە و فێرکردن و کۆمەلّەی هونەرە جوانەکانی کورد– لقی هەولێر، بۆ یەکەم جار یادی ڕۆژی مۆسیقای جیهانییان کردەوە.

لەسەرەتای ئاهەنگەکەدا، (ڕەسمی جەلال) سەرۆکی کۆمەڵە وتەیەکی پێشکێش کرد. دواتر هونەرمەندان بەسەرپەرشتیی هونەرمەند ئامانج غازی کۆمەڵێك ئاوازیان لە بەرهەمەکانی مۆزارت و باخ و بتهۆڤن و هاندل و شۆپارت، پێشکێش کرد، کە ئەم دەستە هونەرمەندە تێیدا بەشداربوون: (ئاسۆ ئیسماعیل، ڕێبوار نوری، دلێر عەبدوڵلا، تەڵعەت حەوێز، مەولود عەلی، مستەفا بایز، سداد خدر، سابیر سابیر، ئامانج غازی، لوقمان جەوهەر، بژار نوری، زەینەل خەیری).

دوابەدوای ئەوە ئۆرکێسترای پاشای گەورە–بەشی ڕواندز بە چاودێری هونەرمەند زرار محەمەد مستەفا و سەرپەرشتیی چەتۆ ساڵح نەورۆز، چەند پارچە مۆسیقایەکی جیهانییان پێشکێش کرد. لەوانە: مارشی سوپایی فرانتز شۆپارت، سەمایەکی ڕووسی– فۆلکلۆری ڕووسی، مۆسیقای ئەرمەنی و مۆسیقایەکی فۆلکلۆری ئازربێجانی، لەگەڵ پارچە مۆسیقایەك بە ناوی (سەمایەکی پاکیزەکان). ئەو هونەرمەندانەی لە ئۆرکێسترای پاشای گەورەدا بەشداربوون ئەمانە بوون: (چەتۆ ساڵح نەورۆز، سید ئەحمەد سید جەبار، ئاسۆ ئیسماعیل، فاروق باپیر، ئاسۆ ئیسماعیل، فاروق باپیر، ئیبراهیم خدر، شێرزاد ئەکرەم، ڕێبوار نوری، ڕزگار سەبری، سەفین ساڵح، حیدر ڕسول، ئەحمەد شێخە، لوقمان جەوهەر، مزەفەر عەبدوڵلا، شوان عەبدوڵلا، ئامانج غازی).

هەروەها تیپی مۆسیقای منداڵانی ڕواندز، بەسەرپەرشتی مامۆستا زرار محەمەد، بە پارچە مۆسیقای (کۆنە هەوای سکۆتلەندا) و سروودی (ئێمە ئاشتی پەروەرین) بەشداربوون.

لەتەك ئەمەش چەپکێك گۆرانی تازە لەلایەن هونەرمەندان: (وەلی دۆسکی، ئەحمەد محەمەد شەریف، سلێمان ئەحمەد، هاوتا ئەسعەد) پێشکێش کران.

لە کۆتاییشدا کۆمەڵێك دەقی شیعریی (سەعدوڵلا پەرۆش)، لە ئاواز و دابەشکردنی ئامانج غازی، کۆراڵی (مەرگ و خولیای عەشق) پێشکێش کران.

هەر لە ساڵی (1987)دا، ئەم بەرهەمانە تۆمار و بلاۆکراونەتەوە:

| گۆرانیبێژ | گۆرانی | ئاواز | هۆنراوە | ئامادەکردن | دەرهێنەر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەبوبەکر لەگزی | گڕی دووری | چەتۆ ساڵح | ئەحمەد بازگر | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | 1987/7/8 |
| ئەبوبەکر لەگزی | هۆ شوانە | ئەبوبەکر لەزگی | نەکەڕۆز | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | |
| ئەبوبەکر لەگزی | سوورە گوڵ | ماملێ | ماملێ | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | |
| ئەبوبەکر لەگزی | گوڵی مەبەست | ابو بەکر لەزگی | محەمەد فارق | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | |
| ئەبوبەکر لەگزی | خوزیە | ئەبوبەکر لەزگی | خالد حسام | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | |
| ئەبوبەکر لەگزی | یاری شیرین | ئەبوبەکر لەزگی | ابوبەکر | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | |
| ئەبوبەکر لەگزی | نەورۆزانە | ئەبوبەکر لەزگی | ڕێبوار | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | |
| ئەبوبەکر لەگزی | کوردوگەلۆ | ئەبوبەکر لەزگی | کۆن | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | |
| وەلی دۆسکی | دولبەر | ئارام | ئارام | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | 1987/9/10 |
| وەلی دۆسکی | دلۆ | عەبدولعەزیز سلێمان | عەبدولعەزیز سلێمان | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | |
| وەلی دۆسکی | ڕواندز | عەبدولعەزیز سلێمان | عەبدولعەزیز سلێمان | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | |
| وەلی دۆسکی | دیکەینەك | وەلێ دۆسکی | حیکمەت ئاکرەیی | شێرزاد ئەکرەم | زرار محەمەد | |
| وەلی دۆسکی | خۆزیا دلێ | ئامانج غازی | حیکمەت ئاکرەیی | فاروق باپیر | زرار محەمەد | |
| وەلی دۆسکی | ئەی یارا من | وەلی دۆسکی | نێلی ئەمین | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وەلی دۆسکی | هەی فرداندن | فۆلکلۆر | کۆن | زرار محەمەد | زرار محەمەد | |
| وەلی دۆسکی | هەی دۆتمامێ | فۆلکلۆر | کۆن | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | |
| ابوبەکری لەگزی | مەیلی نیشتمانە | ئەبوبەکر | ئەحمەد بازگر | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | 1987/12/28 |
| ابوبەکری لەگزی | یاری من | ئەبوبەکر | خالد مسلی | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | |
| ابوبەکری لەگزی | بەستەرمن | ئەبوبەکر | جەمال نوری | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | |
| ابوبەکری لەگزی | پاکانە | کۆن | شێرکۆ بێکەس | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | |
| ابوبەکری لەگزی | مەقام | ئەبوبەکر | ابوبەکر | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | |
| ابوبەکری لەگزی | براکەم | ئەبوبەکر | ابوبەکر | چەتۆ نەورۆز | زرار محەمەد | |

لەساڵی (1988)دا، ئەم بەرهەمانە تۆمارکراون:

| گۆرانیبێژ | گۆرانی | ئاواز | هۆنراوە | ئامادەکردن | دەرهێنەر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمان ئەحمەد | ئەو چاوانە | سلێمان ئەحمەد | وەفایی | چەتۆ ساڵح | زرار محەمەد | لە 1988/2/6 ستۆدیۆی تیپدا تۆمارکراون |
| سلێمان ئەحمەد | هۆی نارێ | فۆلکلۆر | کۆن | چەتۆ ساڵح | زرار محەمەد | |
| سلێمان ئەحمەد | ئاگری دەرون | سلێمان ئەحمەد | وەفایی | چەتۆ ساڵح | زرار محەمەد | |
| سەلام عەلی مراد | بۆ نەسوتێم | چەتۆ ساڵح | فەرەیدون جەزا | چەتۆ ساڵح | زرار محەمەد | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەلام عەلی مراد | فرمێسکی دوری | چەتۆ ساڵح | سەلام نەورۆز | چەتۆ ساڵح | زرار محەمەد | |
| سەلام عەلی مراد | ژان | سەلام عەلی | شەریف | چەتۆ ساڵح | زرار محەمەد | |
| هاوتا ئەسعەد | تەنیا من بوم | ئامانج غازی | | ئامانج غازی | زرار محەمەد | لە 1988/5/10 ستۆدیۆی تیپ تۆمارکراون |
| هاوتا ئەسعەد | کۆچ | ئامانج غازی | | سید ئەحمەد | زرار محەمەد | |
| هاوتا ئەسعەد | خونچەی بەهاران | چەتۆ ساڵح | | چەتۆ ساڵح | زرار محەمەد | |
| هاوتا ئەسعەد | ئەی کچ | سید ئەحمەد | جەزا دەرگەڵەیی | سید ئەحمەد | زرار محەمەد | |
| هاوتا ئەسعەد | هەر من ڕەنجەرۆم | چەتۆ ساڵح | | چەتۆ ساڵح | زرار محەمەد | |
| هاوتا ئەسعەد | هەموو شەوێ | ئامانج غازی | | ئامانج غازی | زرار محەمەد | |

هەروەها تۆمارکردنی چەند سروودێکی نیشتمانی بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان/ئێران، لە ستۆدیۆی تیپدا لە ڕێکەوتی (12–1988/8/15)، بۆ هەریەکە لە گۆرانیبێژان: (ڕەحنا، کاڵێ، فاتیمە، ئەبوبەکری لەگزی).

تۆمارکردنی لاوکەکانی هاوتا ئەسعەد، کە ئەم ژەنیارانە بەشدارییان تێداکردووە:

1. چەتۆ ساڵح کەمان
2. ڕەحیم ڕەشید باڵەبان – زوڕنا
3. فاروق باپیر گیتار – بێز

تێبینی:

1- پوختەی گۆرانییە تۆمارکراوەکان (75) گۆرانی بۆ ئێستگە.

2- پوختەی گۆرانییە دۆبلاژکراوەکان (36) گۆرانی و پارچە مۆسیقان.

ناوی هەندێك لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی، کە لەسەر کار و چالاکییەکانی تیپی پاشای گەورەیان نووسیوە:

| ز | ناونیشان | ڕۆژنامە–گۆڤار | ژمارە | مێژوو | ناوی نووسەر |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند زرار محەمەد | هاوکاری | 3709 | 1977/8/3 | نزار خەیلانی |
| 2 | لەشاری ڕواندز | هاوکاری | | 1977/9/17 | نیاز حەسەن |
| 3 | تیپی ڕواندز و چەند گلەییەك | پاشکۆی عێراق | | 1977/9/21 | فەخرەدین تاهیر |
| 4 | فرقة فنية في رِواندز | العراق | 631 | 1978/3/25 | قورس جەودت |
| 5 | من اجل حركة ثقافية في رِواندز | الجديد | 310 | 1978/10/7 | مەغدید حاجی |
| 6 | ڕواندز | العراق | 867 | 1979/1/6 | مكتب العراق |
| 7 | منداڵانی کوردستان گۆرانی دەڵێن | هاوکاری | 496 | 1979/10/15 | مەحمود زامدار |
| 8 | اضواء على وقائع المهرجان الفنى | العراق | 1103 | 1984/10/18 | |
| 9 | هدوء رِواندز | العراق | | 1984/6/2 | عبدال رسول |
| 10 | کۆمەڵێك خونچە گەشانەوە | عیراق | 758 | 1984/10/18 | نازم دڵبەند |
| 11 | هەنگاوێکی فراوان | هاوکاری | 746 | 1984/11/29 | عەبدولوەهاب تاڵەبانی |
| 12 | فرقة على قمة الجبل | العراق | 2580 | 1984/7/28 | مەحمود زامدار |
| 13 | لە ڕواندزی پاشای گەورە | بەیان | 94 | 1979 | مەحمود زامدار |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 14 | فرقة على قمة الجبل | العراق | | 1982 | مەحمود زامدار |
| 15 | صورة وتعليم | كل العرب | 211 | 1986 | |
| 16 | تیپی مۆسیقای پاشای گەورە | هاوکاری | 836 | 1986/4/17 | نازم دڵبەند |
| 17 | ڕواندز بە پانتایەکی بچوك و بە داهێنانێکی گەورە | هاوکاری | 864 | 1986/11/6 | شێرزاد عەبدولڕەحمان |
| 18 | ڤیستڤاڵی هونەری | کاروان | 49 | ت1 / 1986 | |
| 19 | قسەی خۆمان بێت | هاوکاری | 772 | 1985/1/17 | سەعید یەحیا |
| 20 | عرض سمفونيا لفرقة اوركسترا (پاشای گەورە ) | العراق | 3399 | 1987/3/26 | فەیسەڵ عوسمان |
| 21 | بتهوفن ڤ اربيل | العراق | 3441 | 1987/4/9 | عەبدولڕەحمان |
| 22 | تیپی ئۆرکسترای پاشای گەورە | هاوکاری | 888 | 1987/4/23 | لقی هەولێر |
| 23 | ئامانج غازی لی ڕواندزەوە بۆ سەمفۆنیاکانی بتهۆڤن | العراق | 3450 | 1987/5/24 | نازم حەسەن |
| 24 | لقاءات في مهرجان | العراق | 3499 | 1987/7/23 | مەحمود زامدار |
| 25 | | العراق | 3507 | 1987/9/24 | مەحمود زامدار |
| 26 | هەولێر لە ڕۆژی مۆسیقای جیهانیدا | هاوکاری | 910 | 1987/10/1 | |
| 27 | ئاوازو داهێنان لە ئێوارە ئاهەنگێکدا | هاوکاری | 913 | 1987/10/12 | شێرزاد عەبدولڕەحمان |
| 28 | هونەرمەندانی کورد | پاشکۆی عێراق | 5 | 1987/10/15 | مەغدید حاجی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 29 | ئۆرکسترای کوردی | هاوکاری | 920 | 1987/11/2 | لوقمان بەرزنجی |
| 30 | ئاوازی کوردی و سەمفۆنیای جیهانی | هاوکاری | 927 | 1987/11/30 | مەحمود زامدار |
| 31 | چلەی هونەرمەند تایەر تۆفیق | هاوکاری | 929 | 1987/12/7 | شێرزاد عەبدولڕەحمان |
| 32 | میهرجان للموسیقین | العراق | 3709 | 1988/3/31 | مەغدید حاجی |
| 33 | میهرەجانی هونەری لە هەولێر | هاوکاری | 961 | 1988/3/28 | شێرزاد عەبدولڕەحمان |
| 34 | فیستفاڵی مۆسیقا و گۆرانی | پاشکۆی عیراق | 30 | 1988/4/6 | مەغدید حاجی |
| 35 | رأی في مهرجان الاغنیة | العراق | 3711 | 1988/4/3 | سەباح |
| 36 | چرۆیەکی پێگەیشتوو لە ڕواندز | عیراق | 49 | 1988/8/24 | محەمەد ملا ئەسعەد |
| 37 | داهێنەری مۆسیقای کوردی | هاوکاری | 997ٍ | 1988/8/11 | لوقمان بەرزنجی |
| 38 | لێدوانێك لەگەڵ ناسر حەسەن | عیراق | 53 | 1988/9/21 | محەمەد ملا حەسەن |
| 39 | ئامانج ڕواندزی و تیپی پاشای گەورە | عیراق | 55 | 1988/10/5 | محەمەد ملا حەسەن |
| 40 | ئاوازی بەسۆزی چیاکان | بەیان | - | 1988 | شێرزاد عەبدولڕەحمان |
| 41 | کۆڕێك دەربارەی گۆرانی کوردی | هاوکاری | 1042 | 1989/1/16 | شێرزاد عەبدولڕەحمان |
| 42 | لە ڕواندزەوە بەهرەیەکی گەش | هاوکاری | 1054 | 1989/2/27 | پ.هاوکاری |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 43 | دەست لەم دیاردەیە هەڵگرن | هاوکاری | 1062 | 1989/3/27 | شێرزاد عەبدولڕەحمان |
| 44 | توانایەکی گەش لە ڕواندز | هاوکاری | 1063 | 1989/3/30 | شێرزاد عەبدولڕەحمان |
| 45 | دلێ وەلی زۆزانەکا هاوینە | ڕەنگین | 11 | 1989 | دایکا میرخاسێ |
| 46 | کۆمەڵەی (هـ، ج ) لە ڕواندز | هاوکاری | 1147 | 1990/1/25 | پ.هەولێر |
| 47 | چریکەی مۆسیقاو گۆرانی کوردی | عیراق | 127 | 1990/3/7 | |
| 48 | ئامانج غازی لە کۆڕێکی هونەریدا | هاوکاری | 1160 | 1990/3/12 | پ.هەولێر |
| 49 | سلاڤ | بزاڤ | 41 | 1990/5/8 | بابێ ژیان |
| 50 | مهرجان فنی | گەل | 42 | ایلول 1990 | |
| 51 | ئاهەنگەکانی حزب | ڕێگای ئازادی | 70 | 1991 | |
| 52 | فیستڤاڵی هونەری هەولێر | ڕاپەڕین | أ | 1991 | پ.ڕاپەڕین |
| 53 | Foto gurey | میللیەت | | 31 مارت | |
| 54 | هونەرمەند زرار محەمەد | کوردستانی نوێ | 1362 | 1996/6/18 | وریا ئەحمەد |
| 55 | ڕواندز ئاهەنگی مۆسیقا | برایەتی | 2371 | 1997/7/13 | محەمەد حاجی کریم |
| 56 | دەبێ سەرلەنوێ ...... | برایەتی | 3365 | 1997/7/3 | محەمەد حاجی کریم |
| 57 | ئامانج غازی لە تیپی ڕواندز دەدوێت | برایەتی | 2257 | 1997/1/19 | کارزان نانەکەلی |

**هونەرمەند (زرار محەمەد مستەفا)**

زرار محەمەد مستەفا لە ساڵی (1937) لە ڕواندز لەدایکبووە، دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی، لەساڵی شەستەکان دەکەوێتە سەر کەڵکەڵە و خولیای هونەر، بەتایبەتیش هونەرەکانی (خۆشنووسی، شێوەکاری، مۆسیقا)، دەرچووی ئامادەیی مامۆستایانە. لە ساڵی حەفتاکان زۆر گرنگیی بە بواری شانۆ داوە. لە ساڵی (1977) بوو بە سەرۆکی لقی ڕواندزی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی. لە ساڵی (1978)دا، بەردی بناغەی تیپی مۆسیقای پاشای گەورەی داناوە. هەروەها لە ساڵی (1982)دا، بووە بە ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق.

مامۆستا زرار محەمەد مستەفا هونەرمەندێکی دەست ڕەنگینی خودان چەندین بەهرەی هونەرییە، بەشێکی زۆری ژیانی خۆی لە خزمەتکردن بە هونەری ڕەسەنی کوردی بەسەر بردووە. تیپی مۆسیقای پاشای گەورەی ڕواندز، ئەو پیاوە پێی گەیاند و بەرهەمی دەست و هەوڵ و کۆشش و ڕەنجی ئەو کەڵە هونەرمەندەیە. مامۆستا زرار بۆ گشت لایەکی سەلماند، کە دانیشتوانی ڕواندز لە بواری  هونەریشدا هیچیان لە خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان کەمتر نییە.

دوای دامەزراندن و پێگەیاندنی تیپی پاشای گەورەی ڕواندز، بە کردنەوەی خولی فێرکردنی مۆسیقا بۆ منداڵ و مێردمندالانی شارەکە، لە خزمەتی هونەردا بەردەوام بووە.

نۆ خولی فێربوونی مۆسیقای کردۆتەوە، کە لە هەر هەموویاندا چەندین مۆسیقاری پێگەیاندووە لەوانە: (ئامانج غازی، چەتۆ نەورۆز، سەید ئەحمەد، شێرزاد حەیدەری، سیروان سیرینی،...تد).

لە بواری ئاوازیشدا هەرچەندە بەرهەمی زۆری نەبووە، بەڵام چەندین ئامادەکردن و ئاوازی تایبەتیشی داناوە، بەڵام وەك پسپۆری مۆسیقا کاری نەکردووە.

لە (30) شانۆگەریدا وەکو ئەکتەر و دەرهێنەر کاری کردووە. گەلێك بەرهەمی لە تابلۆی وێنەکێشان و خۆشنووسیدا هەیە، بەڵام بەداخەوە هیچیان نەماون، لە زۆربەی پێشانگەکانی قوتابخانەکاندا بەشداری کردووە، بەتایبەتی لەساڵی (1969) تاکو ساڵی (1973)، چەندان شانۆگەریی پێشکێش کردووە، وەکو: (11ی ئازار، شەوی کۆتایی،...تد).

تا ئێستا (30) جار لە بواری هونەر و پەروەردەدا، بڕوانامەی "سوپاس و پێزانین"ی پێبەخشراوە.

**هونەرمەند زرار محەمەد، لەدیدی هونەرمەندانەوە:**

**ئەنوەر قەرەداغی:**

من (مامۆستا زرار) بە چاوێکی ڕوونی دەبینیم لەم ناوچەیەدا، کە چاوی چەندین لاو و گەنجی جوانی کردەوە، تا بتوانن بچنە دونیای هونەر و لە دونیای هونەردا خۆیان سەرقاڵ بکەن، بەمەش تیپی موزیکی پاشای گەورەی جوانی لێوەشایەوە، کە چەندین هونەرمەندی لێوە لەدایکبوو، (مامۆستا زرار) ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕوونکردنەوەی ئەو ڕێگەیەدا هەبوو، کارێکی وای کرد، ئەمڕۆ هونەرمەندان جێپەنجەیان دیاربێت و جێگەی خۆیان لە پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی هونەری کوردیدا دیاربێت.

**ئامانج غازی:**

دەکرێ ئەم دەڤەرە وابەستە بکرێت، لەڕووی جوانی و ئیستاتیکای هونەرەوە! لەوەوە جوانە، کە هونەرمەندان یاخود ئەو مرۆڤانەی، کە لەم دەڤەرەدا کاریان کردووە بە لەخۆبوردەییەوە کاریان کردووە و ئەم خاکەیان جێنەهێشتووە، وا هۆگری ئەم دەشت و دۆڵ و شاخ و کێوە بوون تا لەگەڵ گیان و خوێنیان تێکەڵاو بێت.

یەکێك لەو هونەرمەندانەی، کە بە گیانێکی پڕ لەلێبوردەیی و دڵسۆزی کاریان کردووە، هونەرمەندی گەورە مامۆستا زرار بووە، کە خۆی خۆی پێگەیاندووە، بۆ ئەو مرۆڤە هێندە بەسە، کە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر هونەر بەگشتی و بەتایبەتیش میوزیك بگەڕێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لێرە نەوەیەك پەروەردە بکات! کارێکی جوانبینی کرد، کە توانی لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە دەست پێ بکات و کۆمەڵێك بەهرەمەند کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو پەیامەی، کە وەریگرتووە وەك خۆی بیگەیەنێتە لاوان. بەڕاستی خۆنەویست بووە، چونکە هەرچی زانیویەتی وەك خۆی گەیاندوویەتیە لاوان و قوتابییەکانی، تا بتوانن ئەوانیش لە ئاستی پێویست بە ئەرکەکانی خۆیان ڕابگەن.

مرۆڤێك، کە هەموو ژیانی تەرخان کردووە بۆ هونەر. ئیتر مۆمێکە بۆ ڕۆڵی خۆی دەسووتێت! دەتوانم بڵێم مامۆستا زرار وەکو ڕابەرێکی هونەری لەم شارەدا کاری کردووە.

**ئەحمەد سالار:**

مامۆستا زرار گەورەترین رۆڵی لە بزاڤی هونەرییدا هەبووە، نەك بە تەنیا لەم دەڤەرەدا، کە ئەگەر مەبەستمان ئەم ناوچەی ڕواندز (سۆران) بێت، بەڵکو لە شاری هەولێریشدا ئەو گوڵە گەشاوانەی، کە لە گوڵدانی هونەری ئەو شارەدا هەن، زۆربەیان پەروەردەی دەستی ئەم باخەوانە گەورە دەستڕەنگینەن، لەبەر ئەوە رۆڵێکی هەرە دیاری هەیە و شانازی پێوە دەکرێت، خاوەنی قوتابخانەیەکی فێرکردنە، ئەمە ئەرکی تێدا کۆبووەتەوە.

**ناسری ڕەزازی:**

مامۆستا زرار زەحمەت و تێکۆشانی دیوە و ئەرکێکی گرانی خستۆتە ئەستۆی خۆی، کە تێیدا سەرکەوتووە. پیاوێکی بە هەڵوێستەو خزمەتێکی زۆری کردووە، لەم نێوەندەشدا گەنجی زۆری پێگەیاندووە، کە جیَ دەستیان لە ئاستێکی بەرزدا دیارە.

**فەرەیدون دارتاش:**

ئەگەر سەیری کارە هونەرییەکان لە ڕواندز و ناوچەکانی دەوروپشتی بکەین، دەبینین رۆڵی مامۆستا زرار و ماندووبوونی بەشێوەیەکە، هەقوایە جەماوەری ناوچەکە بەتایبەتی هونەرمەندانی ڕواندز و سۆران ڕێز و وەفایان بۆ مامۆستا زرار هەبێت، چونکە هەموو تەمەنی لەپێناوی هونەری کوردی و خزمەتکردنی هونەرمەندانا سەرفکردووە و چەندین نەوەی پێگەیاندووە.
ئێمە وەکو یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان شانازی دەکەین، کە ئەندامێکی کارا و بەوەفای ڕێکخراوەکەمان، کە لە ساڵی (1983)یەوە تا ئێستا، خۆڕاگرانە رۆڵی لە ناوچەی ڕواندزدا هەبووە و بە دەیان هونەرمەندی ناوچەی ڕواندز هێناوەتە ڕێزی (ی.ھ.ك).

**سەید ئەحمەد ڕواندزی:**

مامۆستا زرار بەشێکی زۆری تەمەنی خۆی، بۆ خزمەتکردنی هونەر لە هەموو بوارێکدا تەرخانکردووە، کە ئەمەش خزمەتێکی گەورەیە. دەتوانم بڵێم شۆڕشێکی هونەری لە ڕواندزدا هەڵگیرساند، کە دواجار لە ئاستی کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە. من خۆم یەکێکم لەو قوتابیانەی، کە لەژێردەستی ئەودا پەروەردە بووم، بۆیە خۆم بە قەرزداری دەزانم.